رووداو
RÛDAW
ژمارە (593) دووشەممە 2020/2/24 - 5ی رەشەمێ 2719 (750) دینار





# دوو ئەنجوومەنەکەی یەکێتی وەرەقە دەگۆڕنەوە

**رووداو – سلێمانی**

دوای دەنگدان لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ و هەڵبژاردنی هاوسەرۆکەکان، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی بەنیازە ئەم هەفتەیە قسە لەسەر دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندیی یەکێتی بکات.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند لێژنەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندیی یەکێتی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی پێکهێنراوە، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنە سیاسییەکە.

لێژنەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پێکهاتوون لە شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، سەردار هەرکی و لاهوور شێخ جەنگی، لێژنەکەی ئەنجوومەنە سیاسییەکەش پێکدێن لە مەلا بەختیار، دلێری سەید مەجید، حاکم قادر.

ئەسەسەرد دەڵێت: "هەردوو لێژنەکە لەم هەفتەیە دادەنیشن، پێشتریش زیاد لە دانیشتنێک کراوە رەنگە لەم دانیشتنەدا گفتوگۆی تێبکەوێت، تێڕوانینی هەردوولا بە وەرەقە ئامادەکراوە و هەردوولا وەرەقەکانیان داوەتە یەکتر، ئەمجارە بەرچاو روونترن بەرامبەر بە دۆخەکە، پێموایە دەرفەت هەیە بگەینە سازان و لێکتێگەیشتن لەوبارەیەوە".

پێشتر ئەنجوومەنی باڵای سیاسی لە کۆبوونەوەیەکدا لە رۆژی 2020/1/16 لێژنەیەکی لە هەریەک لە (مەلا بەختیار، حاکم قادر، دلێری سەید مەجید) پێکهێنا بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەک سەبارەت بە دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنەکە لە پەیڕەوی ناوخۆدا.

4»



## گۆران محەممەد بۆ دوا ژمارە دەنووسێت

2

## بارزانی رازیبوو ببێتە هاوپەیمانی سۆڤیەت بە مەرجی پشتیوانیکردنی لە دامەزراندنی دەوڵەت

14

سەلام سەعدی:

## ماڵاوایی

18



هەڤپەیڤین 3



وەزیری ناوخۆ:

### هەندێک بەڕێوەبەری ناحیە و قایمقامەکانی هەولێر دەگۆڕین

ڕاپۆرت 4

مستەفا چاوڕەش:

### شێخ جەعفەر سەرپەرشتیارە و مەحموود سەنگاوی جێگرە

ژنان 12

### ساڵی رابردوو دەستدرێژی کراوەتە سەر 204 ئافرەت



تەندروستی 15

### چۆن خۆمان لە کۆرۆنا بپارێزین؟



## دارای حاجی برایمی چەرمەگا بۆ (رووداو):

# مولازم موحسین نەکوژراوە و ئێستاش تەلەفۆنم بۆ دەکات



مولازم موحسین



(فۆتۆ: رووداو)

دارای حاجی برایمی چەرمەگا لەکاتی قسەکردنیدا بۆ کاوە ئەمین لەبەرنامەی (پەنجەمۆر)دا

**رووداو – سلێمانی**

سەرۆک عەشیرەتێکی کورد رەتیدەکاتەوە کە مولازم موحسین کۆنە ئەفسەری ئەمنی بەعس لە سلێمانی کوژرابێ و دەڵێت بەردەوام تەلەفۆنی بۆ دەکات و لە هەواڵی خەڵکی سلێمانی دەپرسێ.

لە کۆتاییەکانی ئۆکتۆبەری 2016 هەواڵێک میدیای کوردیی تەنی، گوایە مولازم موحسین، لەلایەن هێزێکی تایبەتی کۆسرەت رەسوڵەوە لە یەمەن کوژراوە. هەواڵەکە بەتایبەتی بۆ خەڵکی سلێمانی جێگەی بایەخ بوو، چونکە پێش راپەڕین زۆر کەسی لە سلێمانی گرتووەو ئەشکەنجەداوە. بەڵام دارای حاجی برایمی چەرمەگا، سەرۆک عەشیرەتی عوزێری کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ مولازم موحسین هەیە، ئەو هەواڵە بەدرۆ دەخاتەوە و دەڵێت "مەگەر لە خەویاندا کوشتبێتیان".

دارای حاجی برایمی چەرمەگا لە بەرنامەی پەنجەمۆری رووداودا کە شەوی شەممەی داهاتوو پەخشدەکرێ، دەڵێت مولازم موحسین لە رێگەی چەند کەسێکەوە ژمارە تەلەفۆنەکەی ئەوی دەستکەوتووە و تەلەفۆنی بۆ کردووە.

دارا دەڵێت ئەو کاتانەی کە مولازم موحسین تەلەفۆنی بۆ دەکات باسی سلێمانی دەکات و دەڵێت "خەڵکەکەی چۆنن؟ من خۆم بە خەڵکی سلێمانی دەزانم".

ئەو سەرۆک عەشیرەتە کوردە، مولازم موحسین بە کەسێکی بە وەفا وەسفدەکات و دەڵێت " موحسین بە دەیان کەسی بۆ ئازاد کردووم." ئەگەرچی دەگوترا مولازم موحسین بە رەچەڵەک فەڵەستینییە، بەڵام دارای حاجی برایمی چەرمەگا دەڵێت دایکی کوردە و خەڵکی خانەقینە.

دارای حاجی برایمی چەرمەگا کە لە سەردەمی بەعسدا بۆ ماوەی شەش مانگ فەوجی هەبووە، ئاشکرای دەکات جگە لە مولازم موحسین، پەیوەندی لەگەڵ شێخ جەعفەر، پارێزگاری پێشووی سلێمانیشدا هەیە، پەیوەندییەکەیان تائێستاش بەردەوامە.

7»

# ئەو ناوەی لێرەوە گەورە بوو




**ئاکۆ محەممەد**

رۆژی دووشەممە حەوتی نیسانی 2008 کە ژمارە (یەک)ی هەفتەنامەی (رووداو) بڵاوبووەوە، لەوکاتەوە دووشەممە بووە رۆژی هەبوونی هەواڵی نوێ و راپۆرتی بنکۆڵکاریی گرنگ، کە رۆژانی دووشەممەی کردبووە رۆژە پڕ لە گفتوگۆکانی نێوان خوێنەران و شەوانی تەلەڤزیۆنەکانی ئەوکات. دووشەممان هەواڵ و مژار مشەبوون بۆ تەلەڤزیۆنەکان بۆ بەدواداچوون. دووشەممە بە هەوڵی بێوچانی ژمارەیەک گەنج گەرم بوو لە باشووری کوردستاندا، کە ناوەکانیان ژمارەکانی رۆژنامەی رووداویان رەنگین و زەنگین کردووە. بەڵام لێرەدا دەبێ ناوی ئەو پیرەمێردەمان لەبیرنەکەین کە رۆژگاری سەخت سیمای پیرکردبوو، بەڵام لە کاردا زۆر چالاک بوو بەهۆی دڵسۆزییەکەی بۆ (رووداو)، مێشکی گەنجینەیەک بوو بۆ زانیاری و هەموومان بۆ لێوەرگرتن پەنامان بۆ دەبرد، ئەو مامۆستا عەبدوڵڵا قرگەیی بوو، کە کاک عەلی حەمەساڵحی ئەوکات هاوکارمان ناوی لێنابوو "مام گووگڵ".

دەرچوونی رووداو، گۆڕینی شێوازی رۆژنامەی کاخەزی و ئۆنلاینی کوردی بوو. رووداو بە بەدواداچوونی مەیدانی و بە هەبوونی سەرچاوەی ئاشکراگۆ هەواڵ و زانیاری بڵاودەکردەوە، کە ئەوکات "سەرچاوەیەک نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت" گومانی لەسەر هەموو کاری رۆژنامەڤانی دروستکردبوو. هەروەها (رووداو) شرۆڤەی رووداوە ناوخۆییەکانی کوردستانی خستە شوێنی ئەو وتارانەی سەبارەت بە سوودان و سۆماڵ خوێنەرانیان لەلاپەڕەی بیروڕای زۆر لە رۆژنامەکانی کوردستان تۆراندبوو. لەهەمانکاتدا کەسانی پسپۆڕی بیانی لەسەر کێشەی وڵاتان دەیاننووسی و بەپێی سەردان و ناسینیشیان بۆ کۆمەڵگەی کوردی هەندێجار لە گۆشەنیگایەکی ناکوردییەوە سەبارەت بە کێشەکانی کوردستانیان دەنووسی. لەهەمانکاتدا وتاری نووسەرانی پارچەکانی کوردستان بە هەردوو شێوەزاری کرمانجیی سەروو و خواروو بڵاودەکرانەوە، بەمەبەستی ئاشنایی و دروستکردنی یەک رۆژەڤی لەنێو کورددا. بەوشێوەیە بە دروشمی (یەک نەتەوە لەسەر کاخەز دروستدەکەین) لە رۆژی 6ی تەمموزی 2009 یەکەمین ژمارەی چاپی ئەورووپای رۆژنامەی رووداو بەهەردوو شێوەزار و تیپی ئارامی (عەرەبی) و لاتینی لە شاری کوێلن لە ئەڵمانیا دەرکرا و تاوەکو کۆتایی 2013 بەردەوامبوو.

لەسەر لاپەڕەکانی (رووداو) هەڤپەیڤینی تایبەت لەگەڵ سەرکردەو بەرپرسانی گەورەی جیهان و ناوچەکە و کوردستان بڵاوکرانەوە، گواستنەوەی تێڕوانینی ئەوان لەسەر کورد و دۆزەکەی بەشێکی پڕشنگداری کاری (رووداو) بوو. ئەوەش کارێکی نەکردەنی بوو تاوەکو ئەوکات. لێکۆڵینەوە لەسەر کێشە و پرسەکانی جیهان و شرۆڤەکردنی لێکەوتەکانی لەسەر ناوچەکەمان و کوردستان بەشێکی دیکەبوو لە کاری (رووداو).

ئەوکاتەی ناوی (رووداو)مان هەڵبژارد، ئەو ناوە وەک ئاراستە و ناو لەنێو میدیای نەتەوەکانی دەوروبەری ئێمەدا پەیدا نەبوبوو، ئێمە ویستمان لەوناوەوە دەستپێبکەین بۆ گواستنەوەی رووداوەکان وەک خۆی. ئەو ئاراستەیە سەرکەوت و گۆڕانێکی ریشەیی لە میدیای کوردستاندا دروستکرد، ئێستا میدیای کوردی بە بەراورد لەگەڵ دەوروبەری لە دۆخێکی باشتردایە.

لەکاتی دەرچوونی یەکەم ژمارەی (رووداو) ەوە تائێستا، زەوق و سەلیقەی خوێنەرەکانیشی گۆڕاوە. ئێمە ئاگاداری ئەو گۆڕانەین و دەبینین کە ئەوان حەزی دەمودەستی بڵاوکردنەوەی بێ چاوەڕێکردن بۆ دەرچوونی بڵاوکراوەیەکی هەفتانەیان هەیە. ئەمەش لە تەلەڤزیۆن و دیجیتاڵمیدیا و رادیۆی رووداو دەستدەکەوێت. بۆیە فرۆشی رۆژنامەی چاپکراو دابەزیوە و لە بنەڕەتیشدا لە باشووری کوردستان سیستمێکی خراپی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی رۆژنامە هەیە، بۆیە سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە هەموو ئەوانەی شەونخونیمان لەگەڵ رۆژنامەی (رووداو)دا کردووە، بەهۆی یادگاریی زۆرمان لەگەڵ ئەو رۆژنامەیەدا، لەبەردەم دووڕیانێکدا بووین: یەکەمیان ئەوەبوو کە نەمانەدویست ئۆباڵی داخستنی بکەوێتە سەرشانمان، دووەمیش لە رووداو ئەوە کولتوورە کە نابێ خەرجی و کات بۆ بەرهەمێک تەرخان بکەین لە سەرکەوتنی دڵنیا نەبین. زۆر لەسەر ئەمە گفتوگۆمان کردووە و ئەنجامەکەی ئەوەبوو کە بەڕێوەبەرانی ئێستای رۆژنامەی (رووداو) گەیشتنە ئەو بڕیارەی کۆتایی بە دەرکردنی بێنن. بۆیە لێرەدا پێویستە بە سەرنووسەر و جێگری سەرنووسەری (رووداو) بڵێم ئێوە بەشێکن لە دامەزرێنەرانی رووداو و هاوبەشی چیرۆکی سەرکەوتنی رووداون. هەروەها بە یەک بە یەکی ئەو هاوکارانەش دەڵێم کە ئێستا و رۆژانێک لەو رۆژنامەیەدا کاریان کردووە: ئێوە هاوبەشمان بوون لە کارێکی گەورەدا.

(رووداو) ئەمڕۆ براندێکی گەورەی و ناسراوی میدیاییە لەسەر ئاستی کوردستان و ناوچەکە و جیهان، ئەو گەورەییە لەسەر لاپەڕەکانی ئەو رۆژنامەیەوە دەستیپێکرد. سوپاس بۆ پشتیوانی ئەوانەی لەسەرەتاوە بەخوێندنەوەی ئەو رۆژنامەیە و، ئێستاش بە خوێندنەوە و تەماشاکردن و گوێگرتن لە رووداو لەگەڵمانن. لەگەڵ ئێوە بەردەوامین و باشتر دەبین.

راپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (593) - دووشەممە 2020/2/24

## قایمقامی هەولێر: 34 خاوەن مۆلیدە دراونەتە دادگا

**ڕووداو- هەولێر**

قایمقامی قەزای ناوەندی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند، بەهۆی سەرپێچییەوە 99 خاوەن مۆلیدە لە ناوەندی هەولێر سزای ماددی دراون و 34 خاوەن مۆلیدەش دراونەتە دادگا. نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی قەزای ناوەندی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەهۆی سەرپێچی و پابەندنەبوونیانەوە بە ڕێنماییەکان، لە سنووری سەنتەری پارێزگای هەولێر 65 خاوەن مۆلیدەی ئەهلی بە 1-3 ملیۆن دینار سزادراون و 34 خاوەن مۆلیدەی دیکەش دراونەتە دادگا". قایمقامی قەزای ناوەندی پارێزگای هەولێر گوتیشی "65 کەس لە خاوەنی مۆلیدە ئەهلییەکان بەهۆی سەرپێچی و پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان و بوونی کەموکوڕی لە ماوەی ڕابردوودا سزای ماددی دراون".





**گۆران محەممەد**

### (ئا) (کۆ)

لە یەکەمین ژمارەی ڕووداودا بەم دێڕەی سالم نووسیبووم:

**بە حەیا بێرە حزوور و**
**بە ئەدەب سوجدە بەرە**

**خەڵوەتی دولبەرە سالم**
**ئێرە مەیخانە نییە**

ئاخر ئەو کاتە، تازەکی هەفتەنامەی میدیامان بەجێهێشتبوو، تازەکی ڕووداومان دەستپێکردبوو. ئەمڕۆ بە یادی یەکەم وتار، دوا وتار دەنووسم. تۆزقاڵێک قورسە بە سێسەت وشە تەمەنێک باس بکەیت، خۆ ئێستا ناتوانم بزانم سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین چۆن دواژمارە بۆ چاپ دەنێرن. ئاخر سەرنووسەر سەلامێکە خۆش زەلام، کێ خوا دەیداتێ بەڕێوەبەری نووسینی ساڵحی هەبێ؟

ئێوە گەلێکی زێدە بەڕێزن فەقە نەخوێندەوار. ئێوە، وەک هەموو خەڵکی دیکە شایەنی هەموو خزمەتگوزارییەکن، خوا شایەتە ئێوە شایەنی دەوڵەتیشن وەک میللەتی دیکە، فەقە چی بکەم؟ دەستی شکاوم، درۆم پێناکرێ، لەناو ئێمەوماناندا، ئەها هەندێ کەس لەم فەیسومەیسبووکە دەنووسن پۆستی کاتی، لەوە دەچێ ئێمەش میللەتێک بین کاتی، ئاخر کە خەباتمان کاتیی بێ، کە زمان و ڕێنووسمان کاتیی بێ، کە سەرۆک و سەرکردە و خوا و پێغەمبەرمان کاتیی بێ، کە فشەیەکڕیزی و فشەکوردپەروەری و فشەخۆشباوەڕییمان کاتیی بێ، کەواتە چی دەبێ؟ چ دەقەومێ ئەگەر هەفتەنامەی ڕووداویش کاتیی بێ؟

تەماشا بکەن، چانسی ڕۆژنامەیەکی باش، لە سەرجەم وەزارەتەکانی پلاندانان باشتر نابێ. ئاخر تووشەرەفتان کامتان لە نەوەتوو یەکەوە ناوی یەک وەزیری پلاندانان دەزانن؟ لێرە چونکە کەس بە کەس نییە بۆیە خۆشە. تۆ تەماشا، کەس لە پارتی گۆڕانخوازتر نییە، کەسیش لە گۆڕان کۆنەخوازتر نییە، ئەها کەس لە یەکێتی بنەماڵەتر نییە؟ خاڵە ئاکۆ گیان، ئێمەی بە ڕووداوژیاو، گلەیی ناکەین کە دەڵێی (ئا) (کۆ)یکەنەوە. ئەوە دامانخست.

## دوو ئافرەت و دوو پیاون

# چوار بەرپرسی تەندروستیی سلێمانی دەدرێنە دادگا

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی مۆڵەتدان بە هاوردنی خواردنی نەشیاو، چوار بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستیی سلێمانی دەدرێنە دادگا. دەستەی دەستپاکی، دیوانی چاودێریی دارایی، داواکاری گشتی و وەزارەتی تەندروستی هەریەکەیان بەجیا لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکەدا دەکەن.

ڕۆژی 2020/2/16 دەستەی دەستپاکی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، لە بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستیی سلێمانی ئەنجامی ناڕاستی پشکنینی خۆراکیان داوە کە بەپێی زانیارییەکانی دەستەکە کاریگەریی گەورەی لەسەر تەندروستیی هاووڵاتیان هەیە، بۆیە فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی سلێمانیی دەستەی دەستپاکی، لێکۆڵینەوە لەگەڵ فەرمانبەرەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە دەکات.

بەپێی زانیارییەکان بێجگە لە دەستەی دەستپاکی، هەریەک لە دیوانی چاودێریی دارایی، داواکاری گشتی و وەزارەتی تەندروستیش بە جیا لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکەدا دەکەن.

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە 2018/11/1 دوو کۆنتێنەر شەکری کلۆ کە کۆنتێنەرێکیان 15 تۆن و 305 کیلۆ بووە، لە دەروازەی سنووریی (کێلێ)ی سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕینەوە هاوردەکراوە، بەهۆی ئەوەی لەو دەروازە سنوورییە تاقیگەی تەندروستی نییە، بەڕێوەبەری گومرگی ڕاپەڕین نووسراوێکی بۆ پشکنین ناردووە بۆ بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستیی سلێمانی، لە تاقیگەی خۆراک پشکنینی بۆ کراوە و دەرنەچووە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستیی سلێمانی لە 2018/11/4 نووسراویان بۆ دەروازە سنوورییەکە کردووە و گوتوویانە لە پشکنین دەرچووە، شەکرەکەش هێنراوەتە سلێمانی".

ئەو بەرپرسە گوتیشی: "ئاسایش و لیژنەکانی قایمقامیەتی سلێمانی توانیویانە ئاشکرای بکەن کە شەکرەکە کێشەی پلەی ترشێتی هەبووە. دەبێت 6 بۆ 7 پلە بێت، بەڵام ئەو شەکرە پلەکەی 3 بووە، بۆیە بەهیچ شێوەیەک بەکەڵکی بەکارهێنان نەهاتووە، هەر کەسێک بیخوات بەرگریی نامێنێ و گەدەی تێکدەچێت، بەڵام دوای ئەوەی ڕێگەیان پێداوە، خاوەنەکەی هەمووی لە بازاڕدا ساغ کردووەتەوە".

بەگوتەی ئەو بەرپرسە، ئەوەی کراوە هەڵە نەبووە و بە ئەنقەست کراوە، بۆیە "یەکەمجار داواکاری گشتی بەدواداچوونی کرد و نووسراویشی کردووە بۆ دیوانی چاودێریی دارایی و دەستەی دەستپاکی تا لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە بکەن، ئەوانیش لیژنەیان لەسەر پێکهێناوە، هەریەک لە بەڕێوەبەری دەوامی ئێوارانی بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی و لێپرسراوی تاقیگەی ئاو و خۆراک و لێپرسراوی هۆبەی سامپڵینگ کە هەردووکیان ئافرەتن، فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە، دواتر بە کەفالەت ئازادکراون تا ڕۆژی دادگایی".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، دادوەر چەند فەرمانبەرێکی لە بەڕێوەبەرایەتییەکە بانگ کردووە، یەکێک لەو فەرمانبەرانە گوتوویەتی من بینیومە کەسێکی نێو بەڕێوەبەرایەتییەکە ئەنجامی پشکنینەکانی دڕاندووە و نووسراوی دەرچوونی بۆ کردووە".

بێجگە لەو سێ لایەنە، وەزارەتی تەندروستیش بەدواداچوون بۆ دۆسیەکە دەکات. د.ئازاد هادی، بەڕێوەبەری پشکنین و بەدواداچوون لە وەزارەتی تەندروستی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو شەکرەی هاوردە کراوە لە کۆگای بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستیی سلێمانی پشکنینی بەکتریۆلۆجی بۆ کراوە و دەرچووە، دواتر لیژنەیەکی قائیمقامیەت سامپڵی وەرگرتووە و دەڵێن لەڕووی فیزیایی دەرنەچووە، بۆیە وەزارەتی تەندروستی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی لەسەر دۆسیەکە پێکهێناوە، ئەگەر کەمتەرخەمی یان چاوپۆشییەک لە دۆسیەکە هەبێت ڕێکاری یاسایی و ئیداری بەرامبەر ئەو کەسانە دەگیرێتەبەر".

لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەری خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی لەسەر دۆسیەیەکی دیکە دراوەتە دادگا. ئەو بەرپرسە دەڵێ: "بارێکی مرەبا و هەنگوین لە دەروازەی سنووریی حاجی ئۆمەرانەوە هاوردە کرابوو، ئەوەلیاتی تەواو بووە، بۆیە ڕێگەی پێدراوە، بەڵام قائیمقامیەتی سلێمانی ناردوویەتی بۆ پشکنین و لە پشکنینی فیزیایی دەرنەچووە، لەبەرئەوەی بەروارەکەی بەشێوازی کاتژمێر بووە کە بەپێی مواسەفاتی عێراقی ڕێگەپێدراو نییە، بەڕێوەبەری خۆپاراستنی تەندروستیی سلێمانیش نووسراوی کرد بۆ وەزارەت، وەزارەت وەڵامی نووسراوەکەی نەداوەتەوە، بەڵام بەڕێوەبەرەکە نووسراوی بۆ قایمقامیەت کردووە و گوتوویەتی دەرچووە".

بەرپرسەکە گوتیشی: "لەسەر ئەو نووسراوەی بەڕێوەبەری خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی، قائیمقامیەت مۆڵەتی بە خاوەنەکەی دا بیفرۆشێت، بەڵام ئەو ترساوە و داوای لە لیژنەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی کردووە هەنگوین و مرەبایەکە تەلەف بکەن، ئەمەش بووە جێی گومان کە ئەگەر خراپ نەبێت بۆچی خاوەنەکەی داوای تەلەفکردنی دەکات، دوای لێکۆڵینەوە ئاشکرا بوو کە بەبێ ڕەزامەندیی وەزارەت مۆڵەتی پێدراوە، بەڕێوەبەری تاقیگەش دەڵێت لە پشکنین دەرنەچووە".

لەسەر ئەم دۆسیەش بەڕێوەبەری خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی دراوە بە دادگا. سەرچاوەکەی (ڕووداو) گوتی: "بۆ ئەم دۆسیە هەریەک لە داواکاری گشتی، دەستەی دەستپاکی و دیوانی چاودێریی دارایی بەدواداچوونیان کردووە، بەم دواییە لەگەڵ دۆسیەکەی دیکە گەیشتوونەتە ئەنجام، هەردوو دۆسیەکەش لە دادگان".

# دادگای کارگێڕیی هەولێر بڕیارێکی وەزیری داد هەڵدەوەشێنێتەوە



**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

دادگای کارگێڕیی هەولێر بڕیارێکی وەزیری داد سەبارەت بە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت بۆ بەئەلیکترۆنیکردنی کاری فەرمانگەکانی دادنووسی هەڵدەوەشێنێتەوە. وەزارەتی دادیش بڕیارەکەی تەمیز کردووەتەوە و چاوەڕوانی بڕیاری دەستەی گشتیی ئەنجوومەنی شووڕای هەرێمی کوردستانن کە بڕیار لەسەر هەڵوەشاندنەوە یان مانەوەی گرێبەستەکەی حکومەت لەگەڵ کۆمپانیاکە بدات.

دوای ئەوەی پارێزەرێک بەناوی دلۆڤان کەمال سکاڵایەکی لەدژی وەزیری داد و دوو فەرمانبەری یاسایی وەزارەتەکە تۆمار کرد سەبارەت بە گرێبەستێک کە لەگەڵ کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت بەناوی کۆمپانیای (ئینفۆ ئاڕ ئاڕ) واژۆیان کردووە بۆ بە ئەلیکترۆنیکردنی کاری فەرمانگەکانی دادنووسی لە هەرێمی کوردستان، دادگای کارگێڕیی هەولێر لە ڕۆژی 2019/12/23 بڕیارەکەی وەزارەتی دادی هەڵوەشاندەوە.

لە بڕیارەکەی دادگای کارگێڕیی هەولێردا کە کۆپییەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، هاتووە: "لە ڕۆژی 2019/6/18 وەزارەتی داد بە نووسراوی ژمارە (1242) بڕیاری گرێبەستەکەی داوە، لە 2019/8/29 ئاگادارمان کردنەوە کە دەبێت بڕیارەکە هەڵبوەشێننەوە، چونکە بڕیارێکی نایاساییە و لە یاسای وەزارەتی داد-دا هیچ بڕگە و ماددەیەک نییە ئەو دەسەڵاتە بە وەزیر یان وەزارەتی داد بدات گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی یان هەر کۆمپانیایەکی دیکە بکات".

لە بڕیارەکەی دادگای کارگێڕیی هەولێردا ئاماژە بەوەش کراوە کە وەزیر و وەزارەت بڕیارەکەیان هەڵنەوەشاندەوە، بۆیە بە پشتبەستن بە بەڵگەکان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی وەزارەتی دادیان دەرکرد، چونکە پێچەوانەی یاسا و شکاندنی یاساشە، لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەش، دەبێت وەزیر خۆی هەموو قەرەبووەکانی کۆمپانیاکە لەئەستۆ بگرێت".

ڕۆژی 2019/6/20 بۆ یەکەمجار سیستەمەکە لە فەرمانگەی دادنووسی عەنکاوە جێبەجێکرا و دواتریش لە فەرمانگەکانی دادنووسی هەولێر و شارەکانی دیکە جێبەجێ کرا، ئێستاش فەرمانگەکانی دادنووس بەم سیستەمە کاردەکەن.

ڕەسوڵ عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ساڵی 2019 ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی ژمارە 54ی خۆیدا بڕیاری بەئەلیکترۆنیکردنی کاری دادنووسەکانی لەڕێگەی کۆمپانیای کەرتی تایبەتەوە ڕەتکردەوە و داواشمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد ئەو گرێبەستەی لەگەڵ کۆمپانیای (ئینفۆ ئاڕ ئاڕ) کراوە هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە نایاساییە".

ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی پارێزگا گوتیشی: "ئەگەر بڕیارەکەی دادگای کارگێڕیی هەولێر جێبەجێ بکرێت دەبێت گرێبەستەکە هەڵبوەشێتەوە و سیستەمەکە وەکو پێشووتری لێبێتەوە".

وەزارەتی داد تانەی لە بڕیارەکەی دادگای کارگێڕیی هەولێر داوە و تەمیزی کردووەتەوە. نەریمان تاڵب، گوتەبێژی وەزارەتی داد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "وەزارەتی داد لە ڕۆژی 2020/1/5 بڕیارەکەی دادگای کارگێڕیی هەولێری تەمیز کردووەتەوە، بڕیارەکە دەچێتە ئەنجوومەنی شووڕا و دەستەی گشتی ئەنجوومەنی شووڕا دوا بڕیار دەدات کە بڕیارەکەی دادگای کارگێڕیی هەولێر پەسەند دەکات و گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە یان ڕەتیدەکاتەوە".

گوتەبێژی وەزارەتی داد گوتیشی: "پێشتریش داواکرابوو کە سیستەمەکە ڕابگیرێت، بەڵام ڕەتکرایەوە، چونکە سیستەمەکە لایەنی ئیجابی زۆرە و هاووڵاتیان لێی ڕازین، چونکە ئەو بڕە پارەیەی کە ئێستا لە خاوەن مامەڵەکە وەردەگیرێ هەر ئەوەندەی ئەو تێچووەیە کە پێشتر و بە سیستەمە کۆنەکە خەرجی دەکرد لە مامەڵەکەدا. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە سیستەمەکە بەجۆرێکە مامەڵەکان ساختە ناکرێ".

## وەزارەتی پێشمەرگە 70 ملیار دیناری کۆمپانیاکان قەرزدارە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

ماوەی پێنج ساڵە وەزارەتی پێشمەرگە قەرزی 40 کۆمپانیای لەلایە و نەیداونەتەوە. بەرپرسێکی وەزارەتەکە دەڵێ کۆی پارەکان 70 ملیار دینارە و دانەوەی قەرزەکانیش پێویستی بە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیرانە. خاوەن قەرزەکانیش دەڵێن سکاڵا لەدژی وەزارەت تۆمار دەکەین.

لەکاتی شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش چەند کۆمپانیایەک چەک و تەقەمەنی و خۆراک و پێداویستییان بۆ پێشمەرگە دەگواستەوە. دەیان کۆمپانیاش خەندەق و ساتریان لە بەرەکانی جەنگ بۆ وەزارەتی پێشمەرگە لێدەدا، بەڵام دەڵێن دوای 5 ساڵ هێشتا پارەیان وەرنەگرتووە.

هادی ئیسماعیل کە نوێنەری 14 شوفێرە و زیاتر لە دوو ساڵ تانک و زرێپۆشیان بۆ میحوەرەکان گواستووەتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە کاتی شەڕی داعش، وەزارەتی پێشمەرگە لەڕێگەی پارێزگاری هەولێر داوایان لێکردین دەبابە لە بارەگاکانی پێشمەرگەوە بگەیەنینە بەرەکانی شەڕ،

**خاوەن قەرزێک:**

**بە 500 دۆلار لە کۆمپانیایەک دەوام دەکەم لەکاتێکدا 400 هەزار دۆلارم لای وەزارەتی پێشمەرگەیە**

ئێمە کە 28 شوفێر بووین، لە میحوەرەکانی شنگال تاوەکو مەخموور بە ئێمە سپێردرابوو".

ئەو شوفێرانە تاوەکو مانگی ئاداری 2016 کاریان بۆ وەزارەتی پێشمەرگە کردووە. هادی ئیسماعیل دەڵێ: "زیاتر لە ملیارێک و 650 ملیۆن دینارمان لەلای وەزارەتی پێشمەرگە بوو، بەڵام تەنیا سولفەیەکی 150 ملیۆن دیناریان داینەوە و زیاتر لە ملیارێک و 500 ملیۆن دینارمان لەلای وەزارەت ماوە، بەڵام تائێستا نەیانداوینەوە".

بەگوتەی ئەو شوفێرە، جیاوازی لەنێوان خاوەن قەرزەکان دەکرێت: "ئێمە لە سنووری پارتی کارمان دەکرد، سەدان جار چووین و داوای مافی خۆمان کرد، بەڵام هەر دەڵێن پارەمان نییە، لەکاتێکدا لە سنووری یەکێتی ئەوانەی هەمان کاری ئێمەیان دەکرد پارەکانیان وەرگرتووە، ساڵی ڕابردوو وەزارەتی پێشمەرگە خاوەن قەرزەکانیان بانگ کرد، گوتیان بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران هەر خاوەن قەرزێک لە 25%ی قەرزەکەی خۆش بێت لەماوەی سێ مانگدا پارەکەی دەدەینەوە، ئێمە بڕیارماندا 25%ی پارەکە بە بنەماڵەی شەهیدان ببەخشین، بەڵام هەر پارەکەیان نەداینەوە، بۆیە گومانمان هەیە پارەکەمان فەوتابێت".

خاوەن قەرزەکان خۆیان کەوتوونەتە ژێر باری قەرز. نوێنەری ئەو 14 شوفێرە گوتی: "کەلوپەل

**وەزارەتی پێشمەرگە:**

**دەبێت ئەنجوومەنی وەزیران بڕیار بدات و وەزارەتی دارایی پارەکە خەرج بکات**

و سووتەمەنی زۆرمان بە قەرز هێناوە، ئێستا من 400 هەزار دۆلار قەرزداری خەڵکم، خاوەن قەرزەکان داوای پارەکانیان کردەوە، 3 ئۆتۆمبێلم هەبوو ناچار بووم بە نیوەی نرخی خۆیان بیانفرۆشم، بەشێک لە قەرزەکانم پێداوەتەوە، ئێستا هیچم نەماوە و بە 500 دۆلار لە کۆمپانیایەک دەوام دەکەم لە کاتێکدا 400 هەزار دۆلارم لەلای وەزارەتی پێشمەرگەیە".

سەعدی عەباس، یەکێکی دیکەیە لە شوفێرەکان، ئەویش خێزاندارە و دوو منداڵی هەیە. بە گوتەی خۆی گوشارێکی زۆری خاوەن قەرزەکانی لەسەرە. سەعدی گوتی: "هەموو ڕۆژێ خاوەن قەرزەکان دێنە بەر دەرگام، لە حاڵی خۆم بێزارم، ماڵم لە هەولێر بوو، خانووەکەم فرۆشت و بەشێک لە قەرزەکانم پێدایەوە، ئێستا لە گوند دەژیم، بە وەزارەتی پێشمەرگەم گوتووە قازانجم ناوێت، تەنیا پارەکەی خۆمم بدەنەوە، بۆ ئەوەی بیدەمەوە خاوەن قەرزەکان، بەڵام دەڵێن پارەمان نییە".

بەڵام وەزارەتی پێشمەرگە بەبیانووی قەیرانی دارایی پارەکانیان ناداتەوە. مقەدەم دڵشاد عەلی، بەڕێوەبەری هۆبەی وردبینیی پڕۆژەکان لە وەزارەتی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو شوفێرانە لە شەڕی پێشمەرگە لەدژی داعش لەڕێگەی کۆمپانیای (یام) بە بارهەڵگر دەبابەیان لە بارەگاکانی پێشمەرگەوە دەگواستەوە بۆ میحوەرەکان، وەجبەیەک پارەیان وەرگرت، بەڵام دواتر بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەتوانرا پارەکەی دیکەیان بدرێتێ کە 1.5 ملیار دینارە".

بە گوتەی موقەددەم دڵشاد، ئەوان تەنیا قەرزداری ئەو 14 کاسبکارە نین، بەڵکو قەرزداری نزیکەی 40 کۆمپانیان. لەبارەی بڕی قەرزی کۆمپانیاکانیش لەلای وەزارەتی پێشمەرگە، ئەو بەرپرسە گوتی: "قەرزی ئەو کۆمپانیایانە لەلای وەزارەتی پێشمەرگە زیاتر لە 70 ملیار دینار دەبێت، تائێستا کەمتر لە 10%ی قەرزەکانمان داوەتەوە".

سەبارەت بە هۆکاری نەدانەوەی ئەو قەرزانە، بەرپرسەکەی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت: "کێشەکە لە وەزارەتی پێشمەرگە نییە، چونکە وەزارەتێکی جێبەجێکارە، دەبێت ئەنجوومەنی وەزیران بڕیار بدات و وەزارەتی دارایی خەرجی بکات، هەندێک زانیارییش هەیە وەکو سولفە قەرزی کۆمپانیاکان بدرێتەوە، بەڵام هێشتا هیچ میکانیزمێکی ڕوون نییە کەی و چۆن دەدرێتەوە".

خاوەن قەرزەکان هەڕەشە دەکەن و دەڵێن ئەگەر قەرزەکانیان نەدەنەوە سکاڵا تۆمار دەکەن. نوێنەری 14 شوفێرەکە دەڵێ: "هەموو ڕێگایەکمان تاقیکردەوە بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکانمان و دەرگا نەماوە لێی نەدەین، بەڵام هیچمان بۆ نەکرا، بۆیە ئەگەر هیچمان بۆ نەکەن سکاڵا تۆمار دەکەین".

ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# بە یاسا و ڕێنماییەکانی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکدا دەچینەوە



ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕۆژێکی پشووی حکومەتدا (ڕۆژی شەممە)، بەڵام ڕۆژێکی پڕ نیش و چالاکی بۆ ئەو، دەرفەتێکی پێدان ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ بکەین. د.ڕێبەر کە پێشتریش لەگەڵ مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکومەت کاری کردووە، دەڵێت هاووڵاتی میحوەری سیاسەت و پلانی ئەم کابینەیە. وەزیری ناوخۆ لەم هەڤپەیڤینەدا باسی بەرنامەی چوار ساڵی وەزارەتەکەی دەکات.

هەڤپەیڤین: زریان حاجی
ڕووداو - هەولێر

وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کاتی هەڤپەیڤینی لەگەڵ ڕووداودا (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو: سەرۆکی حکومەت لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێ وەزیرەکانی ڕاسپارد کە کارنامەی وەزارەتەکەیان پێشکەش بکەن؟ بەدڵنیاییەوە کارنامەی ئێوەش ئامادەیە، دەکرێ بزانین چی گرنگ و سەرنجڕاکێشی تێدایە؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** کاک مەسروور بارزانی لە تەواوی بەرنامەی کابینەکەی جەختی لەوە کردووەتەوە کە مرۆڤ میحوەری هەموو سیاسەت و پلان و بەرنامەکانە و تاک بنەمای پلاندانانە. بەشێکی زۆر لەو خزمەتگوزاریانەی حکومەت پێشکەشی دەکات لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆیە. وەزارەت لایەنی ئەمنی و سەربازی هەیە، هەم لایەنی ئیداری و مەدەنیشی هەیە.

بەرنامەی سەرەکیی وەزارەتی ئێمە پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری و ئاسایشی هەرێمی کوردستانە. ئەو خاڵە سەرەکیانەی پەیوەستن بە دابینکردنی ئەو ئاسایش و سەقامگیرییەی هەیە، پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە. خۆگونجاندن و خۆڕێکخستنەوەی وەزارەتی ناوخۆ لە ئەولەویەتی کار و پلانی ئێمەیە کە هەیکەلی وەزارەت لەگەڵ پێداویستییەکانی ئێستا بگونجێنین. لە چوارچێوەی یاسای وەزارەتی ناوخۆ خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکەین. دەمانەوێ دەسەڵات لە وەزارەتەوە دابەزێتە خوارێ بۆ پارێزگار و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەڕێوەبەرانی پۆلیس. یەکێک لە بەرنامەکانی کاک مەسرور ئەوەیە کە دەبێ دەسەڵات دابەشبکرێ و هەموومان بەیەکەوە بڕیار بدەین. هەموو دەسەڵاتەکان لە ناوەندی شار و وەزارەت کۆنەکەینەوە، بەڵکو بیگوازینەوە قەزاو ناحیەکانیش. لەو چوارچێوەیەش هەڵمەتێکی چڕوپڕمان کردووە بۆئەوەی خزمەتگوزارییەکان لە پۆلیسی هاتوچۆ، پاسپۆرت، کارتی نیشتمانی، ڕەگەزنامە وای لێبکەین لە ناوەندی شارە گەورەکان بە ڕێکوپێکی و بە کاتێکی کەم پێشکەش بە هاووڵاتیان بکەین. دەسەڵاتەکانیش بگوازینەوە ئەو شوێنانەی ژمارەی دانیشتووانیان زۆرە، بۆ نموونە قەزای سۆران، زاخۆ، ئاکرێ، کۆیە، چەمچەماڵ، بۆ خزمەتگوزارییەکی کەم ڕەنگە 100 کیلۆمەتر ببڕن کە پێویست ناکات ئەو هەموو خەرجی و کات کوشتنە هەبێت.

من هەمیشە جەختم لەوە کردووەتەوە کە دەبێ حکومەتێکی بەهێزمان هەبێ. کوردستانێکی بەهێز واتە حکومەتێکی بەهێز، لەناو حکومەتێکی بەهێزیشدا دەبێ وەزارەتێکی ناوخۆی بەهێزمان هەبێ. ئێمە پلانمان هەیە جێبەجێکارێکی باشی یاسا بین و لێنەگەڕێین هیچ کەسێک خۆی لە سەرووی یاسا بزانێ. چەند ڕووداوێکیش لە ماوەی ڕابردوو ڕوویانداوە، خەڵکانێک پێشتر خۆیان ڕەنگە بە بەرزتر لە یاسا زانیبێ، بەڵام ئێستا یاسایان لەسەر جێبەجێ بووە. دیاردەیەک هەبوو لە شاری هەولێر، تەقەکردن و هەڵکوتانە سەر خەڵکی کاسب و هەندێ هۆتێل و کافتریا و ساڵۆن. کەسانێک هەبوون ئازادانە ئەو ئیشانەیان دەکرد، لە دوای دەستبەکاربوونی ئەم کابینەیە، بە هاوکاری لەگەڵ دامودەزگا هەواڵگری و

> 10 کەسمان دەستگیر کردووە کە حیسابیان بۆ یاسا نەدەکرد

ئەمنییەکان و پۆلیس، هەموو ئەوانەی کە خۆیان بە سەرووی یاسا دەزانی، گیران.

**ڕووداو: چەند کەس گیراون؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** زیاتر لە 10 کەس گیراون، ئەوانەی کێشەیان دروست دەکرد. خەڵکێکی دیکەش هەبوون پشتگیریان بوون، بەڵام ئێستا هەموویان بێدەنگن و خۆیان لە دەزگا ئەمنییەکان و پۆلیس دەشارنەوە.

**ڕووداو: ئەو هەماهەنگییە یان ئەو کاروبارە هاوبەشانەی کە لە نێوان ئێوە و بەغدا هەیە چییە؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** لەگەڵ دروستبوونی ئەم کابینەیە، کابینەیەکی نوێش لە بەغدا دروست بوو، سەرۆکوەزیرانی هەردوولا جەنابی کاک مەسرور و بەڕێز عادل عەبدولمەهدی زۆر بە پەرۆش بوون بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان بەهێز بکەن، بۆیە لە دوای یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران، ڕوومان لە بەغدا کرد، بۆ ئەوەی ئیرادە و نیەتی خۆمان پیشان بدەین کە حەز دەکەین کێشەکانمان بە ڕێگایەکی یاسایی و دەستووری چارەسەر بکەین. خۆشبەختانە ئەوەی دیتمان لە بەغدا زۆر باش بوو، بەڵام بارودۆخی سیاسی زۆر هاوکار نەبوو، بەداخەوە بارودۆخەکە گەیشتە ئەوەی کابینەکە دەست لەکار بکێشێتەوە.

**ڕووداو: محەممەد تۆفیق عەللاوی دەیەوێ لە دەرەوەی حیزب کەسانێک بۆ کابینەکەی هەڵبژێرێ، کورد ئەمە قبوڵ دەکات؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** ئێمە هەموو جار گوتوومانە خودی کەس ڕەنگە ئەوەندە گرنگ نەبێ، ئەوەندەی پرۆسەی بەڕێوەچوون و دانانی حکومەت و ڕەچاوکردنی میکانیزمی دەستوور و یاسا بۆ دروستکردنی حکومەتێکی نوێ گرنگە.

ئێمە ڕێزمان هەیە بۆ محەممەد عەللاوی کە لە بنەماڵەیەکی ناسراوی عێراقە، بەڵام بەدەر لە میکانیزمی دەستووری ئێمە زۆر کەیفخۆش نین بەو شێوازەی ئێستە ڕەفتار دەکرێ. ئێمە موتڵەقەن ڕازی نین کەس وەزیرمان بۆ دابنێ. ئەوە بۆچوونی سەرکردایەتی سیاسییە و زۆر بە ڕوونی بە بەغداش گوتراوە.

**ڕووداو: لەو کاتەوەی وەکو وەزیری ناوخۆ دەستبەکار بوون، چ گۆڕانکارییەکتان لە وەزارەتدا کردووە؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** ئێمە بۆچوونی خۆمان هەیە لە ئیدارەکردنی وەزارەت، من دەڵێم هیچ کارمەندێک خراپ نییە و ئامادە نییە بە خراپی ئیش بکات، بەڵام دەبێ بەردەوام ڕێنمایی و بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردن هەبێ. ئەوەی کە گۆڕیومانە لە وەزارەت شێوازی ڕەفتارکردن لەگەڵ کارمەند و پلەدارەکانی وەزارەتە، هەر کەسێک کاری باش بکات دەستخۆشی لێدەکەین و هەر کەسێک هەڵە بکات سزادەدرێ بەپێی یاسا. ئەمەش بەرهەمی هەبووە. ئەوانەی ئێستا خزمەتگوزارییەکان پێشکەش دەکەن هەمان ئەو خەڵکەی پێشوون، بەڵام بە شێوازێکی زۆر ڕێکوپێک و سەرکەوتوو و بە پەلە. ئەوان خۆیان بە خزمەتکاری خەڵک دەزانن. من زۆر سوپاسیان دەکەم.

بەهێزیی وەزارەتی ناوخۆ لە جێبەجێکردنی یاسا لەوەدایە کە پۆلیسێکی بەهێزمان لەسەر شەقام هەبێ، لەوەدا نییە ئێمە لەناو وەزارەت لە شوێنی خۆش و لە کەشوهەوایەکی ئارام کار بکەین. چەندین گۆڕانکاریمان لە ئاستی بەڕێوەبەرەکان لە پۆلیسی هاتوچۆ، ڕەگەزنامە، پۆلیسی گشتی، پاسپۆرت و کارتی نیشتمانی و هەموو سێکتەرەکانی دیکە کردووە. بە هەموو ئەو بەڕێوەبەرانەم گوتووە هەتا شەش مانگ مۆڵەتتان هەیە، ئەو بەرنامەیەی کە کابینەی کاک مەسرور ڕایگەیاندووە لەوەی کە خۆمان بە خزمەتکاری خەڵک بزانین، بۆ شەش مانگ لە ژێر چاودێری دەبن، دوای 6 مانگ ئەگەر ئەوەی لێتان دەخوازین جێبەجێی نەکەن هەمووتان قابیلی گۆڕینن.

**ڕووداو: لە ماوەی ڕابردوودا گۆڕانکاری لە زۆربەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس لەوانەش هاتوچۆ، ڕەگەزنامە، پاسپۆرت، ئیقامە و چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی دیکەی هەولێر کرا، بۆچی تەنیا لە هەولێر؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** بەرنامەمان بۆ گۆڕانکاری لە دهۆک هەیە و لە سلێمانیش دەکرێ، ئێستە چاوەڕێ دەکەین ئەوانەی پێویستە بگۆڕدرێن جێگرەوەیان دەستنیشان بکرێن. زۆنی سەوزیش لە ڕووی حیزبییەوە زۆنی سەوزە، لە ڕووی حکومییەوە یەک حکومەتە و بە یەک چاو سەیری زۆنەکان دەکەین.

**ڕووداو: دەگوترێ لەو کابینەیە بریکاری وەزیری ناوخۆ دەدرێتە بزووتنەوەی گۆڕان. هیچ بەربژێرێک دیارە؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** خۆی بەپێی ئەو ڕێککەوتنە سیاسییەی بۆ پێکهێنانی حکومەت کراوە، یەکێک لەوانەی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، بریکاری وەزیرەکانە. ئێمە لە وەزارەت دوو بریکارمان هەیە. ئەو دەسەڵات و کاروبارەی وەزیر پێیان دەدات، ئەوان مومارەسەی ئەو دەسەڵاتە دەکەن. بۆ مەسەلەی بەربژێری گۆڕانیش من ئاگادار نەکراومەتەوە، ئەوان وابزانم لە بزووتنەوەی گۆڕان هەندێک بەربژێریان پێشکەش کردووە.

**ڕووداو: ئەی بریکاری دووەم بۆ کێ دەبێت؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** بۆ یەکێتی دەبێت.

**ڕووداو: وەزارەتی ناوخۆ خاوەن داهاتێکی زۆرە، بە تایبەتی لە کەرتی هاتوچۆ؟ داهاتی ساڵانەی وەزارەت چەندە؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** دوای دەستبەکاربوونمان داهاتی وەزارەت زیاتر بووە. بە تایبەتی داهاتی پۆلیسی هاتوچۆ. ڕێکخستنەوەی داهاتەکانیش، شێوازی وەرگرتنەوەی داهاتەکان و ڕێکخستنەوەی چۆنیەتی وەرگرتن و ڕادەستکردنی بە وەزارەتی دارایی پێداچوونەوەی پێدا کراوە، زۆربەی داهاتی

> بەرنامەمان هەیە بەڕێوەبەرەکانی دهۆک و سلێمانیش بگۆڕین

> لایەنە سیاسییەکان ڕێگرن لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە

ناوخۆ دەچێتە گەنجینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، من ناتوانم ئەو ژمارەیە بڵێم، کە پێویستیش ناکات، بەڵام وەزارەتێکی بە داهاتە، ڕەنگە لە دوای وەزارەتی دارایی یەکێک لەو وەزارەتانە بێ کە داهاتی زۆر باشی هەیە.

**ڕووداو: ڕسوماتی بەناوکردنی ئۆتۆمبێل و دەرهێنان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی شوفێری زیادیان کردووە، خەڵک گلەیی هەیە کە ئەو ڕسوماتانە زۆر زیاد کراون، بەنیاز نین پێداچوونەوە بەوەدا بکەن، بە جۆرێک لەگەڵ گوزەرانی خەڵک بگونجێ؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** ئەوەی پێویستە بگوترێ لەو بوارە خزمەتگوزارییەکان زۆر زۆر بە پەلە پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکرێ، کاتێکی زۆر کەمی دەوێ، ئەگەر جاران دەرهێنانی ساڵیانە چەند ڕۆژێکی پێویست بووە، ئێستا هەمووی بە 90 خولەک دەکرێ. ئێمە هیچ پارەمان زیاد نەکردووە، تەنیا بڕیارێکمان دەرکرد. خەڵکی ئێمە مۆڵەتی نوێ نەدەکردەوە، هەبوو 4 بۆ 5 ساڵ مۆڵەتی بەسەرچووە نوێی ناکاتەوە. لە کۆتایی ساڵی 2019 وە هەر شۆفێرێک مۆڵەتەکەی خۆی نوێ نەکاتەوە بۆ هەر ساڵێک دەبێ 30 هەزار

> تا ئێستاش هەندێک ماڵ چەکی قورسی تێدایە

دینار غەرامە بدات، بۆیە خەڵکەکە وادەزانێ ئێمە ڕسوماتمان زیاد کردووە. ڕسوماتی دەرهێنانی مۆڵەت هەر وەک خۆیەتی، نوێکردنەوە هەر وەک خۆیەتی.

**ڕووداو: گلەییەکی زۆر لە سیستمی هاتوچۆ هەیە، زۆربەی شەقامەکان بە تایبەتی لە کاتی دەوامی فەرمانبەران و بۆنەکاندا دەخنکێن؟ چ پلانێکی تازەتان هەیە کە گۆڕانکاری لە سیستمی هاتوچۆ بکەن و قەرەباڵغی شەقامەکان کەم بکەنەوە؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** سیستمی هاتوچۆی کوردستان پێویستی بەپێداچوونەوەیەکی زۆر هەیە. ماوەیەک لەمەوبەر داوام لە دیوانی وەزارەت و هەموو بەڕێوەبەرانی پۆلیسی هاتوچۆ کرد کۆنفرانسێک بکەین بۆ پێداچوونەوە بە سیستمی هاتوچۆ و چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی ڕێگاکان. چونکە هەندێکجار هەڵەی ئەندازەی هاتوچۆ وادەکات قەرەباڵغی لە هەندێک شوێن دروست

ببێ. کردنەوەی هەندێک شوێن و داخستنی هەندێک شوێن دەبێتە کێشە بۆ هاتوچۆ. بۆیە سێ هەفتە لەمەوبەر پەیجێکمان کردەوە، داوامان لە سەنتەرە ئەکادیمییەکان و خەڵکی ئەکادیمی پسپۆڕ و چالاکڤانان و لێکۆڵەران کرد کە هەر کەسێک بیرۆکەیەکی هەیە پێشکەشمانی بکات، چونکە ئێمە دەمانەوێ ئەمساڵ پێداچوونەوە بە تەواوی سیستمی هاتوچۆدا بکەین. دەستیشمان پێکردووە. ئێمە مەبەستمانە ڕووداوی هاتوچۆ کەمبکەینەوە، هاووڵاتی بە کەمترین تێچوو هاتوچۆ بکات.

**ڕووداو: بەشێک لە بەڕێوەبەری ناحیە و قائیمقامەکان ساڵانێکی زۆرە لە پۆستەکانیانن، هیچ بڕیارێکی تازە هەیە بۆ گۆڕینیان؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** لەگەڵ پارێزگارەکان باسی ئەو

> لەمەودوا وەزارەتی ناوخۆ پاسەوان بۆ بەرپرس و دەزگاکان دادەنێ

بابەتەمان کردووە. خەریکی دیراسەین. ئەوانەی ماوەیەکی زۆرە لە پۆستەکانیانن بگۆڕدرێن. بەڵام نامانەوێ گۆڕانکاری لە پێناو گۆڕانکاری بێ، بەڵکو گۆڕانکارییەکی ئامانجدار بێ، لە هەندێک شوێنیش دەستمانپێکردووە. ڕەنگە لە پارێزگای هەولێر بەمزووانە دەست بە هەندێک گۆڕانکاری بکەین.

**ڕووداو: لایەنە سیاسییەکان تا ئێستا چەند جارێک کۆبوونەتەوە بۆ دانانی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە، لە ماوەی ڕابردووشدا بەڕێزت نووسراوێکت بۆ ئەو مەبەستە کرد؟ کێشەی ئەو ئەنجوومەنە چییە، بۆ پێکناهێنرێ؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** پێشتر ڕێککەوتنێکی سیاسی لە نێوان لایەنە بەشدارەکان لە ئیدارەی هەڵەبجە کراوە، چونکە هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنەکە نەکراوە. پاش ئەوەی پارێزگاری هەڵەبجە نووسراوێکی بۆ ئێمە کرد بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتنە پەسەند بکەین، بەداخەوە لە کاتەکانی کۆتایی خۆیان پەیوەندییان بە ئێمەوە کرد کە نووسراوەکە ئیمزا نەکەین. بۆیە ڕێککەوتنەکە سەری نەگرت.

**ڕووداو: لەدوای دەستبەکاربوونتان مۆڵەتی پێدانی چەکتان ڕاگرت، دەست بە پێدانی مۆڵەت دەکەنەوە و بە چ مەرجێک؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** ئێمە مۆڵەت بە کەسێک دەدەین کە کاری ئازاد دەکات، پێویستی بە مۆڵەتە. مۆڵەتی چەک دەبێت هەبێ، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کێ و بۆچی چەکی لەلا بێت. یەکێک لە پلانەکانی وەزارەت ئەوەیە کە پێداچوونەوە بە یاسا و ڕێنمایی مۆڵەتی پێدانی چەک بکەین. ئێمە دەمانەوێ سنووردار بکرێ. ناکرێ خەڵکێک بەبێ مۆڵەت چەکی لەلا بێ. بەڵام ئەگەر مۆڵەتی پێدەدەین ئەو کەسە شیاوی هەڵگرتنی مۆڵەتەکە بێ و مەرجەکانی تێدابێ و هۆکارەکەشی دیار بێ. دەبێ هەوڵبدەین لە کوردستان کەمترین کەس

چەکی لەلا بێ.

**ڕووداو: ژمارەیەکی زۆر چەک لە دەستی خەڵکدایە، زۆربەی ڕووداوەکانی کوشتن و خۆکوشتنیش بەهۆی ئەو چەکانەوەیە، چ بەرنامەیەکتان بۆ کۆکردنەوەی ئەو چەکانە هەیە؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** تا ئێستا زۆرترین ئەو تاوانانەی کراون بەو چەکانە بووە کە مۆڵەتیان لە دەرەوەی وەزارەتی ناوخۆ وەرگرتووە. دیاردەی چەکهەڵگرتن زۆرە. چەکێکی زۆری پێشمەرگە لە ماڵانە. هەتا ئێستا سیستمی پێشمەرگە بەو جۆرەیە کە چەکی خۆی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ. زۆرجار ڕووداوی نەخوازراو بەهۆی دەستکاریی ئەو چەکە ڕوویداوە. ئێمە کە مۆڵەت دەدەینە کەسێک خولی بۆ دەکەینەوە کە ئەو چەکە چۆن بەکاردێنێ، چۆن هەڵیدەگرێ، لە کوێ هەڵیدەگرێ.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە چەکەکان تۆمار بکرێن، دواتر لە وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە ڕێکارێک دابنێین کە چەک نەیەتەوە ناو شارەکان و ماڵەکان. چەک لەو شوێنە بێ کە پێویستە لێیبێت. تەنانەت جۆری چەکیش، ئێستا لە هەندێک شوێن چەکی قورس لە ماڵدا هەیە.

**ڕووداو: لە کوردستان بە ئاشکرا کڕین و فرۆشتن بە چەکەوە دەکرێ و چەند مەیدانێکی فرۆشتنی چەک هەن، چ بەرنامەیەکتان هەیە بۆ قەدەغەکردنی ئەو دیاردەیە؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** بەدڵنیاییەوە بەرنامەمان هەیە. دەبێ ئەو شوێنانە مۆڵەتیان هەبێ. هەندێک شوێن مۆڵەتی نییە، چەندینجار ڕێوشوێن بەرامبەر ئەو شوێنانە گیراوەتەبەر، خەڵک دەستگیرکراوە. چەکی ڕێگەپێنەدراو لە نێوان شارەکاندا هاتوچۆی پێدەکرێ. بۆیە دەبێ ئەمە ڕێکبخرێتەوە، نابێ چەکی دۆشکە لە مەیدانەکان بفرۆشرێ. ئەمە لە دەرەوەی ڕێنماییەکانە. بۆیە بێگومان بەرنامەمان بۆ داخستنی ئەو شوێنانە هەیە.

**ڕووداو: گرتنی تۆمەتباران گرفتێکی گەورەیە، بەهۆی ئەوەی تاڕادەیەک سیمای دوو ئیدارەیی لە کوردستان هەر ماوە. کاتێک یەکێک تاوانێک لە هەولێر دەکات ڕادەکات بۆ سلێمانی، بە پێچەوانەش تۆمەتباران لە سلێمانی ڕادەکەن بۆ هەولێر، پۆلیسی سلێمانی تا چەند هەماهەنگی دەکات بۆ گرتنی تۆمەتباران؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** بەداخەوە ئەو دیاردەیە هەیە. لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی و هەولێر دانیشتنمان هەبووە، ئاگادارمان کردوونەتەوە. فەرمانەکانی گرتن کە لە دادگا دەردەچن، دەبێ جێبەجێ بکرێن. دەبێ یاسا سەروەر بێ، نابێ هیچ شوێنێک ببێتە داڵدەی تاوانبار و خەڵکی لادەر لە یاسا. ئەوان هاوکارن بۆ ڕادەستکردنی تۆمەتباران، بەڵام وەکو پێویست نەبووە.

**ڕووداو: هەر پەیوەست بە تۆمەتباران، پێنج کەس بە تۆمەتی دەستدرێژی بۆ سەر کچێک دەستگیرکرابوون، باوکی کچەکە بە میدیاکانی گوت کە ئەو کەسانە ئازادکراون و لەلایەن پۆلیسیشەوە هەڕەشەی لێکراوە کە قسە لەسەر ئەو کەیسە نەکات. قسەی ئەو باوکە ڕاستە؟ ئەگەر ڕاستە چ ئیجرائاتێکتان بەرامبەر ئەو پۆلیسە کردووە؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** ئەو ڕووداوە لە مانگی نیسانی ساڵی ڕابردوو ڕوویداوە. چەند کەسێک کە ئەو کارەیان کردووە گیراون. دواتر چوار کەس بە کەفالەت ئازاد کراون. تاوانباری سەرەکی ئازاد نەکراوە. دوای ئەوەی ئەو بابەتە لە سۆشیال میدیا باسکرا، دەستبەجێ بە فەرمانی سەرۆکی حکومەت لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەت و پارێزگای هەولێر ڕاسپێردران، لە ماوەیەکی کەمدا پۆلیس چوار کەسی دەستگیرکردەوە کە

> مەیدانی نایاسایی فرۆشتنی چەک دادەخەین

پێشتر بە کەفالەت ئازاد کرابوون، ڕادەستی دادگا کراون و ئاگاداریش کراونەتەوە کە هیچ کەسێک بۆی نییە ئاسانکاری بۆ ئەوانە بکات. لە هەمانکاتدا پەیاممان بۆ باوکی ئەو کچە ناردووە کە هەر کەسێک هەڕەشەت لێ بکات بۆ ئەوەی دووربکەوییەوە لەو کەیسە لێی قبوڵ ناکەین و دەبێ ناوەکانمان پێ بڵێی بۆ ئەوەی ئیجرائات لەگەڵ ئەو کەسانە بکەین.

**ڕووداو: پۆلیس بە دەست کەمیی ئۆتۆمبێل و میلاکاتەوە دەناڵێنێ، هیچ هەواڵێکی تازە هەیە بۆ دامەزراندنی پۆلیس؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی حکومەت باسمان کردووە و داوامان کردووە کە میلاکی پۆلیس زیاد بکرێ، لە هەمانکاتدا بەو توانایەی لەبەردەستمانە ئۆتۆمبێلمان بۆ دابین کردوون، بەڵام ساڵانێکی زۆرە ئۆتۆمبێل بۆ پۆلیس نەکڕدراوە و ئۆتۆمبێلەکانیان کۆنن و بەکارنایەن. بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین چ لە ڕێگەی تواناکانی وەزارەت چ لە ڕێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەو ئۆتۆمبێلانە نوێ بکەینەوە.

**ڕووداو: بە گوێرەی یاسای چاکسازی پاسەوانی بەرپرسەکان کەمدەکرێنەوە و لەلایەن ئێوەشەوە پاسەوانیان بۆ دادەنرێ، لەمەودوا هەر بەرپرسێک چەند پاسەوانی دەبێ؟**

**ڕێبەر ئەحمەد:** لە یاسای چاکسازی بڕگەیەک کە زۆر مشتومڕی لەسەر بوو ڕێکخستنەوەی پاسەوانە، بڕیار دراوە یەکەیەکی پاسەوانی دروست بکرێ، ئیدی لەمەودوا هەموو پاسەوانەکان لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆوە دیاری دەکرێن. لێژنەیەکی وەزاریمان پێکهێناوە، بۆ ئەوەی پرۆژەی پەیڕەوێک ئامادە بکات و لە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر بدرێ. دیاری بکەین کێ و کوێ چەند پاسەوانی پێویستە.

> دەمانەوێ ئەمساڵ پێداچوونەوە بە تەواوی سیستەمی هاتوچۆدا بکەین

> بەمزووانە هەندێک بەڕێوەبەری ناحیە و قایمقامەکانی هەولێر دەگۆڕین

> ئەو بەڕێوەبەرانەی لە هەولێر گۆڕدران شەش مانگ لە ژێر چاودێریدا دەبن

> بە باوکی کچە حەوت ساڵانەکەمان گوتووە هەر کەس هەڕەشەی لێکردی ناوەکەیمان بدەرێ

## ناکۆکییەکانی یەکێتی یەکەی 70ی گرتەوە

### مستەفا چاوڕەش:

# من بەرپرسی یەکەی حەفتام و مەحموود سەنگاوی جێگری سەرپەرشتیارە

**زریان حاجی**
**رووداو – هەولێر**

ململانێ نێوخۆییەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ئەمجارەیان فەرماندەیی یەکەی 70ی یەکێتی گرتووەتەوە، لە کاتێکدا کۆسرەت ڕەسووڵ، سەرۆکی ئەنجوومەنی سیاسی و بەرژەوەندی یەکێتی، هەوڵی گەڕاندەوەی شێخ جەعفەر بۆ یەکەی 70 دەدات بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاریداوە ببێتە سەرپەرشتیاری یەکەی 70، بەڵام بافڵ تاڵەبانی و لاهوور شێخ جەنگی دەیانەوێ مەحموود سەنگاوی فەرماندەی یەکەی حەفتا بێت. مستەفا چاوڕەش، بەرپرسی یەکەی 70 دەڵێ تائێستا هەر ئەو کەسی یەکەمی ئەو هێزانەیە.

سەرچاوەیەکی نزیک لە مەحموود سەنگاوی، بە مەرجی ئاشکرا نەکردنی ناوی، بۆ (رووداو)ی ئاشکرا کرد" لەلایەن لاهوور شێخ جەنگی و بافڵ تاڵەبانییەوە داوا لە مەحموود سەنگاوی کراوە پۆستی فەرماندەیی یەکەی 70 وەربگرێت، بەڵام ئەو هێشتا بە تەواوی قایل نەبووە و لەسەری ڕێکنەکەوتوون".

دوای ئەوەی شێخ جەعفەر، فەرماندەی پێشووی یەکەی 70، پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی وەرگرت، مستەفا چاوڕەش کرایە فەرماندەی هێزەکانی یەکەی 70. وەک سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ کرد "مستەفا چاوڕەش و مەحموود سەنگاوی پێکەوە لە بارەگای فەرماندەیی یەکەی 70 دەوام دەکەن، بەڵام تائێستا مۆرەکە هەر لای مستەفا چاوڕەشە".

مستەفا چاوڕەش، بەرپرسی یەکەی 70 پشتڕاستیکردەوە کە شێخ جەعفەر و مەحموود سەنگاوی هاتوونەتە یەکەی 70 و گوتی: "کاک مەحموود ئێستا لە ژوورەکەی من دەوام دەکات و ڕێزم لێگرتووە. من خۆم بە عاقڵانە ئەو وەزعەم ئیدارە کردووە، بەڵام هەر من بەرپرسی هێزی حەفتام"، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە شێخ جەعفەر وەک سەرپەرشتیار و مەحموود سەنگاوی وەک جێگری سەرپەرشتیارن.

مەحموود سەنگاوی ساڵانێکە بەرپرسی میحوەری گەرمەسێر و ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتییە، بەر لە کۆنگرەی چوارەم ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو. وەستا ڕەسووڵ، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە " مەحموود سەنگاوی گوتوویەتی چیدی بەرپرسیارێتی میحوەر ناکەم، بۆیە هێنایانەوە ناو فەرماندەیی، بەڵام ئەوە بە ناخۆشی نەبووە".

(رووداو) چەند جارێک پەیوەندی بە مەحموود سەنگاوییەوە کرد، بەڵام وەڵامی پەیوەندییەکانی نەدایەوە، بەڵام شێخ جەعفەر ڕەتیکردەوە هیچ کێشەیەک لەنێوان ئەو و مەحموود سەنگاوی ڕوویدابێت.

مستەفا چاوڕەش جەختی لەسەر ئەوە کرد کە " فەرمانەکە دەرچووە، هەرچەند ئاراستەی من نەکراوە. ئێمە ڕەفیقی یەکین و زۆر سرووشتییە، بەڵام وەک بەرپرس بەرپرسی من نین"، سەبارەت بە هۆکاری دانانیان لەو دوو پۆستەدا گوتی "دەبێ لەو کەسە بپرسن کە دایناون". کاتێک پرسیاری لێکرا مەبەستی کۆسرەت ڕەسوولە، لە وەڵامدا گوتی "بەڵێ، ڕەنگە ئەو بە پێویستی زانیبێ و لای ئێمە سرووشتییە".

بەرپرسێکی ئاگادار لە دۆخەکە لە سەرکردایەتیی یەکێتی زانیاری زیاتریدا و گوتی "ئەوەی من ئاگاداربم شێخ جەعفەر و کاک مەحموود بە ڕێککەوت پێکەوە چوونەتە یەکەی 70، کاک مەحموود گوتوویەتی من بە ئەمری کاک کۆسرەت دانراوم و شێخ جەعفەریش گوتوویەتی من و کاک کۆسرەت قسەمان کردووە و بابەتەکەمان بڕاندووەتەوە، ئیتر یەک دوو قسەیەک لە نێوانیاندا ڕوویداوە، بەڵام هەردووکیانیان ڕاگرتوون و پێیانگوتوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دەچینە لای کاک کۆسرەت".

هەفتەی ڕابردوو لاهوور شێخ جەنگی و بافڵ تاڵەبانی بە 93 دەنگ وەک هاوسەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڵبژێردران. بەرپرسە ئاگادارەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ڕووداوەکانی ئەم دواییەی یەکەی 70 دابڕاو نین لەو گۆڕانکارییانەی لە سیستەمی سەرکردایەتی یەکێتیدا کراون، چونکە "ئەو برادەرانەی بە سیستەمی هاوسەرۆکی ڕازی نین، بیر لەوە دەکەنەوە کە هەرچەند پێگەیان لە دەستداوە، بەڵام هێزی سەربازی لەدەستنەدەن".

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە لە سەرچاوەی ئاگاداری یەکەی 70وە دەست (رووداو) کەوتوون دوای ئەوەی کۆسرەت ڕەسووڵ، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندی یەکێتی فەرمانی دەستبەکاربوونی شێخ جەعفەر مستەفای وەک سەرپەرشتیاری هێزەکانی یەکەی 70 دەرکرد، مەحموود سەنگاوی بە هێزێکی زۆرەوە چووەتە بارەگای یەکەی 70 و بەوهۆیەشەوە ئاڵۆزی لەنێو یەکەی 70 ڕوویداوە.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی گوت: "کۆسرەت ڕەسووڵ دەیەوێ پۆستەکە بۆ شێخ جەعفەر بگەڕێتەوە، چونکە ئەو هێزە (واتە یەکەی 70) لە ڕێگەی شێخ جەعفەرەوە لە دەستی خۆیدا دەبێت".

# ئەم هەفتەیە گفتوگۆی دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی سیاسی گەرم دەبێتەوە

**زریان حاجی**
**رووداو – سلێمانی**

دوای دەنگدان لەسەر شێوازی هاوسەرۆکی لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتییەوە، یەکێتی بەنیازە پێنج کارگێڕ دابنێ کە بە قسەی بەرپرسانی یەکێتی، ڕۆڵی یاریدەدەریان دەبێ بۆ هاوسەرۆکانی یەکێتی. دانانی کارگێڕەکانیش بە هەڵبژاردن دەبێت.

دوای ئەوەی ڕۆژی 2020/2/18 پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پەسەند کرا، هەرهەمان ڕۆژ هاوسەرۆکانی یەکێتی هەڵبژێردران کە بافڵ تاڵەبانی و لاهوور شێخ جەنگین. هەرچەندە باس لە دانانی جێگر بۆ هاوسەرۆکەکان دەکرا، بەڵام سەرئەنجام ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی سەرۆکایەتی یەکێتی جگە لە دوو هاوسەرۆک، پێنج کارگێڕیشی هەبێت، بەڵام پێش ئەوە باسدەکرا کە سێ کارگێڕ دابنرێن و بەشێکبن لە مەکتەبی سیاسی.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بە (رووداو)ی گوت: "پەیڕەو وشەی جێگری بۆ هاوسەرۆک تێدا نییە، دوو هاوسەرۆکن لە هەمانکاتدا جێگری یەکدی دەبن، کاتێک یەکێکیان لەوێ نابێ ئەوی دیکە جێگەی دەگرێتەوە، لەو شوێنانەی هاوسەرۆک دادەنرێت جێگر دانانرێت".

بەڵام ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی دەڵێت پرسی دانانی جێگر بۆ هاوسەرۆکەکان هێشتا بڕیاری کۆتایی لێ نەدراوە. نەسروڵڵا سوورچی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت: "دوو بۆچوون هەیە، بۆچوونێک لەگەڵ دانانی یەک جێگرە، بۆچوونی دووەمیش لەگەڵ زیادکردنی کارگێڕەکانە لە سێ کارگێڕەوە بۆ پێنج کارگێڕ و ئیدی جێگری ناوێت، ئەگەری بەهێز دانانی پێنج کارگێڕەکەیە، کارگێڕەکانیش دەبێ لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیدا بن".

ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی بابەتەکە دەبەستێتەوە بەوەی ئەرکەکانی یەکێتی چۆن لە نێوان سەرکردەکانی ئەو حیزبە دابەشدەکرێن. ڕابیحە حەمەد دەڵێت: "سەیری ئەرکەکانی یەکێتی دەکرێت ئەگەر ئەرک و مەلەفەکان زیاتر بوون، ئەوکاتە جێگر و کارگێڕیش دادەنێین، بەڵام ئەگەر زانیمان کارگێڕەکان دەتوانن مەلەفەکان بەڕێوەببەن، ئەوا ئەوکاتە هەر کارگێڕ دەبێت".

لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیدا بڕیاری دانانی دەستەی کارگێڕی درا، کە مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی بوو، هەر یەک لە عومەر فەتاح، حاکم قادریش ئەندامانی دەستەی کارگێڕی بوون. لە پەیڕەوی ئەمجارەشدا دەستەی کارگێڕی دانراوەتەوە، بەڵام بەبێ لێپرسراو دەبێ و سەر بە هاوسەرۆکەکان دەبن.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ: "هاوسەرۆکەکان پێنج کارگێڕیان هەیە، بە پێویستمان زانی دامەزراوەیەک بەناوی دامەزراوەی کارگێڕەکان دابنێین کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان لەگەڵ سەرۆکایەتی هەبێ و هاوکاریان بێ و بە کردەوە ئەرکی ئەوان لە جێگر نزیکە، دەسەڵاتیان لەلایەن سەرۆکایەتییەوە بۆ دیاریدەکرێت، کارو و دەسەڵاتەکانیان لە دەستەی کارگێڕی پێشوو جیاواز دەبێ و لێپرسراویان نابێت".

کۆمەڵێک دۆسیە هەن کە قسەیان لەبارەوە دەکرێ کە چۆن لەنێوان هاوسەرۆکەکان دابەشبکرێن، لەوانەش دۆسیەی ئەمنی، پەیوەندییەکان، مەکتەبی ڕێکخستن و دارایی. هەرچەندە قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە لاهوور شێخ جەنگی دۆسیەی ئەمنی و پەیوەندییەکانی یەکێتی بەڕێوەدەبات و بافڵ تاڵەبانیش دۆسیەی دارایی و ڕێکخستن. بەڵام ئەسەسەرد دەڵێت "ئەمە زیاتر پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە، کە چۆن ئیدارەی ئەو مەلەفانە دەکەن". هەروەها نەسروڵڵا سوورچی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی لەبارەی دابەشکردنی دۆسیەکانەوە دەڵێ: "هاوسەرۆکەکان لەنێوان خۆیان مەلەفەکان دابەشدەکەن".

### مەکتەبی سیاسی 17 ئەندامی دەبێت

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی کە لەلایەن کۆنگرەوە پەسەندکرابوو، مەکتەبی سیاسی لادرابوو و ئەنجوومەنی جێبەجێکردن جێگەی گرتبووەوە، بەڵام دوای هەمواردنی پەیڕەوەکە لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، مەکتەبی سیاسی دانرایەوە.

مستەفا چالاوی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بە (رووداو)ی گوت: "مەکتەبی سیاسی 17 ئەندامی دەبێت، ئەوانیش بریتین لە لێپرسراوی 10 مەکتەب، لەگەڵ 5 کارگێڕ و هەردوو هاوسەرۆکەکە".

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی لە 124 ئەندام پێکهاتووە، مستەفا چاوڕەش وەک بەتەمەنترین ئەندامی ئەنجوومەنەکە بووەتە سەرۆکی کاتی ئەنجوومەنەکە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ سکرتێر و جێگرێک و بڕیاردەرێک بۆ ئەنجوومەنەکە دادەنرێن.

سەبارەت بە دانانی سکرتێر و جێگر و بڕیاردەری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، نەسروڵڵا سوورچی گوتی "جارێ پەلەمان نییە بۆ دانانی سکرتێر و جێگر و بڕیاردەری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، ڕەنگە لەو ڕۆژەی پێنج کارگێڕەکان هەڵدەبژێردرێن، هەر لەو ڕۆژەشدا سکرتێر و جێگر و بڕیاردەر بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرێن".

> **هاوسەرۆکەکان لەجیاتی جێگر پێنج کارگێڕیان لەگەڵ دەبێت**

### مەکتەبی دارایی بەبێ بەرپرس دەبێت

مەکتەبی دارایی یەکێتی، ماوەی چەندین ساڵە بە دەست کەسێکەوەیە کە ساڵانێکی زۆربوو لە نێو یەکێتی هیچ پۆستێکی نەبوو، ئەویش دلێری سەید مەجید بوو کە لەو گۆڕانکارییە تازانەی ناو یەکێتی لە دوای کۆنگرە، بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژوەندی یەکێتی.

بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ، یەکێتی لەمەودوا 10 مەکتەبی دەبێت، هەر مەکتەبێکیش لێپرسراوێکی بە هەڵبژاردن بۆ دادەنرێت، تەنیا مەکتەبی دارایی لێپرسراوی نابێت، بەڵکو لە دەستی هاوسەرۆکەکانی یەکێتیدا دەبێت.

فەرید ئەسەسەرد دەڵێت "10 مەکتەبمان هەیە، لەناو ئەوانەدا مەکتەبی داراییمان سەر بە سەرۆکایەتی دەبێ و ڕەنگە پێویستی بە دانانی لێپرسراو نەبێت، چونکە لە پەیڕەوی ناوخۆدا ئەوەمان چەسپاندووە کە مەکتەبی دارایی سەر بە سەرۆکایەتی دەبێت، بەڵام مەکتەبەکانی دیکە بە هەڵبژاردن لێپرسراوەکانیان بۆ دیاریدەکرێت، هەموو لێپرسراوی مەکتەبەکانی دیکەش بە هەڵبژاردن لەناو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دیاریدەکرێن، فۆرمێکمان هەیە بۆ ئەوانەی خۆیان کاندید بکەن بۆ لێپرسراوێتی و دەبێ پڕی بکەنەوە، پاشان هەڵبژاردنی نهێنی بۆ دەکرێت، ئەوەی زۆرینەی دەنگی هێنا ئەرکی لێپرسراوێتی پێدەدرێت".

هەروەها ڕابیحە حەمەد دەڵێ: "هەموو پۆستەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە پڕ دەکرێنەوە، لە ڕۆژانی داهاتوودا دەرگای خۆ پاڵاوتن دەکرێتەوە".

ڕۆژی 2020/2/11 کۆسرەت ڕەسووڵ، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندی یەکێتی نامەیەکی ئاراستەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کرد و داوای هەڵپەساردنی کۆبوونەوەکانی کرد، تێیدا ڕایگەیاندبوو: "کۆبوونەوەکانتان بۆ ماوەیەک هەڵپەسێرن و تەواوی ئەو بڕیارانەی داوتانن بۆ دەسەڵات و ئۆرگانەکان مەترسی لەسەر هاوسەنگیی ڕیزەکانمان هەیە، پێویستە کۆبوونەوەی تایبەتی و بەرپرسیارانە بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکان و بۆچوونە جیاوازەکان بکەین".

سەرەڕای ئەو هۆشدارییەی کۆسرەت ڕەسوڵ، بەڵام کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ڕۆژی دواتر بەردەوامبوون، دوای ئەوەی هەردوو هاوسەرۆک سەردانی کۆسرەت ڕەسولیان کرد، ئەویش چووە نێو کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتییەوە و دوای ئەوەش پەیڕەو پەسەندکراو هاوسەرۆکەکانیش هەڵبژێردران.

پێشتر ئەنجوومەنی باڵای سیاسی لە کۆبوونەوەیەکدا لە ڕۆژی 2020/1/16 لێژنەیەکی لە هەریەک لە (مەلا بەختیار، حاکم قادر، دلێری سەید مەجید) پێکهێنا بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەک سەبارەت بە دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنەکە لە پەیڕەوی ناوخۆدا.

### دەسەڵاتی ئەنجوومەنی سیاسی و بەرژەوەندی

فەرید ئەسەسەرد دەڵێ لێژنەیەکی هاوبەش لەنێوان ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندی یەکێتی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پێکهێنراوە، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنە سیاسییەکە، فەرید ئەسەسەرد گوتی: "لێژنەکەی ئێمە لە شاناز ئیبرایم ئەحمەد، سەردار هەرکی و لاهوور شێخ جەنگی پێکهاتووە، لێژنەکەی ئەنجوومەنە سیاسییەکەش لە مەلا بەختیار، دلێری سەیدمەجید، حاکم قادر پێکدێت، لەم هەفتەیە دادەنیشن، پێشتریش زیاد لە دانیشتنێک کراوە ڕەنگە لەم دانیشتنەدا گفتوگۆی تێبکەوێت، تێڕوانینی هەردوولا بە وەرەقە ئامادەکراوە و هەردوولا وەرەقەکانیان داوەتە یەکتر، ئەمجارە بەرچاو ڕوونترن بەرامبەر بە دۆخەکە، پێموایە دەرفەت هەیە بگەینە سازان و لێکتێگەیشتن لەوبارەیەوە".

> **تێڕوانینی هەردوولا بە وەرەقە ئامادەکراوە و داوایانەتە یەکتر**
> فەرید ئەسەسەرد

بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی لێپرسراوی مەڵبەندەکان دەبێ ئەندامی سەرکردایەتی بن. لێپرسراوی مەڵبەندەکانیش بە هەمانشێوەی بەرپرسی نۆ مەکتەبەکەی یەکێتی و پێنج کارگێڕەکە هەڵبژاردنیان بۆ دەکرێت.

نەسروڵڵا سوورچی دەڵێت "لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی فرە بازنەیی بوو، بۆیە لە سنووری هەموو مەڵبەندەکان، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیمان هەیە. بۆ بەرپرسی مەڵبەندەکان ئەندامانی سەرکردایەتی خۆیان کاندید دەکەن و لە سنووری هەر مەڵبەندێکدا کێ زۆرترین دەنگی هێنا، دەبێتە بەرپرسی مەڵبەند".

ئەوەی زۆرترین قسە و باسی لەسەر دەکرا کە ببێتە سەرۆکی یەکێتی، بەرهەم ساڵح سەرۆککۆماری عێراق بوو، بەڵام د.بەرهەم جگە لە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی کە بەبێ هەڵبژاردنی نهێنی لەگەڵ قوباد تاڵەبانی و ڕێواز فایەق دانران، هیچ بەرپرسیاریەتێکی دیکەی لەنێو یەکێتیدا نییە.

### دوو کوڕەکەی کۆسرەت ڕەسوڵ

فەرید ئەسەسەرد دەڵێ "د.بەرهەم لە کۆنگرەدا پێش 121 ئەندامەکەی سەرکردایەتی، بە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و ئێستاش ئەو پلەیەی هەیە". بەڵام مستەفا چالاوی دەڵێ: "بڕیاربوو کاک بەرهەم ببێتە هاوسەرۆک، دەڵێن خۆی ڕازینەبووە ببێتە هاوسەرۆک".

ئەی کوڕەکانی کۆسرەت چ بەرپرسیارێتییەک وەردەگرن؟ فەرید ئەسەسەرد لەوبارەیەوە دەڵێت: "نازانم هیچ ڕێککەوتن کراوە یان نا بۆ ئەوەی پۆستی دیکەیان پێبدرێت، بەڵام هەردووکیان ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتین و شایستەی ئەوەن لێپرسراوێتی شایستە و باشیان هەبێت". بەڵام نەسروڵڵا سوورچی دەڵێ: "ئەوان پێگەیان دیارە و هەر کاتێک بۆ هەر پۆستێک خۆیان هەڵبژێرن دەنگیان پێدەدرێت، بەڵام تائێستا هیچیان دیارینەکردووە".



کەمپێکیان لە زوممار بۆ دروست دەکرێ

# خێزانی چەکدارانی داعش دەگوازرێنەوە ناوچە کێشەلەسەرەکان

زریان حاجی
رووداو- هەولێر

حکومەتی عێراق بەنیازە لە چەند مانگی داهاتوودا دەیان هەزار ئەندامی خێزانی داعش بگوازێتەوە بۆ کەمپێک کە ئێستا لە ناوچەی زوممار دروستدەکرێ. بەرپرسانی پارێزگای نەینەوا، حکومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی ناوچەکەش بە دروستکردنی کەمپەکە قایل نین.

لە ساڵی ڕابردووەوە حکومەتی عێراق بەنیازی دروستکردنی کۆمەڵێک کەمپی دەستبەسەرییە بۆ 280 هەزار کەس لەوانەی ئەندامی خێزانەکانی چەکدارانی داعشن کە ئێستا 30 هەزاریان لە کەمپەکانی سووریان.

سیروان ڕۆژبەیانی، جێگری یەکەمی پارێزگاری نەینەوا بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "لە حوزەیرانی 2019 ڕێککەوتنێک لە نێوان حکومەتی عێراق و سووریا و یوئێن بۆ گواستنەوەی 32 هەزار ئەندامی خێزانی داعش لە سووریاوە بۆ عێراق کراوە".

نەتەوەیەکگرتووەکان لە سەرەتای پارساڵ پلانێکی بۆ گەڕاندنەوەی 30 هەزار ئەندامی خێزانی چەکدارانی داعش ڕادەستی حکومەتی عێراق کردبوو، داوای کردبوو خێزانەکان بەسەر کەمپە جیاجیاکانی عێراقدا دابەش بکرێن، نەک هەموویان لە یەک کەمپدا کۆبکرێنەوە.

شێروان دووبەردانی، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە پارێزگای نەینەوا، دەڵێت پێشتر بڕیار بوو ئەو 30 هەزار کەسە بگوازرێنەوە بۆ کەمپەکانی حەمام عەلیل و چەند کەمپێکی دیکە لە باشووری کەرکووک، بەڵام پلانەکە بەهۆی هەڕەشەی بەرپرسانی پارێزگای نەینەوا و خۆپیشاندانی خەڵکەوە ڕاگیرا.

بەرپرسێکی وەزارەتی ناوخۆی کوردستان:

## کەمپەکە جموجوڵی داعش لە ناوچەکە زیاد دەکات

زۆرینەی ئەو خێزانە عێراقییانە لە کاتی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی باغۆز لە ئاداری 2019، ڕوویان لە کەمپی ئەلهۆل لە پارێزگای حەسەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان کردبوو.

لە چەند مانگی ڕابردوودا بەرپرسانی پارێزگای نەینەوا هەوڵی زۆریان داوە حکومەتی عێراق لە بڕیاری دروستکردنی کەمپی زوممار پەشیمان بکەنەوە، بەڵام هەوڵەکان هیچ ئاکامێکیان نەبووە.

جێگری یەکەمی پارێزگاری نەینەوا لەبارەی هەوڵەکانیان دەڵێ: "ئێمە یاداشتێکمان بە عادل عەبدولمەهدی دا، ئەو بابەتەکەی ڕاگرت، بەڵام دیسان سەریهەڵدایەوە. هەتا ئێستا دیار نییە ئەو خێزانانە دێن یان نا، هەواڵ هەیە کە دوایانخستووە".

زوممار شارۆچکەیەکی سەر بە قەزای تەلعەفەرە و ناوچەیەکی ناکۆکی لەسەرە. ئەو شارۆچکەیە کە کورد و عەرەبی تێدا نیشتەجێیە، لە ئابی 2014 داعش دەستی بەسەردا گرت و لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ کرایەوە. لە دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017شەوە لەژێر کۆنترۆڵی هێزە عێراقییەکاندایە.

سەرچاوەیەکی باڵای کورد لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران، بە مەرجی ئاشکرانەکردنی ناوی بە (رووداو)ی گوت: "ئەگەر هەیە کارەکانی کەمپی زوممار ڕابگیرێ و تەواو نەکرێ، چونکە قایمقامێتی مووسڵ داوای کردووە ئەو کەمپە لەوێ دروست نەکرێ". بەڵام ڕۆژبەیانی دەڵێ "مانگ و نیوێکە کار لە کەمپەکە دەکرێ و 60%ی تەواو بووە، هەتا کۆتایی مانگی داهاتوو کارەکانی تەواو دەبێ".

هێرشی داعش جگە لە وێرانکاری و کوشتاری خەڵکێکی زۆر، درزی گەورەشی لە کۆمەڵگاکانی ئەو ناوچانەدا دروست کرد، بە تایبەتی لە نێوان کورد و عەرەب. لە کاتێکدا دوای هێرشی داعش گومانی زۆر لە نێوان پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایانە بەرامبەر یەکدی دروستبووە و گەڕانەوەی ئەو ژمارە زۆرەی خێزانی داعش کە زۆربەیان عەرەبن، هەڕەشەی گۆڕینی دیمۆگرافی لە ناوچەکە دەکات.

هۆشەنگ محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی ناوەندی هاوبەشی قەیرانەکان لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "مەترسیی دروستکردنی ئاژاوە و شەڕێک لە نێوان پێکهاتەکان هەیە، مەترسیی گۆڕینی دیمۆگرافیی ئەو ناوچانەش هەیە. ئێمە لە پلانەکەدا بەشدار نین و نازانین چۆنە و چۆن جێبەجێ دەکرێ و چۆن دەیپارێزن".

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەغدای ئاگادار کردووەتەوە کە نابێ ئەو خێزانە داعشانە بۆ ئەو ناوچە ناکۆکی لەسەرە بگوازرێنەوە، بەڕێوەبەرەکەی وەزارەتی ناوخۆ دەڵێ: "پلانەکە جێی گومانە و هۆکارەکانی پشت ئەو پلانەکە ناڕوونن".

عەلی عەبباس جەهانگیر، گوتەبێژی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق سەبارەت بە کەمپەکەی زوممار بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە ئەو ناوچەیەمان هەڵنەبژاردووە. نووسراومان هەیە کە دەڵێین کەمپی بەتاڵمان لە باشووری مووسڵ هەیە، نووسراوەکانمان بۆ ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی نارد، بەڵام ئەوان گوتیان ناوچەکانی باشووری مووسڵ لەڕووی ئەمنییەوە لاوازن".

گوتەبێژەکەی وەزارەتی کۆچ ئاشکرای کرد کە دوای نامەکانی ئەوان "تیمێکی کار لە سوپا ڕاسپێردرا و ناوچەکەیان ڕووپێو کرد و دوو ناوچەیان هەڵبژارد کە یەکێکیان لە نزیک بەعاجە و ئەوەی دیکەیان لە نزیک زوممارە".

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە "گەڕانەوەی عێراقییەکان ئارەزوومەندانە دەبێ و پێشنیازیش کراوە هێزێک بە قەبارەی لیوایەک پاراستنی کەمپەکەی زوممار لە ئەستۆ بگرێ".

چاوەڕێ دەکرێ دانانی ئەو کەمپە لە زوممار جموجوڵی داعش لەو ناوچەیە زیاتر بکات. هۆشەنگ محەممەد دەڵێت: "ئەو کەمپە دەبێتە هۆکاری زیادبوونی جموجوڵەکانی داعش و بەهێزبوونەوەی ئەو گرووپە لەو ناوچەیە".


وا بڕیارە 32 هەزار ئەندامی خێزانی چەکدارانی داعش لە سووریاوە بگوازرێنەوە بۆ عێراق

80 ملیۆن دۆلاری بۆ وەزارەتی پێشمەرگە تەرخانکراوە

# پێنتاگۆن پارەی پێشمەرگە و هەسەدە کەم دەکاتەوە

رووداو- هەولێر

لە ڕەشنووسی پرۆژەی بودجەی سەربازیی ئەمریکادا بۆ ساڵی 2021 کە ئەم مانگە دەرچووە، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا هاوکارییە داراییەکانی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) کەمکردووەتەوە. بڕی هاوکارییەکانی ئەمریکا لە هەریەک لە عێراق و سووریا 350 ملیۆن دۆلار کەمیکردووە، لە کاتێکدا بەرپرسانی کورد لە هەردوو دیوی سنوورەکە دەڵێن داعش لە قۆناغی هەڵسانەوەدایە.

لە پرۆژەی بودجەی 2020 دا بۆ شەڕی دژی داعش، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا یەک ملیار و 159 ملیۆن دۆلاری بۆ هێزە عێراقییەکان، پێشمەرگە و هەسەدە تەرخانکردبوو، بەڵام لە پرۆژەکەی 2021دا بۆ 845 ملیۆن دۆلار دابەزیوە.

لە پرۆژە بودجەی ئەمساڵدا 745 ملیۆن دۆلار بۆ ڕاهێنان و پێداویستییەکانی هێزە عێراقییەکان و 200 ملیۆن دۆلار بۆ ڕاهێنان و پێداویستییەکانی هێزەکانی سووریای دیموکرات و 250 ملیۆن دۆلار بۆ هێزی پاسەوانی سنوور لە سووریا تەرخان کرابوو.

بەڵام وەک لە ڕەشنووسەکەدا هاتووە، ساڵی داهاتوو 645 ملیۆن دۆلار بۆ هێزە عێراقییەکان تەرخان دەکرێ، بەشە پارەی هێزی پاسەوانی سنوور لە سووریا کە 250 ملیۆن دۆلار بوو ڕادەگیرێ و پارەی ڕاهێنان و پێداویستییەکانی هاوبەشەکانی ئەمریکا بۆ هەسەدە بە بڕی 100 ملیۆن دۆلار کەمی کردووە. بەوپێیە بێ بەشی هاوکاریی هێزەکانی هەسەدە لە ڕەشنووسی پرۆژەکەی 2021 لە چاو ڕەشنووسی پرۆژەکەی 2020 بە بڕی 350 ملیۆن دۆلار دابەزیوە.

ئەوە سێ ساڵی یەک لە دوای یەکە ئەمریکا بودجەی تەرخانکراو بۆ شەڕی دژی داعش کەمدەکاتەوە. لە بودجەی سەربازیی 2019دا، پێنتاگۆن یەک ملیار و 400 ملیۆن دۆلاری بۆ ئەو شەڕە تەرخان کردبوو.

یەکێک لە هۆکارەکانی دابەزینی بودجەی تەرخانکراو لە 2019 بۆ 2021 ، کەمکردنەوە و دواجار وەستاندنی ئەو پارەیە بوو کە وەک هاریکاری بۆ پێدانی مووچە، دابینکردنی خۆراک و سووتەمەنی بە وەزارەتی پێشمەرگە دەدرا. لە ساڵی 2021 دا چیدی ئەو پارەیە بە وەزارەتی پێشمەرگە نادرێ، لە کاتێکدا لە بودجەی سەربازیی 2019دا بڕی 290 ملیۆن دۆلار و لە 2020 دا بڕی 126 ملیۆن دۆلار بۆ مووچەی پێشمەرگە تەرخانکرابوو.

کۆی ئەو پارەیەی لە ڕەشنووسی بودجەی سەربازیی 2021 بۆ وەزارەتی پێشمەرگە تەرخانکراوە 80 ملیۆن و 694 هەزار و 891 دۆلارە، واتە ٪12ی کۆی ئەو پارەیەی لە ڕەشنووسەکە بۆ عێراق تەرخانکراوە بۆ هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان دەبێ.

لەو پارەیەی کە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە دانراوە، 33 ملیۆن دۆلار بۆ پێداویستییە سەرەتاییەکان، سووتەمەنی، کەلوپەلی بیناسازی، دەرمان، پارچەی چەک و پارچەی ئۆتۆمبێلی سەربازی تەرخان دەکرێ. 47 ملیۆن و 694 هەزار دۆلار بۆ پڕچەککردن و ڕاهێنانی 12 لیوای وەزارەتی پێشمەرگە دەبێ کە یەکخراونەتەوە، واتە ئەو هێزانە ناگرێتەوە کە بە گوێرەی ڕەشنووسەکە "لایەنگریی سیاسی"یان هەیە. 417 ملیۆن و 800 هەزار دۆلار بۆ ڕاهێنان و پڕچەککردنی هەموو هێزە عێراقییەکان پێشنیاز کراوە کە وەزارەتی بەرگری، دژەتیرۆری عێراق، وەزارەتی ناوخۆی عێراق و وەزارەتی پێشمەرگە دەگرێتەوە. بەوپێیە بێ لە کۆی ئەو پارەیەی بۆ ڕاهێنان و پڕچەککردنی هێزە عێراقییەکان دانراوە، 11.4%ی بۆ وەزارەتی پێشمەرگە دێ.

لە ڕەشنووسی بودجەی سەربازیی ئەمریکا بۆ 2020 داوای 300 ملیۆن دۆلار بۆ شەڕی دژی داعش لە سووریا کرابوو، بەڵام وەک لە ڕەشنووسەکەی ئەمساڵدا دەردەکەوێ 100 ملیۆن لەو پارەیە کەمکراوەتەوە، واتە ئەمساڵ 200 ملیۆن دۆلار بۆ هاوکاریی سەربازی تەرخان کراوە.

جیا لەمە ئەمریکا چیدی 250 ملیۆن دۆلار بۆ هێزی پاسەوانی سنوور نادات. وەک لە ڕەشنووسی بودجەی سەربازیی 2021دا هاتووە، ئەو بودجەیە یەکەمجار لە هی 2020یشدا نەبوو، چونکە "هێزەکانی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش داوایان نەکردبوو"، بەڵام دواتر ئەو پارەیە بە هەوڵی کۆنگرێس تەرخانکرا.

ساڵی ڕابردوو، ئەمریکا بەنیاز بوو هێزێک لە شەڕڤانانی هەسەدە بۆ پاراستنی سنوورەکانی نێوان تورکیا و ڕۆژئاوای کوردستان دروست بکات، بەڵام هێرشی ساڵی ڕابردووی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا ئەو پلانەی ڕاگرت.

دوو سەرچاوەی ئاگادار لە هەسەدە بە ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر)یان ڕاگەیاندووە، ئاگایان لەوە نییە ئەمریکا 100 ملیۆن دۆلاری لەو پارەیە کەم کردبێتەوە کە لە چوارچێوەی پرۆژە بودجەی 2020 بۆ شەڕی دژی داعش لە سووریا دانرابوو، هەروەها ئەو پارەیەش کە لە ڕەشنووسی بودجەی 2021 بۆ هێزی پاسەوانی سنوور لێیان بڕدراوە.

سەرچاوەیەکی نزیک لە هەسەدە لەبارەی بێدەنگیی هەسەدە لەو هەنگاوەی پێنتاگۆن دەڵێ: "هیچکەس نایەوێ تووشی هەڕەشە و نمایشی هێزی ترەمپ بێ. ئەگەر منیش بوومایە دەترسام لەوەی ترەمپ بڵێ ئەوە پارەی خۆمانە و دەبێ مەمنوون بن و داوای زیاتر نەکەن".

# دوو میکانیزم بۆ یەکگرتنی یەکەکانی 70 و 80 پێشنیاز دەکرێ

زریان حاجی
رووداو- هەولێر

هەموو لایەنەکان لەسەر کاغەز کۆکن لەسەر ئەوەی یەکەکانی 70 و 80 ی پێشمەرگە یەکبخرێن، بەڵام دوای ساڵ و نیوێک لە دەستپێکردنی پرۆسەی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگە هێشتا دیار نییە چارەنووسی یەکخستنی هێزەکان چی دەبێت.

### "کێشە بۆ خۆمان دروست ناکەین"

ئێستا 12 لیوای "تێکەڵ"ی پێشمەرگەی یەکێتی و پارتی لەژێر چاودێریی وەزارەتی پێشمەرگەدان. زۆربەی ئەو لیوایانە لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر لەبەریەک هەڵوەشانەوە، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا یەکیانگرتەوە. بەڵام چارەنووسی یەکەی 70ی یەکێتی و 80ی پارتی هەر بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە.

فەرماندەیەکی یەکەی 70 کە بەهۆی هەستیاریی بابەتەکە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، بە (رووداو)ی گوت "یەکێک لە بڕیارەکانمان ئەوەیە لەسەر ئەو بابەتە قسە نەکەین".

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی 11ی تشرینی یەکەمی 2019 لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەت و فەرماندەکانی پێشمەرگە کۆبووەوە. تێیدا بڕیار لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی بەدواداچوون بۆ هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە درا.

نەجات عەلی، فەرماندەی یەکەی 80ی پارتی، لەبارەی هەستیاریی بابەتەکەوە دەڵێ: "هەر لێدوانێک لەسەر ئەو بابەتە بدەین کێشە بۆ خۆمان دروست دەکەین. بۆچوونمان لێک نزیکە، بەڵام هەتا ئێستا میکانیزمەکە دیار نییە"

پرۆژەی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگە پاکێجێکە لە 35 خاڵ پێکدێ و یەکێک لەوان یەکخستنی یەکەکانی 70 و 80یە. پرۆژەکە بە هاوکاریی ئەمریکا، بەریتانیا و ئەڵمانیا دەستیپێکردووە و بەشێکە لە پلانێکی بەرفراوانتر بۆ دارشتنەوەی ستراتیژی بەرگریی هەرێمی کوردستان کە ماوەی 10 ساڵی بۆ دانراوە. پرۆژەی یەکخستنی هێزەکان هەوڵێکی نوێ نییە، بەڵام لە ناوەڕاستی 2018 وە لە چوارچێوەی پرۆژەی چاکسازیدا دەستیپێکراوە.

مارتن وار، کونسوڵی ئەوکاتی بەریتانیا لە هەولێر، لە کاتی ڕاگەیاندنی پرۆژەکە ڕایگەیاند: "جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە ماوەیەکی زۆری دەوێ و ساڵانێکی زۆر دەخایەنێ". (رووداو) زانیویەتی لە کاتی دەستبەکاربوونی ئیدارەی نوێی هەرێمی کوردستانەوە هەوڵێکی نوێ بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە دەستیپێکردووە کە سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی حکومەت و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان تێیدا بەشدارن.

بابەکر فەقێ، گوتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە نەیشاردەوە کە "لەڕووی میکانیزمەوە" کێشە هەیە و ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە "کارەکان بەردەوامن، لیژنەیەک پێکهاتووە لە سەرۆک ئەرکان و ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە و فەرماندەی یەکەکانی 70 و 80".

پێشتر پۆست و میلاکاتی پێشمەرگە لەسەر بنەمای 50 بە 50 لە نێوان پارتی و یەکێتیدا دابەش دەکران، یان لیواکان لەسەر هەمان بنەما لە نێوان هەردوو حیزبدا دابەش دەکران.

سەربەست لەزگین، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێ: "ئەوە ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە بۆ ئەم قۆناغە پێویستە لەسەر میلاکی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگە و هەیکەلیەت و ڕێکخستنی یەکگرتوو ڕێکبکەوین. ئێستا حاڵەتێک هەیە کە هیچ کەسمان بڕوامان پێی نییە، لە دونیادا نییە مووچەی دەیان هەزار بدرێ، بێ ئەوەی بزانرێ کێن و چۆن ڕێکخراون، ئێستا لە یەکەی 70 و 80 حاڵەتێکی وەها هەیە. پێویستە بگەینە ئاستێک کە بە شێوەی ئۆنلاین خەڵک وەربگرین، نەک لە ڕێگای پارتی و یەکێتییەوە".

بەبڕوای لەزگین جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە پێویستی بە ئیرادەیەکی سیاسیش هەیە: "هەندێک خاڵ هەن کە ڕەنگە بابەتی سیاسیشیان تێدابێ و پێویست بەوە بکات پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنی لەسەر بکەن یان پێکەوە بڕیاری لەسەر بدەن".

هەتا ئێستا بیر لە دوو سیستەم کراوەتەوە بۆ یەکخستن و ڕێکخستنەوەی هەردوو یەکەی 70 و 80، بابەکر فەقێ لەوبارەوە دەڵێ: "سیستەمێکیان ئەوەیە هەموو هێزەکان بە شێوەی تێکەڵ ڕێکبخرێنەوە. سیستەمەکەی دیکەشیان ئەوەیە هەموو لیواکانی یەکەی 70 و 80 ڕێکبخرێن، بە شێوازێک سەر بە ئەوان بێ، بەڵام ڕێکبخرێنەوە و سەر بە وەزارەت بێ".

گوتەبێژەکەی وەزارەتی پێشمەرگە سەبارەت بەوەی کە کام لەو بژارە پشتگیریی زیاتری لێدەکرێ، گوتی "هەردوو شێوازەکە هەیە، بەڵام ئەوەیان کە ڕاستەوخۆ سەر بە دوو هێزی 70 و 80 بن (ئەگەری زیاترە)، چونکە ئەوان دەڵێن ئێمە پرۆسەی یەکەممان بەکارهێناوە هەرچەند سەرکەوتووش بووە، بەڵام سەرکەوتنێکی باش نەبووە".


پێشمەرگەکانی یەکەی 80 دوای تەواوکردنی خولێکی ڕاهێنانی سەربازی

## "تورکیاییبوون"ی HDP هێشتا جێگەی گفتوگۆیە

# پرۆفیسۆرێکی عەرەب و پەروین بولڎان بوونە هاوسەرۆک

**ڕووداو — ئەنقەرە**

دوێنێ 23ی شوباتی 2020، چوارەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی گەلان HDP دەستپێکرد. لەکۆی 1018 ئەندامی کۆنگرە، 838 ئەندام دەنگیاندا، لە ئەنجامدا بە 336 دەنگ پەروین بولڎان و میدهاد سانجار بە هاوسەرۆک هەڵبژێردران. پرۆفیسۆر د.میدهاد سانجار، کەسێکی بە ڕەچەڵەک عەرەبە و ساڵی 1963 لەشاری نسێبین لەدایکبووە، مامۆستای کۆلیژی ماف بوو لە زانکۆی ئەنقەرە. لەکاتی پرۆسەی ئاشتیدا کرایە ئەندامی ئەنجومەنی عاقڵمەندان. لە هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی 2015 بۆ یەکەمجار بووە ئەندامی پەرلەمانی تورکیا و ئێستاش جێگری سەرۆکی پەرلەمانە لەسەر لیستی HDP. سانجار، کە زمانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی دەزانێت، خاوەنی پەیوەندییەکی بەرفراوانە لەگەڵ هەموو پارتەکان. ئەو خزمی عەزیز سانجارە کە لە ساڵی 2015دا لەگەڵ دوو زانای دیکەدا خەڵاتی نۆبڵی لە بواری کیمیادا بردەوە، بەڵام پەیوەندییان باش نییە، چونکە عەزیز سانجار دژی ئەندامبوونی میدهاد سانجارە لە HDPدا.

زیاتر لە 30 هەزار کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی HDP بۆ پشتیوانیی کۆنگرە چوونە ئەنقەرە. لەو کۆنگرەیەدا کە ڕۆژێک بەردەوام بوو، جێگرانی هاوسەرۆکەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەندی، دەستەی دیسپلین و دەستەی ڕێککەوتنیش هەڵبژێردران.

لەو کۆنگرەیەدا، دووجار گۆرانی (زمانێ کوردی زمانێ مەیە) لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە ئاوێتەی دەنگی هونەرمەندی کۆچکردوو ئامەد تیگران بوو. هەروەها جیاواز لە کۆنگرەکانی دیکە، بەڵگەنامە و نامیلکەکانی کۆنگرە بە کوردیش چاپکرابوون، لە ستراتیژەکانی HDPدا، باس لە دروستکردنی کۆمیتەیەک کراوە بۆ ناساندنی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی و پەروەردە لە تورکیا.

لەو کۆنگرەیەدا کە نوێنەری پارتەکانی کوردستان لە باکوور و باشووری کوردستانیشەوە بەشداربوون وەک میوان، لەوانەیە گفتوگۆی نێو HDP لەسەر سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی دەستەواژەی "تورکیاییبوون"ی HDP کۆتایی نەهێنن.

لە 15ی تشرینی یەکەمی 2012 دا پارتی دیموکراتی گەلان HDP دوای هەڵوەشانەوەی پارتی ئاشتی و دیموکراسی BDP دامەزرا. پارتی دیموکراتی گەلان لە ساڵی 2014 بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا کرد، پاشان سەڵاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی پارتەکە خۆی بۆ سەرۆککۆماری تورکیا بەربژێر کرد و نزیکەی 10%ی دەنگەکانی هێنا. ئەم دوو هەڵبژاردنە تاقیکردنەوەیەک بوو بۆ HDP بۆ ئەوەی ڕێژەی دەنگەکانی لە ڕۆژئاوای تورکیا بزانێت. لەم دوو هەڵبژاردنەدا دەرکەوت HDP دەتوانێ ببێتە پارتێکی کاریگەری ئۆپۆزیسیۆنیی پەرلەمانی. لە هەڵبژاردنی حوەزیرانی 2015دا، 13.2%ی دەنگەکان و 83 کورسی پەرلەمانی برد.



میدهاد سانجار و پەروین بولڎان دوای هەڵبژاردنیان بە هاوسەرۆکی HDP (فۆتۆ: ڕووداو)

بەڵام ئەو پارتە کە دوێنێ چوارەم کۆنگرەی خۆی بەست، بەراورد بە رابردوو لە ڕەوشێکی جیاوازدایە، بەتایبەتیش پاش ئەوەی بەشێک لە سەرکردە کاریگەرەکانی خرانە زیندان.

ئەحمەد فارووق ئونساڵ، سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی مەزلوم-دەر دەڵێت: "HDP ئاستەنگی زۆری بۆ دروستکراوە. لە بارودۆخێکدایە، زەحمەتە بتوانێ ببێتە ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا. بۆ تێپەڕاندنی ئەم ئاستەنگە یاسایی و کردەییانە دەبێ دەرگاری خۆی بۆ هەموو ئەو توێژ و چینانە بکاتەوە کە ئۆپۆزیسیۆنن. جگە لە نوێکردنەوەی کادیرانی، دەبێ گوتارەکەشی نوێ بکاتەوە".

لە 15ی شوباتدا سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی HDP کە ماوەی چوار ساڵە لە بەندیخانەیە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (یەنی یەشام) تێڕوانینی خۆی بۆ کۆنگرەی HDP دەربڕی و گوتی بۆ ئەوەی HDP بگاتە ئەو ئامانجانەی لە پێناویدا دامەزراوە، دەبێ تەکتیک، شێوازی ململانێ و کاری ڕێکخراوەیی، گوتار و کرداری خۆی بگۆڕێت".

گوتیشی: "خەڵک چاوەڕێیە HDP ببێتە هێزی چارەسەر".

سەبارەت بە "تورکیاییبوون"ی HDP ، دەمیرتاش دەڵێت: "لێکدانەوەی هەڵەی بۆ کراوە، کورد بە (تورکبوون)یان زانیوە و وەکو دوورکەوتنەوە لە کێشەی کورد خوێندراوەتەوە".

هەروەها دەڵێت: " HDP پارتی جەماوەرە نەک دەوڵەت. بەمە دەگوترێت (پارتی تورکیا)، کاتێک HDP ئەمە جێبەجێ ناکات، هەموو بەڕوویدا دەتەقنەوە و دەڵێن تۆ پارتی هەموو تورکیا نیت".

سینان چیفتیورەک، سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان لە تورکیا کە یەکێکە لەو پارتانەی لە زۆر پرسدا هاوڕای HDP یە، پێیوایە یەکەم ئەرکی کۆنگرەی HDP یەکلاییکردنەوەی پێناسەی دەستەواژەی "تورکیاییبوونە". چیفتیورەک دەڵێت: " HDP جەخت لە تورکیاییبوون دەکاتەوە، بوون بە تورک ڕەتدەکاتەوە، بەڵام کەس لەمە تێناگات. هەرکەس بە گوێرەی خۆی ڕاڤەی دەکات، بۆیە پێشنیاز دەکەم HDP ئەو پرسە لە کۆنگرە یەکلایی بکاتەوە".

ئادەم گەڤەری پەرلەمانتاری پێشووی HDP ، پێیوانییە HDP بتوانێ لەم کۆنگرەیەدا گۆڕانکاری گەورە بکات. گەڤەری کە هیچ پەیوەندییەکی حیزبی لەگەڵ HDP نەماوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەمڕۆ HDP بۆ دواوە هەنگاو دەنێت، لەسەر هۆشیارییەکی لاوەکی خۆی ڕێکدەخاتەوە. لە ژێر کاریگەریی چەپی تورکدایە. لەهەمانکاتدا دەیەوێ لەسەر شێوازی پارتەکانی پێش خۆی ئەوانەی لە بزووتنەوەی کوردی نزیکبوون، خۆی دیزاین بکاتەوە. ئەمەش پارتەکە دەکاتە پارتێکی ئایدیۆلۆژی و ناتوانێ ببێتە موڵکی میللەت".

سەبارەت بە دەستەواژەی تورکیاییبوون لە فەرهەنگی HDP دا، ئادەم گەڤەری دەڵێت: "90%ی ئەندام و دەنگدەری HDP کوردن، ئامانجی ئەوانیش بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانە، بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافەش گوشار دەخەنە سەر HDP . HDP دەڵێت لە تورکیاییبوون ئامانج تورکبوون نییە، بەڵکو ئامانج سیاسەتکردنە لە هەموو تورکیا، چونکە کورد بە هەموو ناوچەکانی تورکیادا بڵاوبوونەتەوە".

لەڕووی ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوە HDP لە ئەنجامی نووسین و شرۆڤەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە زیندانی ئیمراڵی، لەدایکبووە. ئۆجەلان پێیوایە بەبێ لەباوەشگرتنی لایەنە چەوساوەکانی نێو کۆمەڵگەی تورکیا زەحمەتە کێشەی کورد چارەسەر بکرێت. ئادەم گەڤەری لەوبارەیەوە دەڵێت: "لەڕووی سیاسییەوە ئەمە ڕاستە، بەڵام HDP ناتوانێ ئەمە جێبەجێ بکات و ناشتوانێ بۆ کورد ڕوونی بکاتەوە. چونکە گوتار و کردەوەی یەکناگرێتەوە. زۆرجار دەبنە هۆکاری ململانێی حیزبەکانی تورکیا. هەندێکجار پشتگیری جەهەپە دەکات، هەندێکجار بەتایبەتی لە دژی ئاکەپە ناڕەزایی دەردەبڕێت".



ڕەخنەیەکی دیکە کە بەردەوام ئاراستەی HDP دەکرێت، بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕی خەندەق و دواتر، ئەوەیە کە ئەم پارتە نەیتوانیوە هێڵێکی سوور لەنێوان خۆی و توندوتیژی بکێشێت. ئەمەش کێشە بۆ بە جەماوەرییبوونی HDP دروستدەکات و بۆ دەوڵەتیش دەبێتە بیانوو تاوەکو زیاتر هێرشی بکاتە سەر.

لەڕووی مۆدێلی حیزبایەتیشەوە پێویستە HDP لەنێوان شینفێن و سیریزا خۆی یەکلایی بکاتەوە. شینفێن حیزبێکی نەتەوەیی ئێرلەندییە و لەساڵی 1905 دامەزراوە و داوای سەربەخۆیی ئێرلەندا لە بەریتانیای گەورە دەکات. دوای خەباتێکی درێژ و پڕ لە نسکۆ، (شینفێن) لە بیروکە و بزووتنەوەیەکی سیاسییەوە، بووە حیزبێکی سیاسی و ئاشتیخواز. لەساڵی 1919 باڵی سەربازیی ئەم حیزبە (سوپای کۆماری ئێرلەندی — ئیرا) شەڕیان لە دژی بەریتانیا ڕاگەیاند. ساڵی 1983 کاتێک جێری ئادامز بووە سەرۆکی ئەم پارتە، توانی لە گۆڕەپانی سیاسەتکردندا پێشبکەوێت، لە ساڵی 2001 لە ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیا چوار کورسی بەدەستهێنا، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەبوو شینفێن توانی کۆتایی بە شەڕی نێوان ئیرا و بەریتانیا بێنێت و زەمینەی ڕێککەوتنی سیاسی دروستبکات.

بەڵام مۆدێلی سیریزا کە مەیلێکی کۆمۆنیستی هەیە و لە ساڵی 2004 لە یۆنان لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند حیزبێکی چەپ دروستبووە، داوای "دیموکراسیی ڕادیکاڵ" دەکات. ئەم پارتە لە ناڕەزاییەکانی یۆنان بەهۆی دۆخی ئابووری لە ساڵی 2008 دا زیاتر ناسرا. لە 25ی کانوونی دووەمی 2015 سیریزا هاتە سەر دەسەڵات و نەیتوانی ئەم بەرنامەیەی داڕشتبوو جێبەجێبکات و کۆتایی بە سیاسەتی سکگوشین (تقشف) بێنێت کە وڵاتانی ئەوروپا بۆ پێدانی قەرز، بەسەر ئەم وڵاتەیاندا سەپاندبوو. HDP تاوەکو کۆنگرەی چوارەم پێیوابوو دەتوانێ هەردوو مۆدێل بەیەکەوە جێبەجێبکات، بەڵام لە بواری کرداریدا ئەمە ڕەنگدانەوەی لەسەر سیاسەتی HDP نەبوو.

سینان چیفتیورەک، پێیوایە دەبێ HDP یەکێک لەم دوو مۆدێلە هەڵبژێرێت: "خۆپێشاندانەکانی (پارکی گەزی) هەنگاوێک بوون بۆ دیموکراسیی ڕادیکاڵ، بەڵام HDP نەیتوانی ڕۆڵی خۆی لەم خۆپیشاندانە بگێڕێت، چونکە پرۆسەی چارەسەری هەبوو، پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵات خۆشبوو".

هەروەها دەڵێت: "ئەگەر تۆ بانگەشە بکەیت و بڵێیت لە ئامەد ڕۆڵی شینفێن دەگێڕم، لە ئەنقەرە ناتوانی ڕۆڵی سیریزا بگێڕی. لەم ڕوانگەیەشەوە دەبێ HDP بڵێ ڕۆڵی شینفێن دەگێڕم و دیموکراسی ڕادیکاڵیش ڕەتناکەمەوە".

چیفتیورەک کۆنگرەی HDP بە دەرفەت دەزانێ بۆ ئەوەی ئەم پارتە واز لە دروشمی ئۆتۆنۆمی "خۆسەری" بێنێ و داوای فیدراڵی بکات و دەڵێت: "سنووری نێوان ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی مەسەلەیەکی تیۆری نییە، مەسەلەیەکی پراکتیکی و سیاسییە. نموونەی یەکێتی و پارتی لە باشوور لەبەرچاون کە داوای ئۆتۆنۆمییان دەکرد، بەڵام کاتێک دەرفەت ڕەخسا فیدراڵی لە شێوەی کۆنفیدراڵیزم ئاوا کرا. لە ڕۆژئاواش بە هەمانشێوە بانگەشەی خۆسەری دەکەن، بەڵام لە واقیعدا هەوڵدەدەن فیدراڵی و کۆنفیدراڵی ئاوا بکەن. بۆیە پێشنیاز دەکەم HDP داوای فیدراڵی بۆ کوردستان و بۆ تورکیا بکات".

بەڵام ئادەم گەڤەری پێیوایە هیچکام لەو دوو مۆدێلە بۆ HDP گونجاو نین و دەڵێت: "دیموکراسی ڕادیکاڵ لە ئەوروپا تەنیا قسەیە. سیریزا بەناوی دیموکراسی ڕادیکاڵ هاتە سەر دەسەڵات، بەڵام نەیتوانی بەرنامەکەی جێبەجێبکات. ئەو زەمینەیەی شینفێن کاری تێدا دەکرد جیاوازە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆربەی شتەکان سوپرایزن و سوپرایزەکانیش تراژیدین".

## بەپێی ئاماری فەرمیی دەوڵەت تەنیا 32%ی خەڵک بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساردوسڕترین هەڵبژاردنی بەڕێکرد

**جەبار دەستبار**
**ڕووداو ـ سنە**

بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی، خەڵکێکی کەم لە بنکەکانی دەنگدان لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبینران، ئەوە ئاماژەیەکی سەرەتایی بوو بۆ ئەوەی خەڵکی شارەکە بە ساردوسڕییەوە بەدەم بانگەوازی دەسەڵاتدارانی وڵاتەوە چوون کە داوایان لە خەڵک کردبوو بە گەرموگوڕی بەشداریی لە دەنگدان بۆ پەرلەمانی ئێران بکەن.

بنکەکانی دەنگدان لە گەڕەکی شەلمانی، نە دەنگدەر و نە هێزێکی ئەوتۆی ئەمنیی لێ نەبوو، هەر چەند خولەک جارێک دەنگدەرێک دەهات و دەنگی خۆی دەدا و دەڕۆیشت. ڕێگە بە هیچکەس نەدەدرا وێنەی ئەو دیمەنە چۆڵە بگرێ.

لە یەکێک لە بنکەکان چاوم بە پیاوێکی میانساڵ بەناوی ئەحمەد خانی و هاوژینەکەی کەوت، کە چارشێوێکی ڕەشی بە خۆیدا دابوو. ئەحمەد بە شێوەزاری کەڵهوری قسەی دەکرد کە لە پارێزگای کرماشان و شاری قوروەی پارێزگای سنە قسەی پێدەکرێ و گوتی وەک وەڵامێک بۆ داواکەی ویلایەتی فەقیهـ عەلی خامنەیی و بۆ ڕێزلێنان لە قاسم سولەیمانی هاتووە دەنگبدات.

ئەحمەد هۆکاری چۆڵبوونی بنکەکانی دەنگدانی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە گەڕەکەکە دەوڵەمەندنشینە و ئەو جۆرە خەڵکە دەنگ نادەن، هیواشی خواست خەڵکی پارێزگای سنە "ئەرکی نیشتمانیی" خۆیان بەجێ بگەیەنن و گوێ بۆ "پڕوپاگەندەی دوژمنان" نەدەن کە داوای بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکە دەکەن.

بەهۆی سەرکوتی سیاسی، تێکچوونی دۆخی ئابووریی ئێران و ڕەتکردنەوەی بەرچاوی ناوی کاندیدەکانەوە، چالاکڤانان لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران داوایان لە خەڵک کردبوو لە هەڵبژاردنەکەی ڕۆژی هەینیدا بەشداری نەکەن.

دەسەڵاتدارانی ئێران هەوڵێکی زۆریان دا بەشداریی کەمی خەڵک بشارنەوە، بۆیە داوایان لە خەڵک دەکرد "ئەرکی مەدەنی"ی خۆیان جێبەجێ بکەن، لە کاتێکدا ماوەی دەنگدان بە تێکڕایی بۆ پێنج سەعات درێژکرایەوە.

عەبدوڵڵا، تەمەن 38 ساڵ، لە شەلمان شوفێری تەکسییە و لە نووسینگەی میراتی سنەش کار دەکات، بەڵام وەک خۆی دەڵێ ماوەی شەش مانگە مووچەی وەرنەگرتووە.

عەبدوڵڵا هیوایەکی ئەوتۆی بە داهاتووی سیاسیی ئێران نەماوە و پێیوایە هەر کەسێکیش ببێتە ئەندام پەرلەمان تەنیا بیر لە پڕکردنی گیرفانی خۆی دەکاتەوە، وەک خۆی گوتی هەڵمەتی بایکۆت بەهێزە، هەرچەند هەوڵێکی زۆریش درا بۆ بەرەنگاربوونەوەی. شوفێر تەکسییە کوردەکە یەکێک بوو لە بەشدارانی هەڵمەتی بایکۆتی هەڵبژاردن و گوتی لەسەر ئەو هەڵوێستەی خۆی سوورە، ئەگەرچی بەڕێوەبەری میراتی کولتووری سنە هەڕەشەی لێکردبوو کە ئەگەر دەنگ نەدات، ئەوە دەبێ چاوەڕێی ئاکامە ناخۆشەکەی بێت.

عەبدوڵڵا گوتی: "ئیدی هەتا لووتمان هاتووە، بە زەحمەت دەتوانین بژێوی خۆمان دابین بکەین. لەم چەند ساڵەی دواییدا هەر بەرپرسە و هاتووە و بەڵێنی باشترکردنی دۆخەکەی داوە، کەچی هەموو شتێک هەر وەک خۆیەتی".

سوودابە، تەمەن 50 ساڵ، لە گەڕەکی هەژارنشینی نەیسار دەژی و خزمەتی ژنێکی بەساڵاچوو دەکات. ئەویش لە ژیان بێزاربووە و بڕوای بە هیچ کەسێک نەماوە و بە (ڕووداو)ی گوت "مێردەکەم نەخۆشە. چوار منداڵمان هەیە و لە خانووی کرێدا دەژین، هەموو داهاتی مانگانەمان 40 دۆلارە. کاندیداکان دەیانویست بە کۆبۆنی زەیت و برنج هەڵمانخەڵەتێنن. ئەوان نازانن ئێمە کێشە و مەینەتیمان زۆرە و ئەمە دادمان نادات".

سوودابە دەڵێ زۆر لەوانەی بەشداری دەنگدانەکەیان کردووە لەبەر کۆبۆنی پشکی زەیت و برنج دەنگیان داوە، چونکە دەترسن ئەگەر دەنگ نەدەن ئەو پشکەیان لێ ببڕن.



پارێزگای سنە یەکێک لە هەژارترین پارێزگاکانی ئێرانە. هێزە ئەمنییەکانی ئێران لە پارێزگای سنە، لە کاتی خۆپیشاندانەکانی تشرینی دووەمی ساڵی رابردوو بە توندی دەستیان لە خۆپیشاندەرانی ئەو پارێزگایە وەشاند.

لەڕووی مێژووییەوە، گەڕەکە هەژار و پڕدانیشتووەکانی سنە ڕێژەیەکی زۆرتری بەشداری لە دەنگدانیان تۆمار کرد، بەڵام لە هەڵبژاردنەکەی ئەمجارەدا لە کانی کوزەڵە و 25 ناوچەی دیکەی سنە بنکەکانی دەنگدان ئەوەندەی چاوەڕێ دەکرا قەرەباڵغ نەبوون.

ژیلا، تەمەن 25 ساڵ، بەمدواییە لە زانکۆ دەرچووە و لە یەکێک لە بنکەکانی دەنگدان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ڕێژەی بەشداری لە ناوچە هەژار و گوندییەکان بەرزترە. بەشی زۆری کاندیداکانی ئەم هەڵبژاردنە خۆیان بە خەڵکی گوند و ناوچە هەژارنشینەکان لە قەڵەم دەدەن. بەگشتی لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا تەنیا 32%ی خەڵک دەنگیان دا، ئەمە بەپێی ئاماری فەرمیی دەوڵەت. ئەوانەی نەیاری دەوڵەتن هێشتا گومانیان لەو ژمارەیەش هەیە و پێیانوایە بەشدارییەکە لەوەش کەمتر بووە.

ژیلا بە (ڕووداو)ی گوت "من هاتووم بۆ ئەوەی ناسنامەکەم (واتە ڕەگەزنامە ئێرانییەکەم) مۆری لێبدرێ، نەکا لە داهاتوودا کێشەم بۆ دروست بکەن. من دەزانم هەرکەسێکیش هەڵبژێرین، ژیانی ئێمە هیچی لێ ناگۆڕێ و بێکاریی گەنجان و هەژاری بەردەوام دەبێ".

قەرەباڵغترین شوێنی دەنگدان لە شاری سنە مزگەوتی جامیعەی شار بوو کە دەکەوێتە ناوەڕاستی شار. بەڵام ئەو بەشەی شاریش هێندەی هەڵبژاردنەکەی پێشوو قەرەباڵغ نەبوو، هەرچەند پێدەچوو بەشێک لە قەرەباڵغی مزگەوتی جامیعەش بە هۆی نوێژی هەینییەوە بووبێ.

چالاکڤانان لە شارەکانی مەریوان و دیواندەرە بە (ڕووداو)یان ڕاگەیاند کە ڕێژەی بەشداری لەو شارانەش کەم بووە، بەڵام لە هەردوو شاری سەقز و بانە خەڵکێکی زیاتر بەشدارییان کردووە.

## دارای حاجی برایمی چەرمەگا بۆ (ڕووداو):

# مولازم موحسین نەکوژراوە و ئێستاش تەلەفۆنم بۆ دەکات


(فۆتۆ: ڕووداو)

لە کۆتاییەکانی ئۆکتۆبەری 2016 هەواڵێک میدیای کوردیی تەنی، هەواڵی ئەوەی گوایە مولازم موحسین کە کۆنە ئەفسەرێکی ئەمنی بەعس بوو لە سلێمانی، لەلایەن هێزێکی تایبەتی کۆسرەت ڕەسوڵەوە لە یەمەن کوژراوە. هەواڵەکە بەتایبەتی بۆ خەڵکی سلێمانی مایەی دڵخۆشی بوو، بەڵام دارای حاجی برایمی چەرمەگا کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ مولازم موحسین هەیە، ئەو هەواڵە بەدرۆ دەخاتەوە و دەڵێت مەگەر لە خەویاندا کوشتبێتیان. دەشڵێت ئێستاش پەیوەندییان هەیە و مولازم موحسین زوو زوو هەواڵی خەڵکی سلێمانی لێ دەپرسێت. ئەگەرچی دەگوترا مولازم موحسین بە ڕەچەڵەک فەڵەستینییە، بەڵام دارای حاجی برایمی چەرمەگا دەڵێت دایکی کوردە و خەڵکی خانەقینە. دارای حاجی برایم لە دوایین بەشی بەرنامەی پەنجەمۆردا کە لە تەلەڤزیۆنی ڕووداو پەخش دەکرێ، زانیاریی زیاتر لەبارەی پەیوەندیی خۆی و بەرپرسانی پێشووی بەعس، هەروەها پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران باس دەکات.

هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین
ڕووداو - سلێمانی

### بەشی سێیەم و کۆتایی

**ڕووداو: ئەو ماوەیەی کە لە ئێران بووی، هیچ پەیوەندییەکت لەگەڵ کاک مەسعوود هەبوو؟**

**دارای حاجی برایم:** ئەو ماوەیەی کە شەڕی خواکورک بوو، خاڵە نەجم و کاک عوسمانی قادر منەوەر و کاک فازڵ ڕەئوف هاتن بۆ لام. گوتیان ڕات چییە لەبارەی ئەو شەڕە. گوتم ئەگەر کاک مەسعوود و مەکتەبی سیاسی قبووڵی بکەن دێم. نامەیەکم بۆ کاک مەسعوود نووسی کە حەز دەکەم بەشداری ئەو شەڕە بکەم. کاک مەسعوود وەڵامی نامەکەی دایەوە و گوتی ئێستا حاڵ و وەزعمان باشە. حەزیش دەکەین بەشداری بکەی، لە حاڵێکدا ئەگەر پێویستمان پێت هەبێ. ئەوە شتێکی زۆر بوو تۆ لە حیزبێکی دیکە بیت و بچی شەڕ بۆ حیزبێکی دیکە بکەی. هەتا ڕۆژێکیان کاک مەسعوود پێیگوتم کە نامەکەی تۆم خوێندەوە وام هەست دەکرد هەموو کوردم لەگەڵە.

**ڕووداو: ئێرانییەکان جگە لە حیزب، پەیوەندییان لەگەڵ کەسایەتییەکان و سەرۆک عەشیرەتەکانیش دروست دەکرد، مەبەستیان لەمە چی بوو؟**

**دارای حاجی برایم:** ئێران بەردەوام وایە. کۆمەڵێک خەڵک پەیدا دەکات. هەندێک حیزبی لە ئێران دامەزراندبوو هیچ نەبوون. هەندێک پارەی دەدانێ،

> 56 دۆنم زەویم لێ داگیرکراوە

بۆ ئایندە ئەگەر پێویستی پێ بن ئیشێکیان پێ بکات. تەنانەت حیزبە عێراقییەکانیش وا بوون. دوای تەواوبوونی شەڕی ئێران و عێراق بانگیان کردین بۆ تاران. ملازم کەریم بەناوی پاسۆک. ڕەسوڵ مامەند لە سۆسیالیست، سامی عەبدولڕەحمان لە پارتی گەل. مەلا عەلی لە بزووتنەوە. کاک نەوشیروان و د.کەماف فوئاد لە یەکێتی، کاک نێچیرڤان و عەلی عەبدوڵڵا لە پارتی بەشدار بوون. لەوێ ئێرانییەکان سەرەتا باسی کاک ئیدریسیان کرد کە ساڵێک بوو کۆچی دوایی

> پارێزەرەکەی سەددام زۆر برادەرمە

کردبوو، گوتیان ئێمە موتەئەسیرین بە لەدەستدانی ئەو، پاشان گوتیان ئێمە چیتان بۆ بکەین. مەلا عەلی هەستایەوە و گوتی: هیچ بۆ من مەکەن، من بچمەوە هەڵەبجە چی وەڵامی ئەو خەڵکە بدەمەوە کە کیمیاباران کراون. ئێرانییەکان گوتیان ئێمە لەگەڵ عێراق ڕێککەوتووین. ئێوە دەتوانن وەکو پەنابەر لێرە بمێننەوە هەتا بزانین بارودۆخەکە چی لێدێت. ئێران کە یەکێکی بانگ دەکرد سینگی بۆ دەکردەوە، بەڵام داواکارییەکانی جێبەجێ نەدەکرد. چەند جارێک داوایان لە من کرد ماڵەکەم ببەم بۆ کرماشان. ئێ منیش لەسەر سنوور نەبێ ناژیم.

**ڕووداو: ئێوە کۆبوونەوەیەکی دیکە دەکەن لە کرماشان، لەوێ باسی چی کرا؟**

> سەددام ڕازی نەبوو لە قەتەر دادگایی بکرێ

> کە یەکێتی بووم داوام لە کاک مەسعوود کرد بەشداری لە شەڕی خواکوڕکدا بکەم

**دارای حاجی برایم:** ئەوە دوو کۆبوونەوە بوو. یەکێکیان هەموو حیزبەکانیان کۆکردبوووە لە قەرارگەی ڕەمەزان. گرووپی موجاهدینی خەڵق لە عێراق مانۆڕێکی سەربازییان کردبوو. گوتیان دەبێ ئێوەش شتێکی وا بکەن. هەر یەکێکتان بە گوێرەی توانا و قەبارەی خۆی خەڵک بهێنێ. من ڕووبەڕوو پێمگوتن ناکرێ. گوتیان بۆ ناکرێ؟ گوتم ئەوە ڕاهێنانی دەوێت. تۆ ئەگەر داوای 3000 چەکدار لە پارتی بکەی، نایهێنێ یان پەیدا نابێ. دەتوانن بەشێوەیەکی بچووکراوەیی بیکەن. ئیدی نەیانکرد. من دەمم لەگەڵیان تێکگیرا و پێمگوتن ئێمە بە حیساب هەردوو لامان لە دژی سەددام شەریکین. ئەوانیش گوتیان: نەخێر شەریک نین. ئێمە تەنیا دوژمنێکی هاوبەشمان هەیە. پێمگوتن ڕێککەوتنێکمان نییە کە ئەگەر سلێمانیتان گرت تەسلیمیمان بکەن. گوتیان نەخێر نیمانە. هەموو شتەکان بە زارەکی و هاوڕێیەتی بوو.

**ڕووداو: کۆبوونەوەیەکی دیکە دەکرێ، کۆمەڵێک کەس دەبینن کە تاوانبار دەکرێن بە تیرۆرکردنی عەبدولڕەحمان قاسملوو. ئێوەیان بۆچی بانگ کردبوو بۆ لای محەممەد جەعفەری سەحراروودی؟**

**دارای حاجی برایم:** من جەعفەری بە شەخسی دەناسم. حەسەن دانایی فەڕ، باڵیۆزی پێشووی ئێران لە عێراق دەناسم. برادەرایەتیم لەگەڵیان هەبوو. کە گوتیان قاسملوو کوژراوە، پێم ناخۆش بوو. ڕۆژێک برووسکەیەکم بۆ هات گوتیان حەز دەکەین سەردانمان بکەی لە قەرارگەی ڕەمەزان. هەر من نەبووم، نوێنەری حیزبەکانیش بوون. لەوێ بردیانین بۆ ماڵی کەسێک لە کۆمەڵگەی قەرارگەی ڕەمەزان ناوی ڕەحیمی بوو. لەسەر زەوی جێگەیان بۆ ڕاخستبوو، بریندار بوو. گوتی من لەو ڕووداوەدا بووم، من چووم دەستم بشۆم، بوو بە تەقە، هاتمە دەرەوە کەسێک گوللەیەکی پێوەنام. نەمناسی. ئێستا حیزبی دیموکرات ئێمە تۆمەتبار دەکات. ئێمە دەنگی قاسملوومان لایە کە چی بە ئێران دەڵێت. هیوادارم ئێوە بتوانن لەگەڵ دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات قسە بکەن بۆ ئەوەی هەڵەی وا نەکەن بەسەرماندادەن، ئەگینا شتەکانی قاسملوو بڵاودەکەینەوە.

**ڕووداو: جا ئێوە پەیامەکەتان گەیاندە حیزبی دیموکرات؟**

**دارای حاجی برایم:** من پەیوەندیم لەگەڵ دیموکرات نەبوو.

**ڕووداو: چ زانیارییەکت لەسەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجە هەیە، بە تایبەتی پێش بۆردومانەکە؟**

**دارای حاجی برایم:** ئەوکات ماڵەکەم لە سەقز بوو، ئێوارەیەک کاک شەوکەتی حاجی موشیر هاتە لام و گوتی برسیمە. منیش پێمگوت کەبابخانەیەک تازە کراوەتەوە با بچین لەوێ شتێک بخۆین. کە چووین بۆ ئەوێ نامەیەکی دەرهێنا و گوتی بیخوێنەوە. منیش نامەکەم خوێندەوە نووسرابوو: بەڕێز شەوکەتی حاجی موشیر، ئێمە و خزمان بڕیارماندا حەوزی شارەزوور بگرین. تۆش سەرپەرشتیاری ئەو ئیشەی. لە ژێرەوە نووسرابوو فوئاد مەعسووم. گوتی ئێستاش دیعایەم بۆ دەکەن کە دەستی ژنم بۆ زێڕ بڕیوەتەوە. خەڵکم وا لێکردووە. ئەو پارەیەی بانک کە باسی دەکەن، من تەسلیمی مەکتەبی سیاسیم کردووە. کە دەشڵێن بەهۆی تۆوە خەڵک لە هەڵەبجە تێداچووە گوناهی من نییە. من فەرمانم پێکرابوو نەهێڵم خەڵک لە هەڵەبجە بچێتە دەرەوە.

**ڕووداو: ئەوکاتە زۆربەی سەرکردایەتی یەکێتی لە سەقز بوون. چۆن باسی شۆڕشیان دەکرد، بۆ نموونە دەڵێن کاک نەوشیروان گوتوویەتی شتێک نەماوە بەناوی بەرەنگاری. شتی وا هەیە؟**

**دارای حاجی برایم:** بەڵێ ڕاستە. چونکە هەموومان دەربەدەر بووین. ئێرانیش وەکو جاران یارمەتی نەدەداین. دێهات نەمابوو، بۆیە هیچ ئومێدێک نەمابوو.

**ڕووداو: تۆ هەتا کەی پەیوەندیت لەگەڵ ئێرانییەکان ما؟**

**دارای حاجی برایم:** تا پێش ساڵی 1990 پەیوەندیمان مابوو، تەلەفۆنیان بۆ دەکردم. ئێستاش جاروبار سەردانم دەکەن.

**ڕووداو: بۆچی لەندەنت هەڵبژارد؟**

**دارای حاجی برایم:** خۆم لە حەفتاکاندا چووبووم بۆ لەندەن، ئەوێ دڵگیرە. زۆربەی برادەرانیشم دەچوونە لەندەن. بۆیە حەزم لە لەندەن بوو.

**ڕووداو: واتە پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبوو کە پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیزەکان دروست بکەی؟**

**دارای حاجی برایم:** نەخێر. بەڕاستی وام لێهاتووە نەفرەت لە سیاسەت دەکەم. ئێستا بە سیاسەتمەدار دەڵێن ڕێوییەکی باش. ئێمە کە لە دیوەخان گەورە دەبووین، لە هەموو دیوەخانێک درۆزنێکی تێدا بوو. جیاوازی هەبوو لەگەڵ درۆزان. ئەو سیاسییە گەورانەی کە باسیان دەکەن درۆزنن.

**ڕووداو: کە لە لەندەن گەڕایتەوە تێکەڵی سیاسەت نەبووی؟**

**دارای حاجی برایم:** نەخێر، بەڵام پەیوەندیم لەگەڵ سیاسییەکاندا هەیە، بۆ نموونە لە پارتی: کاک زەعیم عەلی، کاک فازڵ میرانی، کاک عارف تەیفوور، کاک عیزەددین بەرواری برادەرمن. لە یەکێتی: کاک مەلا بەختیار زۆر برادەرمە، کاک حاکم قادر.

**ڕووداو: دوای 1991 تاوەکو ڕووخانی بەعس، سەددام هیچ جارێکی دیکە پەیوەندی پێوە نەکردیتەوە؟**

**دارای حاجی برایم:** هیچ شتێکی ڕەسمی نەبوو. بەڵام وەکو ئەوەی فلان سەلامی بۆ دەناردم. ئەوە هەبوو.

**ڕووداو: لە شەڕی نێوان حیزبەکانی باشوور و**

> گرتنی هەڵەبجە بە واژووی فوئاد مەعسووم بوو

**پەکەکە، تۆ داڵدەی کۆمەڵێ سەرکردەی پەکەکە دەدەی، ئەمە چۆن بوو؟**

**دارای حاجی برایم:** ئەو کاتە من پەیوەندیم بە پەکەکەوە نەبوو. پێش پەکەکە بڕیاریان دابوو حەمەئەمین پێنجوێنی بگرن. کاک سابیر خزمی خۆمانە کاک حەمەئەمینی هێنا و گوتی دەتوانی لە ماڵەکەی خۆت دایبنێی؟ گوتم: بۆ نا، برادەرمە. لەو ماوەیەی کە ئەو لەلای من بوو، ئەو برادەرانەی پەکەکەم ناسین. ڕۆژێکیان حەمەئەمین گوتی کۆمەڵێک کوڕ و کچی پەکەکە لێیان قەوماوە و خەریکە دەیانگرن. منیش گوتم جا چییە با بێن بۆ ئێرە. من شتەکەم بە ئاسایی وەرگرت، بەڵام شتەکە گەورە بوو. ویستیان بێنە سەرم بیانبەن. منیش بەو پیاوانەی لای خۆم گوت دەبێ بەرگرییان لێ بکەن، دۆشکەیەکیشم دانا. کاک مولازم عومەر هات پێیخۆشبوو کە داڵدەی ئەوانەم داوە. ئەوان کچێکیان لە ئاسایش گیرابوو، تەکلیفم لە کاک عومەر کرد ئازادیان کرد، ئەویشیان هێنا بۆ لای من. کاک قادری حاجی عەلی هات گوتی مام جەلال داوات دەکات. چووم بۆ خزمەتی. گوتی دارا تۆ دەزانی دژی حکومەتی؟ گوتم بۆ؟ گوتی تۆ ئەو خەڵکەت لەلای خۆت داناوە، ئەوە دژایەتی نییە! گوتم مام جەلال من کەسێکی عەشایەرم، هەزارانی وەکو ئەوانە هاتوونەتە ماڵی من. ناتوانم خەڵک تەسلیمی حکومەت بکەم. ئەوانە وەکو پەنابەر لەلای منن و کەسیش بۆی نییە دەستیان بۆ ببات. لەسەر ئەوە لەگەڵ مام جەلال بوو بە دەنگە دەنگمان.

**ڕووداو: ساردییەک لە نێوان تۆ و مام جەلال دروست بوو، دوایی ئاشتی کردیتەوە؟**

**دارای حاجی برایم:** وا بوو. من و مام جەلال ڕێک بووین. قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان خوانەخواستە قسەی

> شەوکەتی حاجی موشیر پارەی بانکی هەڵەبجەی تەسلیمی یەکێتی کردبوو

خراپی نەکردووە. ئاشتبوونەوەکەش چۆن بوو؟ بۆ نموونە جوابی دەنارد کە ئەم نیوەڕۆیە لەلای ئەو نان بخۆم. مام جەلال پیاوێکی سیاسەتمەدار بوو، وەکو ئەوانەی ئێستا نەبوو. منیش و تۆیشی ڕازی دەکرد بەبێ ئەوەی هیچیشمان بۆ بکات.

> ئێران سینگت بۆ دەکاتەوە بەڵام داواکارییەکانت جێبەجێ ناکات

**ڕووداو: لە نەوەتەکان سەردانی کاک مەسعوود بارزانی دەکەیت، هۆکاری ئەو سەردانە چی بوو؟ ئەو تەنگژە و ناخۆشییەی پێشتر هەبوو ڕەوییەوە؟**

**دارای حاجی برایم:** حەزم کرد کاک مەسعوود ببینم. چونکە ئەو تەنگژەیەی تۆ باسی دەکەی پێویستی بە دانیشتن و کۆبوونەوە هەبوو. بە خزمەتی گەیشتم. باسی هەموو شتێک کرا. لەگەڵ کاک مەسعوود لەسەر سیغەیەک ڕێککەوتین کە نە من و نە ئەو ئاگامان لە هیچ شتێک نییە. شتەکان وەکو مێژوو ڕۆیشتن. لەو ماوەیەی پێشوو داوای کردبوو بچم بۆ لای.

**ڕووداو: لەو کۆبوونەوەیەی دوایی زیاتر باسی چیتان کرد؟**

**دارای حاجی برایم:** زیاتر باسی ڕیفراندۆم کرا. کاک مەسعوود گوتی بۆیە حەزم کرد بتبینم، هەندێک حەقیقەت هەیە بۆت بگێڕمەوە. گوتی ئەمریکییەکان نامەیەکیان ناردبوو نووسیبوویان: ئێمە حورمەتی ڕای ئەو گەلە دەگرین. منیش پێمگوتن نەخێر. بڵێن ئێمە یارمەتی گەلی کورد دەدەین. ئەوان گوتبوویان نایکەین. کاک مەسعوود گوتی بابەتەکە دوو شت بوو. یەکێکیان باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا و کونسوڵی

> ئێران ئێمەی کۆکردەوە کە بە دیموکرات بڵێین ئەوان قاسملوویان تیرۆر نەکردووە

ئەمریکا خیانەتیان لە بابەتەکە کرد. ئەگینا ئێمە هەموو شتەکانمان بۆ پێش چووبوو. ئەوان گوتبوویان وەرە بۆ لای ترەمپ و لەوێ ڕایبگەیەنە کە ڕیفراندۆم ناکەی. ئەویش گوتبووی گەرەنتی چییە؟ گوتبوویان هیچ گەرەنتییەک نییە.

شتێک هەیە حەز دەکەم لێرە باسی بکەم. من خانووم ڕووخاوە لە سلێمانی. 56 دۆنم زەویم لێ داگیرکراوە. لە سلێمانی زەوییەکم هەبوو بەعس فرۆشتوویەتی تا ئێستا قەرەبوو نەکراومەتەوە. بە کاک مەسعوودم گوت ئەو غەدرەم لێکراوە، ئەگەر بتوانی شتێکم بۆ بکەی. ئەویش گوتی جارێ بوەستە بزانین لەگەڵ بەغدا ڕێکدەکەوین یان نا. با بمێنێتەوە. من تا ئێستا بستێک زەویم لە سلێمانی نییە.

**ڕووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ ئەمریکییەکان هەبوو؟**

**دارای حاجی برایم:** جارێکیان بینیومن. لەگەڵ کابرایەکی عەرەب هاتن. بۆ ئەوە هاتبوون بزانن ئەو ناوچەیە کێی تێدایە.

**ڕووداو: ساڵی 2014 کۆمەڵێک لە خزمانی سەددام دێنە لای تۆ و تۆ دەیانحەوێنیتەوە. ئایا حکومەت و یەکێتی ئاگادار بوون؟**

**دارای حاجی برایم:** من پەیوەندی شەخسیم لەگەڵ ئەوانە هەیە، کاتێک تکریت و عۆجە گیرا هاتن بۆ ئێرە. خۆم تەلەفۆنم بۆ کردن و پێمگوتن بارودۆختان خراپە و ماڵ و منداڵەکانتان بنێرن بۆ ئێرە. شەش حەوت ماڵیان هاتن. دوایی پیاوەکانیشیان هاتن، بەڵام بە کەسم نەگوت ئەوانە لێرەن. ڕەنگە زانیبێتیشیان، بەڵام هیچیان نەگوت.

**ڕووداو: لەگەڵ ڕەغدی سەددام حوسێن پەیوەندیت هەیە؟**

**دارای حاجی برایم:** نەخێر.

ڕووداو: ئەی پارێزەرەکەی سەددام زۆر برادەرتە؟

دارای حاجی برایم: بەڵێ زۆر.

**ڕووداو: ئەو شتێکی بۆ باسکردووی لە شوێنی دیکە نەیگوتبێ؟**

**دارای حاجی برایم:** باسی کلارکی دەکرد کە پارێزەر بوو. گوتبووی سەددام بگوازینەوە بۆ قەتەر، چونکە دەیانزانی لێرە لەسێدارەی دەدەن. گوتی چووینە لای سەددام پێمانگوت ئێمە بەنیازی شتێکی واین. دەستی کرد بە پێکەنین و گوتی: ئەوە بەڕاستتانە؟ گوتی من لەو خاکە لەدایکبووم و دەبێ لەو خاکەش بمرم. خۆشم یاسام تەواو کردووە، دەبێ دادگای عێراقی حوکمم بدات. جارێکی دیکەش باسی ئەو بابەتە نەکەن.

**ڕووداو: ئەی چۆن باسی حاکم ڕزگاری دەکرد؟**

**دارای حاجی برایم:** جارێکیان پەیوەندی پێوەکردم و گوتی حاکم ڕزگار دەناسی؟ منیش گوتم نایناسم. بەس کەسوکاری سەددام زۆر ڕێزی حاکم ڕزگار دەگرن، چونکە نەرم بوو لەگەڵی. هەتا محەممەد دەبدەب هەیە کە بەعسییەکی گەورە بووە. باسی ڕزگاری کرد و گوتی لەلای ئێمە بەڕێزە.

**ڕووداو: دوای ڕووخانی حیزبی بەعس. ئەو حیزبە کە لەلایەن عیزەت دوورییەوە سەرپەرشتی دەکرێ، هیچ پەیامێکیان بۆ ناردووی؟**

**دارای حاجی برایم:** نەخێر. تەنیا سەفەرێک محەممەد دەبدەب (سکرتێری پێشووی یەکێتی قوتابیانی عێراق – ڕووداو) هاتە ئێرە، لێرە هەوڵیدا یەکێتی ببینێ. عادل موراد مابوو چووینە ماڵەکەی، نەجمەددین کەریم و عەدنان موفتیش لەوێ بوون. باسی کۆنیان کرد، بە عادلی گوت دەمەوێ یەکێک لە بەرپرسە گەورەکانی یەکێتی ببینم. بەڵام وەڵامیان نەدایەوە، ڕۆیشت.

**ڕووداو: تۆ تا ئێستا لەگەڵ مولازم موحسین پەیوەندیت هەیە؟**

**دارای حاجی برایم:** بەڵێ.

**ڕووداو: کەواتە دەزانی لە کوێیە؟**

**دارای حاجی برایم:** بەڵێ دەزانم لە کوێیە. موحسینیش پیاوێکی بە وەفا بووە.

**ڕووداو: بۆ تۆ یان بۆ کێ؟**

**دارای حاجی برایم:** هەندێک شتی شەخسی هەیە پەیوەندی بە بابەتی دیکەوە نییە. ئەوەی موحسین کردوویەتی ئەوانە چوار قاتی موحسینیان کردووە. من بەرگری لێ ناکەم، ناڵێم خەڵکی نەکوشتووە. بەڵام وەکو پەیوەندی کەسی تاوەکو ئێستاش پەیوەندی تەلەفۆنیم لەگەڵی هەیە.

**ڕووداو: پەشیمان نییە لەو شتانەی کردوویەتی؟**

**دارای حاجی برایم:** باسی لەگەڵ ناکەم.

**ڕووداو: پێشتر شتێک بڵاوبووەوە گوایە جەماعەتی کاک کۆسرەت لە یەمەن کوشتوویانە؟**

**دارای حاجی برایم:** مەگەر لە خەویاندا کوشتبێتیان. من دەڵێم ئێستاش تەلەفۆنم لەگەڵی هەیە. لەگەڵ شێخ جەعفەری موحافزیش.

**ڕووداو: دوای ئەوە نەتبینیوە؟**

**دارای حاجی برایم:** نەمبینیوە، ژمارەکەی منی لە ئەوروپا لە هەندێک برادەر وەرگرتبوو تەلەفۆنی

> لەسەر پەکەکە ساردیی کەوتە نێوان من و مام جەلال

بۆ کردم.

**ڕووداو: باسی چی دەکەن؟**

**دارای حاجی برایم:** باسی سلێمانی دەکات و دەڵێت خەڵکەکەی چۆنن؟ من خۆم بە خەڵکی سلێمانی دەزانم. خۆی شتێکی بۆ گێڕامەوە. من چووم بۆ کوێت، کە گەڕامەوە ئەو بەرپرسی هێزی تەواریی بەسرە بوو. بەسەرهاتێکی بۆ گێڕامەوە و گوتی هەواڵیان پێدام کە لە یانەیەک شەڕە. منیش چووم کۆمەڵێک عەرەبی بەسراوی شەڕیان بە کۆمەڵێک کورد فرۆشتبوو. کوردەکان خەڵکی سلێمانی بوون، کە منیان بینی گوتیان ها کاکە موحسین چۆنی! گوتم لە بەسراوییەکان هەڵدەن. ئەفسەرێک گوتی کاکە خەتای کوردەکان بووە،

> مولازم موحسین دەیان کەسی بۆ ئازاد کردووم

> دایکی مولازم موحسین کوردە و خەڵکی خانەقینە

> مولازم موحسین خۆی بە خەڵکی سلێمانی دەزانێت

> ئێستاش پەیوەندیم لەگەڵ شێخ جەعفەری پارێزگار هەر هەیە

> مولازم موحسین هەواڵی خەڵکی سلێمانیم لێ دەپرسێ

> ئێستا لە تکریت و ئەنبار خۆم هەڵبژێرم دەردەچم

منیش گوتم ئەوانە خەڵکی سلێمانین، من بەرگری لە میللەتی خۆم دەکەم. موحسین بە دەیان کەسی بۆ ئازاد کردووم. بۆی گێڕامەوە کە خەڵکی گرتووە، لێی پرسیوە خەڵکی کوێی؟ گوتوویەتی خەڵکی فلان گەڕەکم، گوتوویەتی: کاک دارا دەناسی؟ ئەویش گوتوویەتی: بەڵێ پوورزامە. یەکسەر ئازادی کردووە. من لە موخابەرات و هیچ شوێنێک ئیشم نەکردووە و پەیوەندییەکەم تەنیا شەخسی بووە. ئێستا لە ڕومادی یان لە تکریت خۆم بۆ پەرلەمانی عێراق هەڵبژێرم دەردەچم. تا ئێستاش هەر عەرەبێک کێشەیەکی هەبێ لێرە دێن بۆ لای من و من کێشەکەیان بۆ چارەسەر دەکەم.

**ڕووداو: ڕاستە دەڵێن مولازم موحسین فەڵەستینییە؟**

**دارای حاجی برایم:** نەخێر، دایکی کوردە و خەڵکی خانەقینە.

> شەوکەتی حاجی موشیر فەرمانی پێکرابوو نەهێڵێت خەڵک لە هەڵەبجە بچێتە دەرەوە

ئابووری
ڕووداو
ژمارە (593) - دووشەممە 2020/2/24

## 40 ملیۆن دۆلار بۆ وێستگەی کارەبای خەبات تەرخان دەکرێت

**ڕووداو- هەولێر**

حکومەتی هەرێمی کوردستان 40 ملیۆن دۆلاری بۆ کارپێکردن و چاکسازی لە وێستگەی کارەبای خەبات تەرخانکرد. ئەندازیار کەمال محەممەد، وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ تیمێکی ڕێکخراوی بۆسکۆ و کۆمپانیای هانمی گلۆباڵ ڕایگەیاند "سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی و بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا، ڕەزامەندیی داوە بۆ تەرخانکردن و خەرجکردنی 40 ملیۆن دۆلار بۆ ماوەی یەک ساڵ بە مەبەستی کارپێکردن و چاکسازی لە وێستگەی هەڵمیی خەبات". لە کۆبوونەوەکە وەزیری کارەبا داوای لە کۆمپانیای هانمی گلۆباڵ کرد، لەکاتی خۆیدا و بێ دواکەوتن هەموو کاروبارەکانی وێستگەکە هەڵمیی خەبات تەواوبکەن و ڕادەستی وەزارەتی کارەبای بکەن.



## ساڵی ڕابردوو هەرێمی کوردستان 10 ملیۆن تۆن چیمەنتۆی بە عێراق فرۆشتووە

# 70%ی چیمەنتۆی کوردستان هەناردەی عێراق دەکرێ

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی قەدەغەکردنی هێنانی چیمەنتۆ و زۆربوونی خواست، بەرهەمی کارگەکانی چیمەنتۆ لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. ئێستا کارگەکان ڕۆژانە زیاتر لە 41 هەزار تۆن چیمەنتۆ بەرهەم دەهێنن کە 70%ی هەناردە دەکرێت بۆ عێراق.

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، شەش کارگەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ لە هەرێمی کوردستان هەن کە بریتین لە کارگەکانی: ماس، تاسلۆجە، بازیان، دەلتا، گاسن و کار. ئەم کارگانە ئەگەر بە وزەی تەواو کاربکەن بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە زیاتر لە 16 ملیۆن و 500 هەزارن تۆن، بەڵام ئێستا بە 90%ی توانای بەرهەمهێنانیان کاردەکەن و ڕۆژانە 41 هەزار تۆن بەرهەم دەخەنە بازاڕەکان.

بەپێی داتاکانی وەزارەتەکە، ئەو کارگانە لە حەوت ساڵی ڕابردوودا 61 ملیۆن و 400 هەزار تۆن چیمەنتۆیان بەرهەمهێناوە کە 70%ی ئەو بەرهەمەیان بە عێراق فرۆشتووە.

ساڵی 2013 سێ کارگەی چیمەنتۆ لە هەرێمی کوردستان هەبوون کە بە وزەی 77% کاریان کردووە و حەوت ملیۆن و 400 هەزار تۆن چیمەنتۆیان فرۆشتووە، بەڵام بەهۆی دابەزینی نرخ لە ساڵی 2014 فرۆشیان بۆ 5 ملیۆن و 700 هەزار و لە ساڵی 2015 سەرەڕای دامەزراندنی کارگەیەکی دیکە، بەڵام فرۆشیان بۆ 4 ملیۆن و 800 هەزار تۆن دابەزی.

ساڵی 2016 دوو کارگەی دیکە لە هەرێمی کوردستان دامەزران. لەو ساڵەدا تێکڕای وزەی بەرهەمهێنانی کارگەکان بۆ 16 ملیۆن و 500 هەزارن تۆن زیاد بوو، بەڵام کارگەکان تەنیا 5 ملیۆن و 200 هەزار تۆن فرۆشیان هەبووە.

لە سێ ساڵی ڕابردوودا بەهۆی نەمانی شەڕ و دەستپێکردنەوەی پرۆژەکان، فرۆشی کارگەکان بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەجۆرێک لە ساڵی 2017 نزیکەی 10 ملیۆن و 700 هەزار تۆن و لە ساڵی 2018 زیاتر لە 13 ملیۆن و 500 هەزار تۆن فرۆشیان هەبووە.

دوای ئەوەی لە یەکی ئایاری ساڵی ڕابردوو لەسەر داوای کارگەکان هاوردنی چیمەنتۆ قەدەغە کرا، فرۆشی کارگەکان بۆ 14 ملیۆن و 100 تۆن بەرزبووەوە و کارگەکانیش بە 90%ی وزەی کارکردنیان چیمەنتۆیان بەرهەمهێناوە.

مستەفا زوبێر، سەرپەرشتیاری کارگەکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت: "قەدەغەکردنی هاوردنی چیمەنتۆ ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە زیادبوونی بەرهەمی کارگەکانی هەرێمی کوردستان. ساڵی ڕابردوو بە وزەی نزیکەی 86% و ئەمساڵ بە وزەی زیاتر کار دەکەن و ڕۆژانە 70%ی ئەو چیمەنتۆیەی بەرهەمی دێنن، هەناردەی عێراقی دەکەن".

جگە لە خواست، بوونی کەرەستەی خاوی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆش هۆکارێکی بەهێزە بۆ وەبەرهێنان لەو بوارەدا، بۆیە بەردەوام کارگەی نوێ دادەمەزرێن.

مستەفا زوبێر دەڵێت: "بەرهەمی کارگەکانی هەرێمی کوردستان زۆر زیاترە لە بەشی ناوخۆ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام مۆڵەت دەدەین، ئێستا 3 کارگەی دیکە مۆڵەتیان لەئێمە و دەستەی وەبەرهێنان وەرگرتووە، یەکێکیان لە قۆناغی تەواوبووندایە".

کارگەی ماس گەورەترین کارگەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆیە لە کوردستان. تێکڕای توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەی شەش ملیۆن تۆنە. بەپێی داتاکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، ئەو کارگەیە لە شەش ساڵی ڕابردوودا 20 ملیۆن تۆن چیمەنتۆی بەرهەم هێناوە.

ئاراس عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری کارگێڕیی کارگەی چیمەنتۆی ماس دەڵێت: "قەدەغەکردنی هاوردنی چیمەنتۆ ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە زیادبوونی بەرهەمی کارگەکانی چیمەنتۆ. پێشتر ئێمە بەیەک هێڵ کارمان دەکرد، بەڵام ئێستا هەر سێ هێڵەکەمان کار دەکەن. بەپێی خواستی بازاڕ نزیکەی 65% تاوەکو 70%ی بەرهەمەکانمان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکەین".



شەش کارگەی چیمەنتۆ لە کوردستان کار دەکەن و سێ کارگەی دیکەش مۆڵەتی دامەزراندنیان وەرگرتووە

جگە لە کارگەکانی هەرێمی کوردستان، لە شارەکانی باشووری عێراقیش ژمارەیەک کارگەی چیمەنتۆ هەن. لە مووسڵیش چەند کارگەیەک هەن کە پێشتر بەهۆی شەڕەوە داخرابوون، بەڵام دوای ئەوەی عێراق لە ساڵی 2015 هاوردنی چیمەنتۆی قەدەغە کرد، زۆربەی کارگەکان کەوتنەوە کار و کارگەی نوێش دامەزران، بەڵام هێشتا عێراق چاوی لە کوردستانە بۆ چیمەنتۆ.

ئاراس عەبدوڵڵا دەڵێت: "دوو هۆکار هەن کە بەرهەمی کارگەکانی کوردستان لە شارەکانی عێراق ساغ دەبێتەوە، یەکەمیان پێویستیی عێراقە بە چیمەنتۆ، چونکە کارگەکانیان توانای پڕکردنەوەی پێداویستیی ناوخۆیان نییە، دووەم: کواڵیتی چیمەنتۆی کارگەکانی کوردستانە کە لە شارەکانی عێراق خواستی زۆری لەسەرە. ئێستاش ڕۆژانە 25 تاوەکو 30 هەزار تۆن چیمەنتۆی کوردستان بۆ شارەکانی عێراق دەڕوات".

گرووپی کۆمپانیاکانی گەلیاوە بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی بیناسازی کە بریکاری بەرهەمی کارگەکانی ماس و کار و بازیانە، چیمەنتۆ بۆ زیاتر لە 130 نووسینگەی فرۆشتنی چیمەنتۆ دابین دەکات.

ڕابەر محەممەد، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە گرووپی گەلیاوە، دەڵێت: "بەهۆی قەدەغەکردنی هێنانی چیمەنتۆ، ئێستا سەرجەم نووسینگەکان بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆ دەفرۆشن. بەپێی بەدواداچوونی ئێمە ساڵی ڕابردوو لە هەولێر ملیۆنێک و 903 هەزار تۆن چیمەنتۆ فرۆشراوە، لە دهۆک نزیکەی 888 هەزار تۆن چیمەنتۆ فرۆشراوە، لە سلێمانی و هەڵەبجە نزیکەی ملیۆنێک و 438 تۆن فرۆشراوە. دەتوانین بڵێین ساڵی ڕابردوو نزیکەی 4 ملیۆن و 230 هەزار تۆن چیمەنتۆ فرۆشراوە".

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) نرخی تۆنێک چیمەنتۆ بە کۆ لە بازاڕەکانی سلێمانی بە 56 دۆلار و لە هەولێر بە 59 دۆلار و لە دهۆک بە 62 دۆلارە. لە شارەکانی عێراقیش 3 دۆلار گرانترە لە نرخی کوردستان.

کارگەی تاسلوجە یەکێکە لە کۆنترین کارگەکانی کوردستان کە لە ساڵی 1985 دامەزراوە. وزەی ساڵانەی دوو ملیۆن و 300 هەزار تۆنە. ساڵی ڕابردوو 1.9 ملیۆن تۆن بەرهەمی هەبووە، خاوەندارێتی ئەو کارگەیە بۆ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەگەڕێتەوە، بەڵام لە 2006 بەدواوە بە کرێ دراوەتە گرووپی فارووق. گرووپەکە ڕۆژانە 500 تۆن بە نرخی پاڵپشت دەداتە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی. ئەویش هەر تۆنێک بە 45 هەزار دینار دەداتە ئەو کەسانەی خانوو و باڵەخانە دروست دەکەن.

بەپێی داتاکانی وەزارەت، ساڵی ڕابردوو 382 هەزار و 552 تۆن چیمەنتۆ بە نرخی پاڵپشت دراوەتە خاوەن پرۆژەکان، بەڵام 95.3%ی دراوەتە خاوەن پرۆژەکانی سلێمانی و تەنیا 4.7%ی دراوەتە پارێزگای هەولێر و دهۆک کە 18 هەزار تۆن بووە.

سەردار قوربانی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت: "بەپێی بەدواداچوونی ئێمە خەڵکی هەولێر و دهۆک زۆر کەم سوودیان لەم پاڵپشتییە بینیوە، هۆکارەکەش بۆ کرێی گواستنەوە دەگەڕێتەوە کە نزیک دەبێتەوە لە نرخی بازاڕ، بۆیە خەڵک لە هەولێر و دهۆک زۆر خواستیان لەسەر وەرگرتنی نییە".

گوتیشی: "بەنیازی پێداچوونەوەین بەو گرێبەستەی لەگەڵ گرووپەکە کردوومانە، بۆ ئەوەی خەڵکی هەولێر و دهۆکیش سوود لەو چیمەنتۆیە وەرگرن".

ئەگەر ئەم 45 هەزار دینارە وەک نرخی تێچووی چیمەنتۆ وەربگرین کە دەکاتە نزیکەی 37 دۆلار و نیو، کەواتە کارگەکان لە فرۆشتنی هەر تۆنێک چیمەنتۆ 15 دۆلار قازانجیان کردووە. کۆی قازانجیان لە ساڵی ڕابردوودا 211 ملیۆن و 500 هەزار دۆلار بووە.

## داهاتی ساڵی ڕابردووی ئەوقاف 1.5 ملیار دینار بووە

# وەزارەتی ئەوقاف خاوەنی 5,621 موڵکی وەقفکراوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای پێداچوونەوە بە کرێی گرێبەستی ساڵانەی هەندێک لە موڵکەکانی، داهاتی ساڵی ڕابردووی وەزارەتی ئەوقاف بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد و گەیشتە زیاتر لە 1.5 ملیار دینار، بەڵام ئەو داهاتە لە ئاست خواستی ئەم وەزارەتە نییە و بەنیازە پێداچوونەوەی زیاتر بە کرێی موڵکەکانیدا بکات.

بەپێی ئاماری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کە کۆپییەکی دراوەتە (ڕووداو)، ئەم وەزارەتە خاوەنی 5621 موڵکە کە پێکدێن لە 1487 دووکان، 628 خانوو، 1260 پارچە زەوی، 450 پارچە زەویی کشتوکاڵی، 281 پارچە زەویی بەتاڵ، 17 پارچە زەویی موساتەحە، 180 شوقە و باڵەخانە، 1306 پارچە ڕەز و باخ، 6 گەراج و 6 هۆتێل. زۆربەی ئەو موڵکانەش بە کرێ دراون.

نەبەز ئیسماعیل، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە (ڕووداو)ی گوت، لە ناوەڕاستی ساڵی ڕابردووەوە پێداچوونەوەیان بە کرێی ساڵانەی هەندێک لە موڵکەکاندا کردووە، بەو هۆیەوە داهاتی موڵکەکانیان بۆ زیاتر لە 1.5 ملیار دینار زیادی کردووە.

بەڵام ئەو داهاتە لە ئاست خواستی وەزارەتەکە نییە، بۆیە نەبەز ئیسماعیل دەڵێت: "لە داهاتوویەکی نزیکدا بە ئامادەبوونی شارەزا و پسپۆڕانی ناوخۆ و بیانی بۆ بەئەلیکترۆنیکردن و ڕێکخستن و پێداچوونەوەی زیاتر بەکرێی موڵکەکانمان، کۆنفرانسێک دەبەستین".

وا بڕیارە دوای کۆنفرانسەکە، پلەبەندییەکی نوێ بۆ موڵکەکانی ئەوقاف بکرێ و بەپێی جۆر و شوێنی موڵکەکان پێداچوونەوە بەکرێ ساڵانەیان بکرێ و لەگەڵ نرخی بازاڕدا بگونجێنرێن.

نەبەز ئیسماعیل پێیوایە ئەم کۆنفرانسە دەبێتە خاڵی وەرچەرخان بۆ ڕێکخستنەوەی موڵکەکانی ئەوقاف، لەڕێگەی پێداچوونەوە بە گرێبەست و کرێی ساڵانەی موڵکەکان داهاتەکانی ئەوقاف بۆ سێ هێندەی ئێستا زیاد دەکات.

نەبەز ئیسماعیل گوتی: "یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانمان گەیشتنە بە ئاستی خۆبژێوی، بۆیە دوای پێداچوونەوە بە کرێی موڵکەکان لەوانەیە لەگەڵ داهاتەکانی دیکەی وەزارەت بگاتە ئاستی خۆبژێوی، چونکە بەراورد بە وەزارەتەکانی دیکە ئێمە فەرمانبەرمان کەمە".

داهاتی موڵکەکانی وەزارەتی ئەوقاف لە سندووقێکی تایبەتدا کۆدەکرێتەوە، بە واژووی وەزیر دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی وەزارەتی دارایی لە کاتی پێویست خەرج دەکرێ. ئەو سندووقە لە ساڵی 2015 نزیکەی 6 ملیار دیناری تێدابووە.

نەبەز ئیسماعیل دەڵێت: "پێش قەیرانی دارایی، موڵکەکان داهاتێکی باشیان هەبوو، بەڵام بەهۆی کاریگەریی قەیران و بێ بازاڕی، داهاتمان لە ساڵی 2015، 2016 و 2017 زۆر کەمی کرد، بەڵام ساڵی ڕابردوو بەهۆی پێداچوونەوە بەکرێی هەندێ موڵک و گەڕانەوەی هەندێ لە قەرزەکان داهاتمان زیادی کرد، ئێستا زیاتر لە 8 ملیار دینارمان لە سندووقی وەقفدا هەیە".

زۆربەی موڵکەکانی وەزارەتی ئەوقاف لە بنەڕەتدا موڵکی سەرمایەدارانن، یان ئەو کەسانەن کە پێش مردنیان موڵکەکانیان بە وەزارەت بەخشیوە یان وەقف کردووە، یاخود وەسیەتیان کردووە، دوای مردنیان موڵکەکانیان وەقف بکرێن.

نەبەز ئیسماعیل دەڵێت: "دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش، وەقفکردنی موڵک لەلایەن خەڵکەوە زۆر کەمی کردووە، بە جۆرێک لە 5 ساڵی ڕابردوودا ژمارەی ئەو موڵکانەی وەقفکراون لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن. جگە لەوەش هەندێک لە موڵکەکانمان داگیرکراون و کراون بە باخ و بەنزیخانە".

هەروەها دەڵێت: "بەشێک لە واریسی بەخشەرەکان پەشیمان بوونەتەوە و داوای وەرگرتنەوەی موڵکەکانیان دەکەن، تەنانەت هەندێکیان دەستیان بەسەر موڵکەکانیشدا گرتووە، بەڵام ئێمە لەڕێگەی یاسا و دادگاوە ڕووبەڕوویان بووینەتەوە، چونکە هەر موڵکێک وەقف کرا خاوەندارێتییەکەی دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی ئەوقاف، خاوەن موڵکەکە یان واریسەکانی مافی ئەوەیان نییە داوای بکەنەوە".




زۆرترین موڵکی وەقفکراو لە سنووری پارێزگای دهۆکە

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان زۆرترین موڵکی وەقفکراو لە سنووری پارێزگای دهۆکە کە بریتین لە 344 دووکان، 151 خانوو، 832 پارچە زەوی، 60 شوقە و باڵەخانە، 1163 ڕەز و باخ، 10 پارچە زەویی موساتەحە.

د.سمیان عەبدولخالق، بەڕێوەبەری گشتیی ئەوقافی دهۆک دەڵێت: "ئێستا وەقفکردنی موڵک لە پارێزگای دهۆکیش زۆر کەمبووەتەوە. لە پێنج ساڵی ڕابردوودا هیچ موڵکێک وەقف نەکراوە. زۆربەی ئەو موڵکانەی لە دهۆک وەقفکراون مێژووەکەیان بۆ پێش دامەزراندنی کۆماری عێراق دەگەڕێتەوە، ئەوکات خەڵک بۆ خێری خۆی و خزمەتی مزگەوت و شوێنە ئاینییەکان، زەوی و موڵکێکی زۆریان وەقف کردووە. ئێمەش وەبەرهێنانمان لە وەقفەکاندا دەکرد و بەردەوام خانوو و دووکان و شوقەمان پێ دەکڕی".

ساڵی ڕابردوو ئەوقافی دهۆک پێداچوونەوەیان بە کرێی موڵکە وەقفکراوەکاندا کرد، بەو هۆیەوە داهاتەکەیان بۆ یەک ملیار دینار بەرز بووەوە. بەڵام د.سمیان دەڵێت: "بەپێی بەدواداچوون و خەمڵاندنی لێژنەکانمان، ئەگەر زەوییە بەتاڵەکان و کشتوکاڵییەکانمان بە نرخی بازاڕ بەکرێ بدەین، داهاتی موڵکەکانمان دوو ملیار دیناری دیکە زیاد دەکات و ساڵانە دەگاتە 3 ملیار".

بەپێی شەریعەتی ئیسلام داهاتی موڵکە وەقفکراوەکان نابێتە موڵکی حکومەت و دەبێت هەر لە خزمەتی شوێنە ئاینییەکان و وەقفکراوەکاندا خەرج بکرێت.

د.سمیان عەبدولخالق دەڵێت: "ماوەی پێنج ساڵە دەستکاری پارەی وەقفەکانمان نەکردووە، ئێستا سندووقی وەقفی دهۆک 3 ملیار و 945 ملیۆن دیناری تێدایە. دوای کۆنفرانسەکە لەوانەیە دەستمان کراوەتر بێ بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لەو پارەیەدا بکەین".

لە پارێزگای دهۆکیش زێدەڕۆیی زۆر کراوەتە سەر موڵکە وەقفکراوەکانی ئەوقاف، بەتایبەت زەوییە کشتوکاڵییەکان. د.سمیان عەبدولخالق دەڵێت: "ساڵی ڕابردوو سکاڵامان لەسەر هەندێ لەو کەسانە تۆمار کرد کە زێدەڕۆییان کردبووە سەر موڵکەکانی ئەوقاف، بەپێی بڕیاری دادگا دەبێت ئەو کەسانە زێدەڕۆکان لابدەن و 3 ملیار دیناریش وەک قەرەبوو بدەنە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی دهۆک".

جگە لە حکومەت، لێژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی پەرلەمانیش دەتوانێت بەدواداچوون بۆ داهاتی موڵکەکانی وەزارەتی ئەوقاف بکات، بەڵام لەم خولەی ئێستا تا ئێستا هیچ بەدواداچوونێک نەکراوە.

مەلا ئیحسان ڕێکانی، جێگری سەرۆکی لێژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: "لێژنەیەکمان پێکهێناوە بۆ بەدواداچوون بۆ داهاتی موڵکەکانی ئەوقاف بۆ ئەوەی بزانین داهاتەکە چەندە و لەچی خەرج دەکرێت، بەڵام تا ئێستا لێژنەکە وەک پێویست بەدواداچوونی نەکردووە".

مەلا ئیحسان ئاماژەی بەوەدا کە بەپێی بەدواداچوونی سەرەتایی بۆیان دەرکەوتووە، داهاتی موڵکەکانی ئەوقاف وەک پێویست نییە بەراورد بە ژمارەی موڵکەکان، چونکە زۆربەیان بە کرێی زۆر کەم و ڕەمزی بە کرێ دراون.

### بەرپرسێکی ئەوقاف:

**پێنج ساڵە هیچ کەسێک موڵکی وەقف نەکردووە**

### بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف:

**واریسی هەندێک لە وەقفکارەکان دەستیان بەسەر موڵکە وەقفکراوەکاندا گرتووە**

# سندووقی داهاتە نەوتییەکان و نەفرەتی دەوڵەتی نەوتی!

پ.د.هاوڕێ مەنسوربەگ
دکتۆرا لە جیۆلۆجیای نەوت

د.ئەرشەد تەها
دکتۆرا لە سیاسەتی ئابووری



(فۆتۆ: AFP)

دەرامەتە ئابوورییەکان دیاریکەری سەرەکیی سروشتی چالاکییە ئابوورییە باوەکانی وڵاتن، ئەو وڵاتانەی کە بەتەنیا یەک جۆر دەرامەتی سروشتییان هەیە و بەتەواوی پشتی پێدەبەستن وەک زۆربەی وڵاتە نەوتییەکان و بەتایبەتیش عەرەبییەکان کە عێراقیش یەکێکە لەو وڵاتانە بە هەرێمی کوردستانیشەوە، پێیان دەگوترێ وڵاتە رەیعییەکان. ئابووریی ئەو وڵاتانە تەنیا پشت بە دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت دەبەستێ بەبێ ئەوەی هەوڵ بدەن جێگرەوەی بۆ بدۆزنەوە و سێکتەرەکانی تری ئابووری کارا بکەن و بیکەنە سەرچاوەی داهات.

لە زاراوە نوێیەکانی جیۆپۆلیتیکدا ئەو وڵاتانەی کە تەنیا پارەی نەوت و گاز بڕبڕەی پشتی ئابوورییانە، پێیان دەگوترێ پێترۆستەیت (petrostate). ئەم وڵاتانە، سەرەڕای کێشەی نەبوونی دیموکراسی و نەبوونی دامەزراوەکان و پێگە گرنگەکانی دیکەی دەوڵەت، ئابوورییەکانیان دەبنە بارمتەی نرخی ناسەقامگیری نەوت و گاز و کێشە سیاسییە قووڵە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان. ناشبێت دەوڵەت لەسەر ئەوە بنیات بنرێت، ئەگەر ڕۆژێک ئەڵتەرناتیڤی نەوت و گاز هاتە کایەوە، سیستەمی ئابووریی وڵات دووچاری شکست ببێت.

(90-95%)ی داهاتی عێراق پشت بە فرۆشتنی نەوت دەبەستێ و سێکتەرەکانی تری ئابووری بەتەواوی پشتگوێ خراون، ئەوەش کاریگەریی نەرێنی زۆری هەبووە، چونکە بودجەی گشتیی وڵات لەسەر بنچینەی داهاتی نەوتی دادەڕێژرێت، ئەویش پشت دەبەستێ بە نرخی نەوت لە بازاڕی جیهانیدا، نرخی نەوتیش زۆر هەستیارە بە گۆڕانکارییە سیاسییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. زۆر جار نرخی نەوت وەک کارت و گوشاری سیاسی لەلایەن وڵاتە زلهێزەکان، بەتایبەتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، دژی نەیارەکانیان بەکاردێ. نرخی نەوت بە پلەی یەک لە ساڵی 1973 بەدواوە بەدەست کڕیارەکانەوەیە نەوەک فرۆشیارەکان، لەبەر ئەوە ئابووریمان هەمیشە ناسەقامگیرە و ناتوانین پلانی درێژخایەن دابڕێژین.

وڵاتە نەوتییەکان بەشێوەیەکی گشتی بە دەست گرفتێکەوە دەناڵێنن کە دەتوانین ناوی بنێین نەفرەتی نەوت! لە سەد ساڵی رابردوودا وڵاتانی جیهان ئەزموونی جۆراوجۆریان بەخۆیانەوە بینیوە، هەندێکیان تا سەر ئێسقان شکستخواردوو بوونە و هەندێکیان سەرکەوتوون، پێویستە هەرێمی کوردستان سوود لە ئەزموونی هەموویان وەربگرێت، بۆ ئەوەی ئەزموونە شکستخواردووەکان دووبارە نەکەینەوە و سوود لە ئەزموونە سەرکەوتووەکان وەرگرین. بۆ نموونە ڤەنزوێلا کۆنترین وڵاتی هەناردەکاری نەوتە و لە ساڵی 1914 ـەوە نەوت بەرهەمدێنێ و یەکێک لە گەورەترین یەدەگەکانی نەوتی هەیە لە جیهاندا کە نزیکەی (300) ملیار بەرمیلە. ڤەنزوێلا بووە وڵاتێکی رەیعی، تەنیا پشتی بە داهاتی نەوت بەست و سێکتەرەکانی تری بەتەواوی پشتگوێ خست، لە کۆتاییدا بووە نموونەیەکی هەرە شکستخواردووی وڵاتە رەیعییەکان لە بنیاتنانی ئابوورییەک کە خزمەتی گەلەکەی بکات، بەجۆرێک رێژەی هەژاری (82%)ی هاووڵاتیانی گرتەوە و هەڵاوسان (300%)ی تێپەڕ کرد و وڵات کەوتووەتە تونێلێکی تاریک و هیچ ڕووناکییەک لە ئاسۆ بەدی ناکرێت!

حکومەتی هۆڵەندا لە ساڵی (1959) کێڵگەیەکی زەبەلاحی گازی سروشتی لە باکووری رۆژهەڵاتی وڵات دۆزییەوە بەناوی (Groningen) کە پتر لە (2700) بلیۆن مەتر سێجا گازی لەخۆگرتبوو. ئەم کێڵگەیە لە مێژووی پیشەسازیی نەوت و گازی جیهاندا لە ریزی (20) کێڵگە زەبەلاحەکانی گازی دونیایە. لە سەرەتای شەستەکاندا مشتومڕێکی گەرم کەوتە نێو سیاسەتوانانی ئەو سەردەمەی هۆڵەندا و بە گشتی بوونە دوو بەرە. بەرەی یەکەم بە سەرکردایەتی وەزیری دارایی (Piet Lieftinck) و وەزیری کاروباری ئابووری (De Pou) بوو. ئەم سیاسەتوانانە ئەندامی پارتی کاری هۆڵەندی بوون و هەردووکیان پێیانوابوو دەبێت داهاتی گازی سروشتی لە سندووقێکی تایبەتدا کۆبکرێتەوە و ڕاستەوخۆ نەخرێتە نێو بودجەی وڵاتەوە، ئەویش بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵئاوسانی ئابووری و کاریگەرییە نەرێنییەکانی دیکەی.

بەرەی دووەم بە سەرکردایەتی (Jelle Zijlstra) سەرۆکی بانکی ناوەندیی هۆڵەندی بوو کە سەرسەختانە دژی جیاکردنەوەی داهاتەکە و دژی دامەزراندنی سندووقی نەوت و گاز بوو. پێیوابوو وڵات لە چوارچێوەی کۆی ئەو بودجەیەی کە دێتە خەزێنەی دەوڵەتەوە سیاسەتی خۆی دادەڕێژێت. لە کۆتاییدا بەرەی (Zijlstra) سەرکەوت بەسەر بەرەی یەکەمدا و هۆڵەندا بڕیاری دا سندووقی داهاتەکان دانەمەزرێنێ و داهاتی نەوت و گاز تێکەڵ بە بودجەی وڵات بکرێت. هۆڵەندا بە خێرایی دەستی کرد بە هەناردەکردنی گازی سروشتی بۆ ئەورووپا و ئەمریکای باکوور. قازانجی دەستکەوتوو لە فرۆشتنی گازی سروشتی و باجی گەڕاوە لە چالاکییە پەیوەندیدارەکان بەم پیشەسازییە پڕ لە ئومێدەی هۆڵەندا، کاریگەریی ئەرێنی خستە سەر باری گوزەرانی خەڵک و بەرزبوونەوەی ستانداردی ژیان بەئاشکرا هەستی پێدەکرا.

دراوی بیانی بە لێشاو ڕژانە نێو بانکەکان و پڕۆژە زەبەلاح و ستراتیجییەکان واژۆ کران و نەشئەی گەشەی ئابووری بوو بە میوانی خەیاڵی سیاسەتمەداران و ئابووریناسان و هاووڵاتیان لە هەموو کونج و کەلێنێکی وڵات. حکومەتی هۆڵەندا بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ، فۆکەسی خستە سەر پیشەسازیی گاز و هاندانی کۆمپانیاکان بۆ بەگەڕخستنی سەرمایە لەم بوارەدا و تا رادەیەک سێکتەرەکانی دیکە هەمان گرنگی و بایەخی ئەوتۆیان پێنەدرا. بەڵام ئەم خۆشییەی بەرەی (Zijlstra) زۆر درێژەی نەکێشا و وردە وردە ئەو مەترسییە شاراوانەی بەرەی یەکەم درکی پێکردبوو بە تێکەڵکردنی پارەی بە "ئاسان" دەستکەوتووی گازی سروشتی لەگەڵ داهاتی گشتیی دەوڵەت، بەدیارکەوتن. یەکێک لە کێشە هەرە بەرچاوەکان، بەهێزبوونی دراوی هۆڵەندی بوو. زیادبوونی بەهای دراوی هۆڵەندی وایکرد هەموو کاڵایەک نرخیان بچێتە سەر و ئاستی هەناردەکردنی کاڵا لە سەرجەم سێکتەرەکان بەشێوەیەکی دراماتیکی کەمبێتەوە. سێکتەری کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار تووشی زەرەر و زیانی گەورە هاتن و سەرباری ئەم زیانانە، ڕێژەی بێکاری لە سەرجەم ئەو سێکتەرانەدا ڕووی لە هەڵکشان کرد. ئەم دۆخە ئابوورییە نەخوازراوەی هۆڵەندا بووە مایەی تێڕوانین و لێکۆڵینەوەی ئابووریناسان و سیاسەتمەداران لە جیهان.

> نرخی نەوت لە ساڵی 1973 بەدواوە بەدەست کڕیارەکانەوەیە نەوەک فرۆشیارەکان

> ئەگەر نەوت وەک تاکە سەرچاوەی داهات بمێنێتەوە، ئەوە داهاتوومان لە ڤەنزوێلا باشتر نابێت

> دەبێ داهاتی نەوت وەکو قەرز سەیری بکرێت

لەدایکبوونی پیشەسازی و هاتنی داهات بە لێشاو بۆ وڵات و، بەڵام لە هەمان کاتدا زیانگەیاندن بە سێکتەرەکانی دیکە، کەمبوونی ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی، زیادبوونی هەڵاوسان و ڕێژەی بێکاری و سستیی گەشەی ئابووری. ئەم دۆخە ئابوورییە ناوازەیەی هۆڵەندا، لە راپۆرتێکی گۆڤاری ئیکۆنۆمیستدا لە ساڵی (1977) بە نەخۆشیی هۆڵەندی ناوزەد کرا.

بەڵام نەرویج لە باکووری ئەورووپا کە وڵاتێکی نوێیە لە پیشەسازیی نەوت بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر، سوودێکی گەورەیان لە ئەزموونی تاڵی هۆڵەندا بینی و لەبری تێڕوانینی بەرەی (Zijlstra) و تێکەڵکردنی داهات لەگەڵ بودجەی گشتی، لە ساڵی (1990) سندووقێکیان بۆ داهاتەکانی نەوت و گاز لەسەر پێشنیازی (فاروق القاسم) دامەزراند کە شارەزایەکی عێراقیی بواری نەوت و وزە بوو، بۆ ئەوەی هەموو داهاتە نەوتییەکانی تێدا پاشەکەوت بکرێت و زیاتر لە (4%)ی ئەم پارەیە تەنیا لەکاتی پێویست نەبێت رانەکێشرێتەوە. یەدەگی ئەو سندووقە گەیشتووەتە زیاتر لە یەک تریلیۆن دۆلار لە کاتێکدا یەدەگی نەوتی نەرویج کەمترە لە (8) ملیار بەرمیل. پارەی ئەم سندووقە تەنیا لە سەرمایەگوزاریدا خەرج دەکرێت و پڕۆژە ستراتیجییەکانی دەوڵەتی پێ جێبەجێ دەکرێت. بەمەش نەرویج خۆی پاراست لە نەخۆشیی کوشندەی هۆڵەندی و سەرجەم سێکتەرە جیاجیاکانی کشتوکاڵی، خزمەتگوزاری، پیشەسازی و گەشتوگوزاری شانبەشانی یەکتری لە گەشەی بەردەوامدان.

لەم سێ سیناریۆیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پێویستە ڕۆڵی نەوت چۆن بێت لە ئابووریی کوردستاندا، ئەگەر نەوت وەک تاکە سەرچاوەی داهات بمێنێتەوە ئەوا داهاتوومان لە ڤەنزوێلا باشتر نابێت، ئەگەر داهاتی نەوت لەگەڵ داهاتی گشتی تێکەڵ بکەین ئەوا نەخۆشیی هۆڵەندی چاوەڕێمان دەکات، کەواتە باشترین سیناریۆ کە هیوای بۆ بخوازین و بیکەینە ئامانج ئەزموونی نەرویجییەکانە.

واتە داهاتی نەوت و گازی کوردستان دەبێت پاڵپشتی ستراتیجیی بودجە بێت و تەنیا لە بنیاتنانی ژێرخانی ئابووریدا خەرجی بکەین و پڕۆژەی ستراتیجی پێ دابمەزرێنین و تەنیا لەکاتی زۆر پێویست نەبێت تێکەڵی داهاتی گشتی نەکەین. دەبێ بکرێتە فاکتەری سەقامگیری و دڵنەوایی ئێستا و ئایندەی نەوەکانیشمان مسۆگەر بکات. لێرەدا پرسیارێکی ڕەوا دروست دەبێت: هەرێمی کوردستان (90%)ی داهاتی گشتی لە نەوتەوە دەستدەکەوێت، ئەگەر داهاتە نەوتییەکانی جیابکاتەوە و تێکەڵی داهاتی گشتی نەکات ئەی چۆن کارەکانی بەڕێوەببات؟

لەوەڵامدا دەڵێین داهاتی نەوت پێویستە وەکو قەرز سەیری بکرێت، چونکە قەرز دوو جۆری هەیە قەرز یان وەردەگیرێت بەمەبەستی بەکاربردن یان بەمەبەستی وەبەرهێنان. ئەو وڵاتانەی قەرز وەردەگرن بەمەبەستی بەکاربردن، قەرزەکان لەسەریان کەڵەکە دەبێت سەرەڕای سووی سەر قەرزەکانیش. ئابوورییەکەیان بەرەو لاوازی و بێ متمانەیی دەچێت، خاوەن قەرزەکان فشار دەکەن قەرزەکانیان وەربگرنەوە بە سووە کەڵەکەبووەکانییەوە، هیچ وڵات و لایەنێکی تر متمانەی پێیان نامێنێ قەرزی نوێیان بداتێ، وەبەرهێنەرەکان لەو وڵاتە پاشەکشە دەکەن و پارەکانیان دەگوازنەوە وڵاتێکی سەقامگیرتر. بەڵام ئەو وڵاتانەی قەرز وەردەگرن بەمەبەستی وەبەرهێنان، ئەوا دەرفەتی نوێی کار دروست دەکەن و سەرمایە کەڵەکە دەکەن و گەشەی ئابووری دەکەن و خاوەن قەرزەکانیش سوودمەند دەبن لە ڕێگای سووی سەر قەرزەکان، دواتر قەرزەکانیش دەدەنەوە و ڕەنگە دواتر خۆیان قەرز بەخەڵک بدەن.

ئابووریی هەرێمی کوردستان بەدەست دواکەوتوویی کەرتە سەرەکییەکانیەوە دەناڵێنێ، وەک کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ، سەرەڕای لاوازیی ژێرخانی ئابووری و ناهاوسەنگیی بەرهەمهێنان و ڕێژەی بەرزی بێکاری، لە کاتێکدا هێزێکی کاری گەورە و سەرمایەی ماددی و مرۆیی زۆرمان هەیە، بەڵام پێویستی بە تەکنیکێکی نوێ هەیە بۆ بەرهەمهێنان.

پشتبەستن تەنیا بە داهاتی نەوت کەلێنێکی گەورەیە لە سیستەمی بەڕێوەبردنی ئابووریی هەرێمی کوردستاندا، بۆیە پێویستمان بە دەرچەی ڕزگاربوونە بۆ دەستکردن بە پرۆسەی چاکسازی و پەرەپێدانی ڕاستەقینە، وەک وەبەرهێنانی بیانیی ڕاستەوخۆی ڕاستەقینە! بۆ پەرەپێدانی کەرتی نەوت و کەرتەکانی پەیوەست بە نەوتەوە، وەک پیشەسازیی پێترۆکیمیاوی لە قۆناغی یەکەم بۆ دروستکردنی بەهای زێدەگی لە نەوت لە جیاتی فرۆشتنی نەوت بەشێوەی خام، چونکە توێژینەوە ئابوورییەکان دەریدەخەن بەهای زێدەگی پیشەسازی گۆڕینی کەرەستەی خاو بۆ بەرهەمی تەواو و نیمچە تەواو بەهای زێدەگی سەد ئەوەندەی بەهای زێدەگیی پیشەسازی دەرهێنانە! تاکو ببێتە هۆی ڕاکێشانی تەکنیکێکی نوێی گونجاو بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی و سوودوەرگرتن لە داهاتەکەی بۆ دۆزینەوەی توانای بەرهەمهێنانی تازەی سەرچاوەی داهات، هەنگاو بەهەنگاو پیشەسازییەکان پشتبەستن بە کەرتی نەوت کەم بکەنەوە و هەلی کاری تازە بڕەخسێنن کە بەرهەمداری زیاتر بێت بۆ بەردەوامیی پەرەپێدان لەماوەی درێژخایەن، ئەوکات بناغەیەکی ئابووریی پتەومان دەبێت بۆ چاکسازیی ریشەیی.

بۆیە هیواداریین دامەزراندنی سندووقی داهاتە نەوتییەکان لە کوردستاندا لەپێناو گەشەی ئابووریی تەندروستی هەرێم بێت بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشیی هۆڵەندی و نەفرەتی دەوڵەتی نەوتی. هەندێک سیاسەتوان و پەرلەمانتار کە داوا دەکەن داهات تێکەڵ بە بودجەی گشتی بکرێت، زۆر بە قووڵی لە مانا و مەغزای سندووقی داهاتەکان نەگەیشتوون و نازانن ئاکامە پڕ لە مەترسییەکانی هاتنی بەلێشاوی دراوی بێ بەرنامەی ستراتیژی بۆ ناو بودجەی گشتی چ ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە؟ گەورەترین مەترسی کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ببێتەوە لە ئایندەدا، بریتییە لە پشتبەستنی تاک و تەنیای ئابووری بە سامانی نەوت و گاز.

ژنان
ڕووداو
ژمارە ( 593 ) - دووشەممە 2020/2/24



## کچێکی 18 ساڵان خۆی دەکوژێت

**ڕووداو – هەولێر**

لە قامیشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان کچە خوێندکارێکی پۆلی شەشی ئامادەی بە دەمانچە خۆی کوشت.

سەرچاوەیەکی ئەمنی لەبارەی ڕووداوەکە ڕایگەیاندووە: "کچەکە ناوی (ئەڤین)ە و تەمەنی 18 ساڵە، قوتابی پۆلی شەشی ئامادەیی بووە و گوللەیەکی دەمانچەی بە خۆیەوە ناوە، دوای ئەوەی گەیەندراوەتە نەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە".

ئەو سەرچاوەیە دەشڵێ: "دەزگا ئەمنییەکان خەریکی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەن، بەپێی گوتەی کەسوکارەکەی، بەهۆی هیلاکی و گشاری زۆری خوێندنەوە ماوەیەک بوو تووشی خەمۆکی بووبوو، ئەگەر نا هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نەبووە".

## لە پێنج ساڵی ڕابردوودا 754 حاڵەتی دەستدرێژی تۆمارکراون

# ساڵی ڕابردوو دەستدرێژی کراوەتە سەر 204 ئافرەت

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

نەرمین لەگەڵ دراوسێکانی دەچێت بۆ پرسەیەک، کورە دوو ساڵانەکەی لەگەڵ خۆی دەبات و کچە حەوت ساڵانەکەی لە ماڵی دراوسێکەیان دادەنێ، بەڵام تا دەگەڕێتەوە، کچەکەی لەلایەن کوڕی دراوسێکەیانەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر.



نەرمین کە ناوی خوازراوی ئافرەتێکی تەمەن 29 ساڵە، خۆی و کچەکەی بوونە قوربانیی حەزی هەرزەکارێک. نەرمین لەلایەن مێردەکەیەوە تەڵاقدراوە، بەهۆی ئەوەی ئاگای لە کچەکەی نەبووە.

ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان وای دەردەخەن کە دەستدرێژی لە کوردستان خەریکە دەبێتە دیاردە و ساڵ لە دوای ساڵیش بەرەو هەڵکشانە، بۆ نموونە لە ساڵی 2018دا 183 حاڵەتی دەستدرێژی تۆمار کرابوون، بەڵام ساڵی ڕابردوو ژمارەکە زیادی کردووە بۆ 203 حاڵەت.

نەرمین دەڵێت متمانەی زۆری بە ماڵی دراوسێکەیان هەبوو، بۆیە کچەکەی لەلای ئەوان دانابوو، ڕۆژی دواتر کچە حەوت ساڵانەکەی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکە تووشی شۆکی کردبوو. کچەکە باسی لەوە کردبوو کە کوڕە 14 ساڵانەکەی دراوسێیان بە فێڵی پێدانی شوکولاتە بانگی کردووە و پاشان دەستدرێژی کردووەتە سەری.

کەسوکاری کچە حەوت ساڵانەکە یەکسەر پۆلیسیان ئاگادار کردبووەوە، پۆلیس هەرزەکارەکەی دەستگیرکرد، بەڵام کێشەکە بەمە کۆتایی نەهات و کێشە کەوتە نێوان ئەو دوو خێزانە. ماڵی هەرزەکارەکە لە ترسی کاردانەوەی خێزانی کچەکە ناچار بوون گەڕەکەکە جێبهێڵن. نەرمینیش لێی قەوما. ئەو دەڵێت: "مێردەکەم منی تۆمەتبار کرد بەوەی کە ئاگام لە کچەکەم نەبووە، بەو هۆیەوە دەستدرێژی کراوەتەسەر، بۆیە لەلای مەلایەک تەڵاقیدام".

(ت.ف) کە ئێستا لەلای دایکیەتی، بەسەرهاتەکەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی: "ئەو جیرانەمان بانگی کردم بۆ ژووری سەرەوەیان، پێیگوتم وەرە ئەو شوکلاتانە بۆ خۆت و منداڵەکان ببە خوارەوە، بەڵام لەوێ سووراوی بۆ کردم، پاشان جلەکانی لەبەر دانام و دەستی خستە سەر دەمم، من خەوم لێکەوت و نازانم چی ڕوویدا".

> حاڵەتەکانی دەستدرێژی دوو هێندەی ئەو ئامارانەیە کە بڵاودەکرێنەوە
>
> توێژەرێکی کۆمەڵایەتی

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، زۆرترین حاڵەتانی دەستدرێژی لە سنووری پارێزگای سلێمانی تۆمار کراوە. ساڵی 2018 لەو پارێزگایە 68 حاڵەت هەبووە، ساڵی ڕابردوو بەرزبووەتەوە بۆ 71 حاڵەت. لە 2018دا لە پارێزگای هەولێر 21 حاڵەتی دەستدرێژی هەبووە، بەڵام لە ساڵی 2019دا بۆ 40 حاڵەت زیادی کردووە. لە دهۆک لە 2018دا 56 حاڵەت هەبووە، لە ساڵی 2019 کەمی کردووە بۆ 54 حاڵەت. لە گەرمیان لە 20 حاڵەتەوە زیادی کردووە بۆ 22 حاڵەت. لە ڕاپەڕین لە حەوت حاڵەتەوە زیادی کردووە بۆ 15 حاڵەت. لە سۆران لە سێ حاڵەتەوە کەمی کردووە بۆ دوو حاڵەت. لە پارێزگای هەڵەبجەش کە حەوت حاڵەت هەبووە، ساڵی ڕابردوو هیچ حاڵەتێک تۆمار نەکراوە.

میران شۆڕش، توێژەری کۆمەڵایەتی پێیوایە ئەوە ئاماری ڕاستەقینەی دەستدرێژی نییە و ڕەنگە حاڵەتەکان دوو هێندە بن، چونکە زۆر لەوانەی دەستدرێژییان دەکرێتە سەر لە ترسی ئابڕووچوون یان هەڕەشەی کەسوکاریان ناوێرن باسی بکەن و سکاڵاش تۆمار ناکەن.

ئەگەرچی لە ئامارەکاندا دەردەکەوێ زۆرترین حاڵەتی دەستدرێژی لە پارێزگای سلێمانی تۆمار کراوە، بەڵام ئەو توێژەرە دەڵێت حاڵەتەکانی دەستدرێژی لە پارێزگاکانی دیکە ئەگەر زیاتر نەبێ لە سلێمانی، کەمتر نییە.

میران دەڵێت: "هەندێک ناوچە کولتوورەکەیان داخراوە و ئافرەتان کەمتر دەتوانن پەنا ببەنە بەر پۆلیس و سکاڵا تۆمار بکەن، بەڵام لە سلێمانی ئاستی هۆشیاریی خەڵک بەرزترە و تاک لە مافەکانی خۆی بێدەنگ نابێ، دەکرێ ئەمە هۆکار بێت بۆ ئەوەی زۆرترین سکاڵای دەستدرێژی لەو پارێزگایە تۆمار کرابێ".

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە ئاماژە بە جۆری دەستدرێژییەکان دەکات و دەڵێت: "زۆربەی بۆ سەر منداڵی کچ بووە، دوای ئەوانیش نەوجەوانان. جگە لە ڕەگەزی بەرامبەر، دەستدرێژی بۆ سەر هاوڕەگەزیش هەیە، ئەمە زیاتر لە قوتابخانەکان ڕوودەدات، دۆسیەشمان هەیە کە بە کۆمەڵ دەستدرێژی کراوەتە سەر کەسێک".

ئەو سکاڵایانەی دەچنە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەر دەستدێژی، وای دەردەخەن کە زۆرینەی دەستدرێژییەکان لەدوای دروستبوونی پەیوەندیی خۆشەویستی ڕوویانداوە و ئافرەتەکە بە ناوی هاوسەرگیرییەوە هەڵخەڵەتێنراوە.

هیوا کەریم، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان بە (ڕووداو)ی گوت: "زۆرترین سکاڵاکان لەبارەی دەستدرێژی کە دێنە لای ئێمە، لە کاتی پەیوەندی خۆشەویستی ڕوویانداوە. بۆ نموونە ئافرەتێکی جیابووەوە، یاخود کچێک بە مەبەستی هاوسەرگیری پەیوەندی لەگەڵ کوڕێک داناوە، بەڵام بەرامبەرەکەی هەڵیخەڵەتاندووە و دەستدرێژی کردووەتە سەری، زۆرجاریش دەستدرێژییەکە لەژێر هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ بووە".

> بەهۆی دەستدرێژیکردنە سەر کچەکەم، مێردەکەم تەڵاقیدام
>
> ئافرەتێک

بەگوێرەی بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە هەولێر، لەو پارێزگایە زۆربەی دەستدرێژییەکان لە چوارچێوەی خێزاندا ڕوویانداوە.

موقەدەمی مافپەروەر فەرمان محەممەد مەولود، لەوبارەوە دەڵێت: "کەیسەکانی دەستدرێژی لای ئێمە ئەو کەیسانەن کە لەچوارچێوەی خێزاندا ڕوودەدەن، ئەمە تەنیا ئەو کەیسانە دەگرێتەوە کە لە نووسینگەکانمان تۆمار کراون، هۆکاریش زۆرن، بەڵام دیارترینیان خراپ بەکارهێنانی سۆشیالمیدیایە".

### ئامارەکانی دەستدرێژی لە پێنج ساڵی ڕابردوودا




# کچێکی 14 ساڵان خۆی دەکوژێت

**مەهدی محەممەد ڕواندزی**
**ڕووداو – خەلیفان**

بەهرە، چاوەڕێی پەخشی بەرنامەیەکی دەکرد لە یەکێک لە کەناڵییە کوردییەکان، بە دایکی گوتبوو هەر کە بەرنامەکە هات ئاگاداری بکاتەوە، بەڵام کاتێک دایکی بانگی دەکات وەڵام ناداتەوە. بەهرە بە دەمانچەی باوکی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابوو.

بەهرە ڕەشید حەمەدەمین، تەمەن 14 ساڵ و دانیشتووی ناحیەی خەلیفان، ئێوارەی ڕۆژی 2020/2/7 لە نێو ماڵی خۆیاندا خۆی کوشت. ئەو کچە قوتابی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بوو. مەرگی بەهرە خێزانەکەی شۆک کردووە و تا ئێستا نازانن کچەکەیان بە ئەنقەست خۆی کوشتووە یان گوللەی لەدەست دەرچووە.

مقەدەم شەماڵ دێواری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی لەلایەن نەخۆشخانەی خەلیفان لە ڕووداوەکە ئاگادارکراینەوە، پۆلیس گەیشتنە نەخۆشخانە و دۆسیەیان بۆ ڕووداوەکە کردەوە، دەرکەوت کچێکی تەمەن 14 ساڵان بە دەمانچەی باوکی گوللەیەکی لە سینگی خۆی داوە".

هەتا ئێستا دیار نییە ئەو کچە بە ئەنقەست خۆی کوشتووە یان گوللەی لەدەست دەرچووە، بۆیە هەر ئەو شەوە تەرمەکەی بە مەبەستی پشکنین نێردرا بۆ پزیشکی دادوەری لە نەخۆشخانەی گشتیی سۆران. پۆلیس دەڵێت چاوەڕێی ڕاپۆرتی پزیشکیی پشکنینەکە دەکەن.

بەهرە سێیەم و دوایین منداڵی ئەو خێزانە بوو. باوکی پۆلیسی هاتوچۆیە و لە کاتی ڕووداوەکە لە ماڵ نەبووە. دەمانچەکەی لە ماڵەوە بەجێهێشتووە و بەهرە لە چێشتخانەی ماڵەکەیان خۆی پێ کوشتووە.

ڕەشید حەمەدەمین، کە لە پۆلیسی هاتۆچۆی خەلیفان ئەفسەرە، باسی ئەو ئێوارەیە دەکات کە بەهرە خۆی کوشت و دەڵێت: "سەعات شەشی ئێوارە بوو، لە دەوام گەڕامەوە ماڵەوە، بەهرە لە هەموو ڕۆژەکانی تر کەیفخۆشتر دیار بوو، تا من نوێژم کرد ئەو سفرەی ڕاخست و قاپەکانی دانان و پێکەوە نانمان خوارد".

لەو ماڵە وەکو بەرنامەی لێهاتبوو دوای نانخواردن دەبووایە باوکی بەهرە سەعی بە کچەکەی بکات. ئەو دەڵێت: "کتێبەکانی هێنان بۆ ئەوەی سەعی پێ بکەم، منیش نزیکەی سەعاتێک وانەم پێگوتەوە و دواتر چوومە دەرەوە".

لەو کاتەدا کەسێک پەیوەندی بە ڕەشیدەوە دەکات و پێیدەڵێت کە ڕووداوێکی هاتوچۆ ڕوویداوە، بۆیە دەچێتە دەرەوە. ڕەشید دەڵێت: "من ئەو شەوە خەفەر بووم، هاتبوومەوە ماڵەوە نان بخۆم و بگەڕێمەوە دەوام، لەو کاتەدا پەیوەندییان پێوەکردم، زۆر بە پەلە ڕۆیشتم و مۆبایلەکەم و دەمانچەکەم لەبیر کرد".

باوکی بەهرە دەچێتە شوێنی ڕووداوەکە و پاشان دەچێتەوە دەوامی خۆی، لەو کاتەدا پەیوەندی بە فەرمانگەکەیەوە دەکەن و هەواڵە ناخۆشەکەی پێڕادەگەیەنن.

مەرگی بەهرە خانەوادەکەی شۆک کردووە، ئەوان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەوەن کە ئاخۆ ڕووداوی مردنی کچەکەیان خۆکوشتن بووە یان لە ئەنجامی دەستکاریکردنی دەمانچەکەوە بووە.

باوکی بە پشتبەستن بە قسەکانی هاوژینەکەی دەڵێت: "دایکی بۆی گێڕامەوە کە بەهرە هیچ کێشەیەکی نەبووە، دوای سەعیکردن، لەگەڵ براکەی خەریکی یاریکردن بووە، ئەو زۆر حەزی لە بەرنامەیەک بوو، بە دایکی گوتووە ئەگەر بەرنامەکە هات ئاگادارم بکەوە".

وەک باوکی بەهرە باسی دەکات، ئەوکاتەی بەرنامەکە هاتووە، دایکی چەند جارێک بانگی کردووە، بەڵام وەڵامی نەداوەتەوە، کاتێک لە نێو ماڵەکەدا بەدوایدا گەڕاوە بینیویەتی تەرمەکەی لە چێشتخانە کەوتووە و دەمانچەکەش لەنێو دەستیدایە.

باوکی بەهرە دەمانچەکەی لەنێو کانتۆر داناوە، نازانێت چۆن بەهرە دەمانچەکەی دۆزیوەتەوە و بۆچی چووەتە خوارەوە و لە چێشتخانە گوللەی لە خۆی داوە. هێشتا وەڵامی ئەو پرسیارەش دیار نییە کە چۆن دەنگی تەقینی فیشەکێک لەناو ماڵدا سەرنجی کەسی ڕانەکێشاوە.

دوای هەر ڕووداوێکی لەو شێوەیە کۆمەڵێک دەنگۆ بڵاودەبنەوە. لەدوای خۆکوشتنی بەهرەش دەگوترێ کەسوکارەکەی لەسەر شێوازی پۆشینی جلوبەرگ سەرزەنشتیان کردووە، بۆیە خۆی کوشتووە.

بەڵام باوکی بەهرە ئەو دەنگۆیە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: "ئێمە خێزانێکی هێندە داخراو نین تاوەکو لەسەر جلوبەرگ سەرزەنشتی منداڵەکانمان بکەین، ئەوانەی ئەو جۆرە قسانە دەکەن برینی لە دەستچوونی بەهرە لە دڵی ئێمەدا قووڵتر دەکەن و ڕووحی بەهرەش ئازار دەدەن".

# ژنێک لە ماڵی باوکیدا خۆی دەکوژێت

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو – کۆیە**

خێزانەکەی لە شیرینیی خەودا بوون، ئەوکاتەی بەهار چەکەکەی باوکی هەڵگرت و گوللەیەکی نا بەژێر چەناگەی خۆیەوە. کەسوکارەکەی دەڵێن هیچ کێشەیەک و هیچ نەخۆشییەکی نەبووە، بۆیە نازانن بۆچی خۆی کوشتووە!

ڕۆژی 2020/2/10 ئافرەتێکی تەمەن 27 ساڵ بەناوی (بەهار.ع.م) کە دانیشتووی ناحیەی کەسنەزانی سەر بە شاری هەولێر بوو، لە گەڕەکی کەکۆنی شاری کۆیە لە ماڵی باوکیدا خۆی کوشت. بەهار دایکی منداڵێک بوو.

دانا حاجی لێپرسراوی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە کۆیە، سەبارەت بە خۆکوشتنی ئەو ئافرەتە بە (ڕووداو)ی گوت: "بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی ئێمە ئەو ئافرەتە دانیشتووی هەولێرە و بە سەردان هاتووەتەوە ماڵی باوکی لە کۆیە، لە ماڵی باوکیدا خۆی کوشتووە".

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس، ئەو ئافرەتە کێشەی لەگەڵ مێردەکەی هەبووە، باوکی بەهاریش سەرەتا سکاڵای تۆمار کردووە، بەڵام دواتر سکاڵاکەی کشاندووەتەوە.

بەهار و هاوژینەکەی خاڵۆزا و پوورزای یەکدین، پێشتر کێشە لەنێوانیاندا هەبووە، بەڵام دانا حاجی دەڵێت "ئەو کاتەی سەردانی ماڵی باوکی کردووە، هیچ کێشەی نەبووە، واتە نەتۆراوە و بە عاجزی نەگەڕاوەتەوە ماڵی باوکی".

بە گوتەی دانا حاجی، بەپێی ماددە 408 لە یاسای سزاکانی عێراق کە تایبەتە بە هاندان بۆ خۆکوشتن، بڕیاری دەستگیرکردن بۆ چەند کەسێک دەرچووە. دەستیش بەسەر ئەو چەکەدا گیراوە کە بەهار بەکاری هێناوە.

ستار سەعدون، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی کۆیە بە (ڕووداو)ی گوت: "بەرەبەیانی ڕۆژی 2020/2/10 بەر لەدەستپێکردنی دەوام تەرمی ژنێک گەیەندرایە نەخۆشخانە، دوای ئەوەی پشکنین بۆ تەرمەکە کرا دەرکەوت شوێنەواری گوللەیەک بە ژێر چەناگەیەوە بووە و هەر لەو شوێنی ڕووداوەکەش مردووە. بە گوێرەی پشکنینەکان ئەو ئافرەتە خۆی کوشتووە. دوای ڕێکارە پزیشکییەکان تەرمەکە ڕادەستی کەسوکارەکەی کرایەوە".

هێشتا ڕوون نییە بەهار بۆچی خۆی کوشتووە، کەسوکارەکەشی سەرەڕای ئەو کۆستە گەورەیە، بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێن.

(ع.م)، باوکی بەهار دەڵێت زاواکەی خزمی خۆیەتی و نەیزانیوە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کچەکەیدا هەبووبێ، بۆیە هەر قسەیەک لەبارەی کێشەی نێوان کچەکەی و زاواکەی بگوترێ ڕەتیدەکاتەوە.

(ع) باسی ساتی خۆکوشتنی کچەکەی دەکات و دەڵێت: "بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە هەموومان لە خەودا بووین، لەگەڵ دەنگی تەقە بە ئاگا هاتین، بینیمان بەهار لەنێو خوێنی خۆی کەوتووە، بە پەلە گەیاندمانە نەخۆشخانە، بەڵام گیانی دەرچووبوو".

سەبارەت بەهۆکاری خۆکوشتنی بەهار، باوکی دەڵێت: "نازانین بۆچی خۆی کوشت، کێشەی لەگەڵ کەس نەبوو، جگە لەوەش هیچ نەخۆشییەکی دەروونی و جەستەیی نەبوو. منیش وەک ئێوە دەپرسم بۆچی خۆی کوشت؟!".

ئەگەرچی باوکی بەهار سەرەتا سکاڵای تۆمار کردبوو، بەڵام دواتر سکاڵاکەی کشاندەوە. سەبارەت بە هۆکاری کشاندنەوەی سکاڵاکە، باوکی بەهار گوتی: "سەرەتا سکاڵام تۆمار کرد، بەڵام دواتر پەشیمان بوومەوە، دوای ئەوەی بۆم دەرکەوت کەس لە پشت خۆکوشتنی کچەکەم نەبووە و کچەکەم بە دەستی خۆی، خۆی کوشتووە، بەبێ ئەوەی کەس هانی دابێ".



بەڵام سەرچاوەیەک کە ئاگاداری ژیانی ئەو خێزانە بووە، دەڵێت پێشتر کێشە لە نێوان بەهار و هاوژینەکەی هەبووە. تەنانەت بەهار سکاڵاشی تۆمار کردووە.

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت: "بەهار و هاوژینەکەی بەردەوام کێشەیان هەبوو، تەنانەت بەهار سکاڵاشی لەسەر تۆمار کردبوو، بەڵام پێکهاتنەوە و سکاڵاکەی کشاندەوە".

هەر ئەو سەرچاوەیە دەشڵێت: "بەهار بەهۆی کێشەی لەگەڵ هاوژینەکەی ماوەیەک لە شەڵتەرێکی ئافرەتان مایەوە، دوای ئەوەی لەگەڵ هاوژینەکەی پێکهاتنەوە شەڵتەری جێهێشت".

ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (593) - دووشەممە 2020/2/24

## لە هەریر باوک و کوڕێک کوژران




**ڕووداو – هەولێر**

لە ناحیەی هەریری سەر بە قەزای شەقڵاوە، بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی باوک و کوڕێک کوژران، بکوژەکەشیان بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتووە. حامد ئیسماعیل، بەڕێوەبەری ناحیەی هەریر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێوارەی ڕۆژی 2020/2/22 هاووڵاتییەک لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی خەزوور و کوڕە خەزوورەکەی خۆی کوشتووە، کە هاوکات برازا و ئامۆزای کوژراوەکانیشە". حامد ئیسماعیل گوتیشی: "دوای ڕووداوەکە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش لێکۆڵینەوەیان لە ڕووداوەکە دەستپێکردووە، گەڕانیش بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبارەکە دەستپێکردووە و تا ئێستا دەستگیر نەکراوە، چونکە هەر دوای ڕووداوەکە بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتووە".

# ژنەکەی خۆی و براکەی پێکەوە دەکوژێت

## هەوڵدەدەین کێشەکە بە عەشایەری چارەسەر بکەین

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

(ب) سەعات پێنجی بەیانی خۆی دەگۆڕێ و دەچێ بۆ دەوام، بەڵام پەشیمان دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە ماڵەوە و ژنەکەی لەماڵ نابینێ. کاتێک دەچێتە ماڵی براکەی، دەبینێ هاوژینەکەی و براکەی پێکەوەن، هەر لەوێ دەستڕێژیان لێدەکات و دەیانکوژێت.

بەرەبەیانی ڕۆژی 2020/2/16، لە قەزای خەباتی سەر بە شاری هەولێر ژنێکی تەمەن 20 ساڵان بەناوی (ر) و پیاوێکی تەمەن 25 ساڵان بەناوی (ف.م) کوژران. ژن و پیاوە کوژراوەکە ئامۆزای یەکدین و لە ماڵی پیاوەکەدا کوژراون. ژنەکە شووی کردووە و دوو منداڵی هەیە، پیاوەکەش بە هەمانشێوە باوکی دوو منداڵە. بکوژەکەش بەناوی (ب.م) کە مێردی ژنەکەیە و پێشمەرگەیە، برای (ف.م)ـە و دوای ڕووداوەکە هەڵاتووە.

سەرچاوەیەکی پۆلیس بە (ڕووداو)ی گوتبوو، کوشتنی ئەو ژن و پیاوە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە. پۆلیس لەوە زیاتر زانیاری لەبارەی ڕووداوەکە ئاشکرا ناکات.

بەڵام کانەبی خدر کە گەورەی ئەو بنەماڵەیەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ژن و پیاوەی کە کوژراون ئامۆزای یەکدین، ئەو کەسەی تاوانەکەیشی کردووە برای کوژراوەکەیە، هەردووکیشیان پێشمەرگەن".

(ر) دوای ئەوەی مێردەکەی بەڕێدەکات بۆ دەوام، کاتێک دەزانێت ژنی شووبراکەی لە ماڵ نییە و چووەتە ماڵی باوکی، منداڵەکانی لە ماڵەوە جێدەهێڵێت و دەچێتە ماڵی شووبراکەی.

کانەبی دەڵێت: "مێردی ژنەکە لەگەڵ برای ژنەکەی سەعات پێنجی بەیانی دەچن بۆ دەوام، دوای ئەوان (ر) چووەتە ماڵی ئامۆزاکەی. هەر ئەو بەیانییە مێردەکەی گەڕابووەوە، بەڵام نازانین بۆچی، کاتێک دەچێتە ژوورەوە دەبینێت منداڵەکانی خەوتوون، بەڵام ژنەکەی لە ماڵ نییە، وادیارە پێشتر گومانی لە ژنەکەی هەبووە کە خیانەتی لێدەکات، بۆیە کە لە ماڵ نایدۆزێتەوە، یەکسەر دەچێتە ماڵی براکەی".

(ب) لە ماڵی براکەی تووشی شۆک دەبێت کە بەو بەیانییە زووە هاوژینەکەی لەگەڵ براکەی دەبینێ، ئیدی دەست بۆ چەکەکەی دەبات و تەقەیان لێدەکات.

کانەبی دەڵێت: "ئەو پیاوە کە ژنەکەی بەو شێوەیە لەگەڵ براکەی بینیوە، باوەڕی بەو دیمەنە نەکردووە کە ژنێک دایکی دوو منداڵیەتی و لەگەڵ نزیکترین کەسی کە برایەتی خیانەتی لێدەکەن، بۆیە هەر لەوێ دەستدرێژی گوللەیان لێدەکات و دەیانکوژێت".



تەرمی (ف) و (ر) بەبێدەنگی نێژران و پرسەشیان بۆ دانەنرا

بە گوتەی کانەبی، (ف) کە پێشمەرگەیە، شەوی پێش ڕووداوەکە لە دەوام گەڕابووەوە، ژن و منداڵەکانی لە ماڵی خەزووری بوون. بەڵام ئەو دەڵێت تا ئێستاش نازانین (ب) بۆچی ئەو بەیانییە پەشیمان بووەتەوە و نەچووە بۆ دەوامەکەی.

کانەبی گوتی: "من بەیانی زوو هەستام نوێژی بەیانیم کرد، لەناکاو تەلەفۆنیان بۆ کردم، خێرا چووم بۆ شوێنی ڕووداوەکە. کە گەیشتمە ئەوێ بینیم هەردوو تەرمەکە لەسەر زەوی کەوتبوون، یەکسەر پۆلیسم ئاگادار کردەوە. ئەوان هاتن و تەرمەکانیان بردن بۆ پەیمانگەی پزیشکی دادوەری".

گوتیشی: "هەردووکیان نزیکەی 10 گوللەیان بەرکەوتبوو".

دوای ئەوەی پشکنین بۆ تەرمەکان کرا، کانەبی تەرمەکانی لە پەیمانگەی دادپزیشکی وەرگرتەوە. دواتر لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە پیاوانی بنەماڵەکەی تەرمەکانیان لە گۆڕستانێک شاردنەوە.

لە کوردستان ئەوانەی بەناوی شەرەفپارێزییەوە دەکوژرێن، ڕێوڕەسمی ناشتن و پرسەی شکۆداریان بۆ ناکرێ، تەنانەت هەندێک بنەماڵە ئامادە نین تەرمەکانیشیان وەربگرنەوە و دواتر شارەوانی تەرمەکە دەنێژێ.

کانەبی دەڵێت: "بەهیچ شێوەیەک پرسە بۆ ئەو جۆرە کەسانە دانانێین، چونکە ئەوان هەڵەیەکیان کردووە جێی شەرمەزارییە بۆ خۆیان و خێزانەکانیان، ئەوان هەردووکیان خاوەن منداڵ بوون. دەبوایە بیرێک لە منداڵەکانیان بکەنەوە".

(ب) دوای تاوانەکە هەڵاتووە، کەسوکاریشی سکاڵایان لەسەر تۆمار نەکردووە. کانەبی دەڵێت "دایک و باوکی ئافرەتەکە و پیاوەکە سکاڵایان تۆمار نەکردووە، بەنیازیش نین سکاڵا تۆمار بکەن، چونکە ئەوان هەڵەیان کرد، دوو بنەماڵەیان وێران کرد. چوار منداڵ بەهۆی ئەوانەوە هەتیو بوون".

باوکی ئافرەت و پیاوە کوژراوەکە کە برای یەکدین کێشەکەیان داوەتە دەستی گەورەی بنەماڵەکەیان کە کانەبییە، ئەویش دەڵێت: "بۆ ئەوەی (ب)یش نەکەوێتە زیندان، هەوڵدەدەین کێشەکە بە عەشایەری چارەسەر بکەین".

# لەلایەن مێردی پێشووی ژنەکەیەوە دەکوژرێ



فەرمان تەنیا 19 ڕۆژ بوو خێزانی پێکهێنابوو

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

مانگی هەنگوینیی تەواو نەکردبوو، لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی پیاسەی دەکرد، لە ناکاو کەسێک دێتە بەردەمیان و 12 گوللە دەتەقێنێ، 7 لە گوللەکان بەر فەرمان دەکەون و دەکوژرێ. هەموو ئەوانەی فەرمانیان ناسیوە دەڵێن ئەو گەنجە لە هیچ و خۆڕایی کوژرا.

شەوی 2020/2/14 گەنجێکی تەمەن 28 ساڵ بەناوی فەرمان جەعفەر، دانیشتووی گەڕەکی بەهاری نوێی شاری هەولێر، لە گەڕەکی کرێکاران کوژرا. فەرمان تەنیا 19 ڕۆژ بوو خێزانی پێکهێنابوو.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی لە ڕووداوێکی تەقەکردن لە گەڕەکی کرێکاران ئاگادار کراینەوە، پۆلیس چوونە شوێنی ڕووداوەکە، دەرکەوت کەسێک بەناوی فەرمان جەعفەر کوژراوە، پۆلیس تەرمەکەی هەڵگرتەوە و ڕەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێری کرد".

ڕائید هۆگر سەبارەت بە بکوژەکە دەڵێت: "ئەوەی تاوانەکەی کردووە مێردی پێشووی هاوژینی فەرمانە، دوای تاوانەکە هەڵات بۆ شاری سلێمانی و لەوێ خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد، پۆلیسی سلێمانیش ڕادەستی ئێمەی کردەوە".

تۆمەتبارەکە بەپێی مادە 406 لە یاسای سزاکانی عێراق دۆسیەی بۆ کراوەتەوە، بەڵام ڕائید هۆگر دەڵێت بەهۆی ئەوەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ تۆمەتبار لە قۆناغی سەرەتادایە، نازانرێ بۆچی فەرمانی کوشتووە.

فەرمان دووکانی فرۆشتنی کەلوپەلی کارەبایی هەبوو. تەنیا 19 ڕۆژ بوو زەماوەندی کردبوو. کەسوکاری فەرمان دەڵێن کوڕەکەیان بەبێ هۆ کوژراوە، ئێستاش چاوەڕێن پۆلیس لێکۆڵینەوەکانی لەگەڵ تۆمەتبار تەواو بکات و کەیسەکەی ڕەوانەی دادگا بکات.

بڕوا یاسین کە هاوڕێی سەردەمی منداڵیی فەرمانە، دەڵێت قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان هەڵەیەکی لەو کوڕە نەبینیوە. بڕوا گوتی: "16 ساڵ بوو ئەو کوڕەم دەناسی، کوڕی یەک گەڕەکین، کار و کاسبیشمان هەر پێکەوە بوو، من دووکانی مۆبایلم هەبوو، ئەویش دووکانی کەلوپەلی کارەبایی هەبوو. کەسێکی زۆر بێ کێشە بوو، جگە لە چاکە هیچ خراپییەکی بۆ کەس نەبوو".

کاتێک فەرمان لەلای هاوڕێکانی باسی ژنهێنانی کردبوو، هاوڕێکانی بەو هەواڵە زۆر دڵخۆش بووبوون، بەڵام نەیانزانی دڵخۆشییەکەیان کورتخایەنە. بڕوا دەڵێت: "فەرمان تەنیا 19 ڕۆژ بوو ژنی هێنابوو، زۆر دڵی خۆشبوو، ئێمەش دڵمان خۆشبوو کە ئەو ژنی هێناوە، بەڵام نەمانزانی دڵخۆشییەکەی زۆر ناخایەنێ و دەکوژرێ".

هاوژینەکەی فەرمان جگە لە گریان هیچی بۆ نەماوەتەوە، ئەوەی دڵنەوایی دەداتەوە ئەڵقەی هاوژینییەکەی و جلەکانی فەرمانە کە زوو زوو سەیری ئەڵقەکەی دەستی دەکات و جلەکانی فەرمان بۆن دەکات.

سەبارەت بە هاوژینی فەرمان، بڕوا دەڵێت: "ئەو پێشتر شووی کردبوو، بەڵام لەگەڵ هاوژینی یەکەمی نەگونجابوو، حەوت مانگ لەمەوبەر لە هاوژینی یەکەمی جیابووەتەوە، مانگێک لەمەوبەر فەرمان چوو بۆ خوازبێنی، ئەویش شووی پێکرد".

گوتیشی: "لەو باوەڕەدا نیم فەرمان پێشتر پەیوەندی لەگەڵ ئەو ژنە هەبووبێ، هیچ ناسیاویش لە نێوانیاندا نییە و نازانم چۆن و لە ڕێگەی کێ ناسیویەتی، جگە لەوەش لە فەرمانم نەپرسی کە ژنهێنانەکەی بە خۆشەویستی بووە یان بە ڕێکەوت، ئەوەی بەلای منەوە جێی خۆشحاڵی بوو، ئەوە بوو کە فەرمان ژنی هێنابوو".

بڕوا دەڵێت فەرمان بەو ژنهێنانە دڵی زۆرخۆش بوو، لە ڕۆژی زەماوەندەکەیدا ئاهەنگێکی گەورەی سازکردبوو.

بڕوا باسی ئەو شەوەی کرد کە فەرمانی تێدا کوژرا و گوتی: "ئەو شەوە دوای نوێژی عیشا فەرمان لەگەڵ ئالانی هاوڕێی چووبوونە گەڕەکی کرێکاران و پیاسەیان کردبوو. لەو کاتەدا ئەو پیاوە لێیان نزیکبووەتەوە و 12 گوللەی تەقاندووە، حەوت گوللە بەر فەرمان کەوتوون و هەر لەوێ گیانی دەرچووبوو، بەڵام ئالانی هاوڕێی سەلامەت بوو.

بڕوا لەلایەن ئالانەوە لە ڕووداوەکە ئاگادار کراوەتەوە و دەڵێت "من لە ئاهەنگی مارەبڕینی هاوڕێیەکم بووم، ئالان تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی فەرمان کوژراوە. باوەڕم نەکرد، چونکە نەمزانیبوو فەرمان کێشەیەکی هەبێ".

بڕوا دەڵێت "فەرمان هیچ کێشەی لەگەڵ بکوژەکە نەبووە، باوەڕیش ناکەم قەت بینیبێتی، ڕەنگە ئەو پیاوە پێی ناخۆش بووبێ هاوژینی پێشووی شوو بکاتەوە، بۆیە فەرمانی کوشتووە".

## سەرۆکی خێزانەکە لە سکاڵاکارەوە دەبێتە تۆمەتبار

# گومان دەکەوێتە سەر دۆسیەی مردنی خێزانەکەی عەنکاوە

**ڕووداو – هەولێر**

گومان دەکەوێتە سەر دۆسیەی مردنی دایکێک و دوو منداڵەکەی لە شارۆچکەی عەنکاوەی شاری هەولێر. ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەری لەگەڵ ڕاپۆرتی بەڵگەی تاوان یەکناگرێتەوە. مێردی ئافرەتەکەش کە باوکی هەردوو منداڵەکەشە، لە سکاڵاکارەوە دەبێتە تۆمەتبار.

ڕۆژی 2020/1/19 تەرمی ژنێک و دوو منداڵەکەی بە مردوویی لەنێو ماڵی خۆیاندا لە شارۆچکەی عەنکاوە لە نزیک هەولێر دۆزرانەوە. سەرەتا وا لێکدرایەوە کە خێزانەکە لە خەودا بوون و سۆباکەیان هەڵچووبێ و ئۆکسجین لە ژوورەکەدا نەمابێ و بەو هۆیەوە خنکابن.

خێزانەکە کریستیانن و لە بنەڕەدا خەڵکی شارۆچکەی بەتنایەی سەر بە پارێزگای نەینەوان، ماوەی 5 ساڵ بوو ئاوارەی هەولێر بوون. زینە سالم عەزیز، تەمەن 37 ساڵ، لەگەڵ ئەسیر ئسخریای هاوژینی کێشەیان هەبووە و دۆسیەکەیان لە دادگا بووە و چاوەڕێی بڕیاری جیابوونەوە بوون. ئەسیر ماڵی بەجێهێشتبوو و گەڕابووەوە نەینەوا، زینەش لەگەڵ کچە 24 ساڵەکەی بەناوی ئالین و کوڕە 17 ساڵەکەی بەناوی عەزیز هەر لە عەنکاوە مابوونەوە.

تەرمەکان دوای دۆزینەوەیان ڕەوانەی پزیشکی دادی هەولێر کران، بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی، دوو ئەندامی خێزانەکە 95%ی جەستەیان سووتاوە. بەڵام بەپێی بەدواداچوونێکی (ڕووداو) دەرکەوت ئەوانە نەسووتاون و خنکاون، تەنیا کەمێک لە قاچی عەزیز سووتاوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو دۆسیە چەند زانیارییەکی تازەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی: "ڕۆژی 2019/12/18 واتە مانگێک پێش دۆزینەوەی تەرمی ژنەکە و دوو منداڵەکەی، ئەو پیاوە تەلەفۆنی بۆ ژن و منداڵەکانی کردووە وەڵامیان نەداوەتەوە، بۆیە گەڕاوەتەوە عەنکاوە و یەکسەر پۆلیسی ئاگادار کردووە، بەڵام دادوەر ڕەزامەندی نەداوە بۆ پشکنینی ماڵەکە".



عەزیز و ئالین

سەرچاوەکە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، دەشڵێت: "لە ماوەی ئەو مانگەدا ئەسیر 5 جار سکاڵای تۆمار کردووە و داوای کردووە ماڵەکە بپشکنن. دوای مانگێک ئینجا دەزگا ئەمنییەکان ڕەزامەندییان وەرگرت و چوونە ماڵەکە، دەرگاکەیان شکاند و تەرمی ژن و منداڵەکانیان دۆزییەوە".

هەرچەندە ئەسیر هیچ قسەیەک لەسەر ڕووداوی مردنی خێزانەکەی ناکات، بەڵام سەرچاوەکەی (ڕووداو) دەڵێ: "ئەسیر کە لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکان چووبووە ماڵەکە، بە بینینی ئەو دیمەنە شۆک بووە، زۆر گریاوە و گوتوویەتی مانگێکە هاوار دەکەم بچنە ماڵەکەم بەڵام نەچوون".

ئەگەرچی ئەسیر سەرەتا سکاڵاکار بووە، بەڵام دادوەر سیفەتەکەی لە سکاڵاکارەوە گۆڕی بۆ تۆمەتبار و بە گومانی ئەوەی دەستی لە کوشتنی ژن و منداڵەکەیدا هەبووبێت چەند ڕۆژێک دەستگیرکرا، دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا".

سێ لایەنی پەیوەندیدار لێکۆڵینەوەیان لە دۆسیەکەدا کردووە، بەڵام ڕاپۆرتەکانیان جیاوازن.



ئالین و زینەی دایکی

"ئەو ڕۆژەی تەرمەکان دۆزرانەوە، تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوان و بەرگریی شارستانی، لێکۆڵینەوەیان کرد، دواتر تەرمەکان ڕەوانەی پزیشکی دادی هەولێر کران. بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەری 95%ی جەستەی دایک و کچەکە سووتاون، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی بەڵگەی تاوان و بەرگریی شارستانی، تەنیا بەشێکی کەم لە جەستەی کوڕ و دایکەکە سووتاوە. خێزانەکە بە خنکان مردوون".

سەرچاوەکە گوتیشی: "ئەو جیاوازییە دەیسەلمێنێ کە پێدەچێت هەوڵێک هەبووبێت بۆ بەلاڕێدابردنی دۆسیەکە، بۆ ئەوەی پەردەپۆشی کەمتەرخەمیی دادوەرەکە لە بڕیارنەدان لەسەر پشکنینی ماڵەکە بکرێت، هەر بۆیەش سەرەتا ئەو دەنگۆیە بڵاوکرایەوە کە بە گوللە لەسەریان درابێت، بەڵام لە لێکۆڵینەوەکان دەرکەوت دەرگای ژوورەکە لە دیوی ناوەوە قوفڵ دراوە، واتە هیچ هەوڵێکی کوشتن یان تەقەکردن لە ڕووداوەکەدا نەبووە".

(ڕووداو) پەیوەندی بەو دادوەرەوە کرد کە دەگوترێ 5 جار داوای لێکراوە فەرمان بۆ پشکنینی ماڵەکە دەربکات و ڕەزامەندی نەداوە، بەڵام ئەو دادوەرە وەڵامی پەیوەندی و نامەکانیشی نەدایەوە.

عەمید عەبدولجەبار ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەڵگەی تاوانی هەرێمی کوردستان لەبارەی دۆسیەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە لە ڕاپۆرتەکە نووسیومانە بەهۆی بوونی چەرخێک لەسەر سۆباکە، ماڵەکە ئاگری گرتووە و بەشێک لە کەلوپەلی نێو ژوورەکەش سووتاون، بەڵام بەهۆی ئەوەی ژوورەکە داخراو بووە، ئۆکسجینی تێدا نەماوە و ئاگرەکە کوژاوەتەوە، خێزانەکەش هەر بەهۆی نەمانی ئۆکسجینەکەوە خنکاون".

بەڕێوەبەری پزیشکی دادی هەولێریش بەبیانووی ئەوەی ئاگاداری دۆسیەکە نییە، ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێک بۆ (ڕووداو) بدات، بەڵام گوتی: "لەگەڵ ئەو پزیشکە قسە دەکەم کە ڕاپۆرتەکەی ئامادە کردووە و بەدواداچوون بۆ دۆسیەکەش دەکەین".

> **سەرچاوەیەک:**
> ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەری لەگەڵ بەڵگەی تاوان و بەرگری شارستانی یەکناگرنەوە

## کورد لە بیرەوەرییەکانی سەرۆکی سیخوڕەکانی جۆزێف ستالیندا..

# هەوڵەکانمان بۆ کۆنترۆڵکردنی عێراق لەڕێی کوردەوە سەرنەکەوتن

**نووسینی: پاڤڵ سودەپلاتۆڤ**
**وەرگێڕانی لە سویدییەوە: کاوە ئەمین**


پاڤڵ ئاناتۆلی سودۆپلاتۆڤ

ساڵی 1946، سەرکردەی کورد مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشگێڕانی عەشیرەتەکەی سنووری ئێرانیان بەزاند و خۆیان کرد بەناو ئازەربایجاندا. ئەوان کە لەلایەن بەریتانی و ئەمریکییەکانەوە پشتیان تێکرابوو، کەوتبوونە بۆسەی هێزەکانی ئێرانەوە. هێزەکانی بارزانی لە دوو هەزار کەس پێکهاتبوون و بە چەکی سووک و تۆپهاوێژ چەکدار بوون. هەزار کەس لە ئەندامانی خێزانەکانیان لەگەڵ بوو. سەرەتا یەکێتی سۆڤیەت لە ئۆردووگایەکدا رایگرتن، منیان نارد بۆ لایان تاوەکو چاوم بە بارزانی بکەوێت. ساڵی 1947 ئاباکوموڤ، وەزیری ئەمنی دەوڵەت، منی نارد بۆ باکۆ بە کارنامەی ئەوەی کە مافی پەنابەرێتی سیاسی بۆ سەرباز و خێزانەکانیان دابین بکەین و بۆ ماوەیەکی کاتی جێگە و رێگەیان لە گوندەکانی ئۆزبەکستان بۆ دابین بکەین کە زۆر لە تاشکەندەوە دوور نەبوو. من وەکو ماتڤیجف، جێگری ئاژانسی تاس و گوتەبێژی حکومەتی سۆڤیەت خۆم بە بارزانی ناساند.

جاری یەکەم بوو کە بەدیداری کەسێکی بەوشێوەیە دەگەیشتم. لە سیمای بارزانیدا کەسایەتییەکی سیاسی و فەرماندەیەکی سەربازیی بەتوانا بەدیدەکرا. بارزانی باسی ئەوەی کرد کە لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا، کورد هەشتا راپەڕینیان لە دژی دەسەڵاتدارانی فارس، تورک و عێراقییەکان کردووە، 60 جار داوای هاوکارییان لە رووسەکان کردووە، هەمیشە بە کەمێک چەک و تەقەمەنی هاوکارییان کراوە. ئەوان کەوتبوونە ناڕەحەتییەکی زۆرەوە لەو ماوەیەی کە کۆماری دیموکراتی کوردستان لەلایەن هێزەکانی رژێمی شای ئێران، حەمە رەزا شای پەهلەوی، رووخێنرابوو، بۆیە شتێکی سرووشتی بوو کە ئەوان داوای هاوکاری لە ئێمە بکەن.

هەموو خزمەکانی بارزانی کە لەلایەن شاوە بە بیانووی دانوستاندنەوە هەڵخەڵەتێنرابوون، لەسێدارە درابوون. کاتێکیش شا داوای لە بارزانی کرد سەردانی تاران بکات بۆ گفتوگۆ، بارزانی داوای گەرەنتی کرد بەوەی ئەندامانی خێزانی شا وەکو بارمتە لە بارەگای ئەو بمێننەوە. لەو ماوەیەی کە گفتوگۆی سەرەتایی لەگەڵ شا دەستیپێکردبوو، بەشێکی بەرچاوی هێزەکانی بارزانی، دەستیان بە مانۆڕی سەربازی بەرەو سۆڤیەت کرد.

ئێمە دەمانویست کورد بەکاربێنین بۆ تێکدانی دەسەڵاتی رۆژئاواییەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. هەر بۆیە لەگەڵ بارزانی رێککەوتین کە خۆی و چەند کەسێک لە ئەفسەرەکانیان لە ناوەندی ئەکادیمی سەربازیی سۆڤیەت ناونووس بکەن، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانن پشوویەک بدەن لە سەفەرە درێژەکەیان، لە ناوەندی ئاسیا نیشتەجێبن و خۆیان بۆ رزگارکردنی کوردستان ئامادە بکەن لە خەباتی چەکداریی داهاتوویان دژی رژێمەکانی ئێران و عێراق.

ئاباکوموڤ ئەوەی لە من قەدەخە کردبوو کە بەهیچ شێوەیەک سەبارەت دانوستاندنەکانی نێوان ئێمە و بارزانی زانیاری بدەمە باقرۆڤی سەرۆکی هەرێمی پارتی کۆمۆنیست، بەتایبەتیش بەڵێنەکانی ستالین لەمەڕ پەروەردەی سەربازی.

## بارزانی رازی بوو ببێتە هاوپەیمانی سۆڤیەت بە مەرجی پشتیوانیکردنی بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی کوردیی سەربەخۆ

## پلانمان دانابوو 1500 کورد پەروەردە بکەین بۆ رووخاندنی حکومەتەکەی نووری سەعید

## لە سیمای بارزانیدا کەسایەتییەکی سیاسی و فەرماندەیەکی سەربازیی بەتوانا بەدیدەکرا

چەند کەسێک لە پیاوەکانی بارزانی لە ئازەربایجانەوە چوون بۆ ئەرمەنستان بۆ ئەوەی لەوێ ئێزگەیەکی رادیۆ دابنێن.

هەمانکات کە من گەڕامەوە بۆ مۆسکۆ، بارزانیش بەخۆی و پێشمەرگەکانییەوە کە بێ چەک بوون، هەروەها بە ماڵ و خێزانەکانیانەوە چوون بۆ ئۆزبەکستان. پێنج ساڵ دواتر لە مانگی مارسی 1952 منیان نارد بۆ ئوزبەکستان، بۆ ئەوەی لە نزیکی تاشکەند چاوم بە بارزانی بکەوێتەوە، ئەوان لەوێ نیشتەجێ کرابوون. بارزانی لە هەڵسوکەتی بەرپرسە هەرێمییەکان نیگەران بوو، داوای کرد لە ناوەندەوە دەستپێشخەری بکرێت و کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەین. ئەو دەیویست سەربەخۆیی و دەسەڵاتی بەسەر ئەو سێ هەزار کەسەدا بمێنێ کە لەگەڵی بوون و لە کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا نیشتەجێ کرابوون. بارزانی ترسی ئەوەی هەبوو لە کۆنترۆڵی دەربچن.

لە یەکێک لە بنکەکانی دەوڵەت چاوپێکەوتنەکەمان کرد. مایۆر نیکۆلای زیمسکۆڤم وەکو وەرگێڕ لەگەڵ بوو کە وەک بارزانی بە باشی بە ئینگلیزی قسەی دەکرد. لە کۆبوونەوەی داهاتوومان‌دا، بارزانی باسی ئەوەی کرد کە چۆن کاربەدەستانی ئینگلیز و ئەمریکییەکان بەرتیلیان داوەتە ناسۆنالیستەکانی کورد بۆ ئەوەی بڕوایان پێبکەن. هەروەها باسی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سیخوڕانی بەریتانی بۆ کردین کە ویستوویانە پیاوەکانی بەکاربێنن تاوەکو کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکانی عێراق، تورکیا و ئێران دابنێن.

پلانەکەی من کە لەلایەن وەزیری ئەمنیەت، ئیگناتیڤەوە پەسەند کرابوو، ئەوە بوو کە لیوایەک لە 1500 کورد پێکبێت بە تەکنیکی تێکدەرانە پەروەردەیان بکەین. دواتر بتوانن رژێمی نووری سەعید لە بەغدا بڕووخێنن. ئۆپەراسیۆنێکی بەوشێوەیە دەبووە هۆی بنکۆڵکردنی پایە و پێگەی بەریتانییەکان لە عێراق. لە پلانەکەی مندا ئەوەش هەبوو کە کورد گونجاون بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو شوێنانەی نەوتیان بۆ ئەوروپا و ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابین دەکرد. لە رێگەی تێکدانی بۆڕییە نەوتەکانی ئێران و عێراق، کورد دەیانتوانی بەڕادەیەکی زۆر هەناردەی نەوت کەمبکەنەوە.

بارزانی رازی بوو بەوەی بچێتە هاوپەیمانییەکی سیاسییەوە لەگەڵ رژێمی سۆڤیەت بەومەرجەی کە پشتیوانی تەواوی بکەین بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی کوردیی سەربەخۆ لە سنوورەکانی نێوان عێراق، تورکیا و ئێران. بارزانی بڕوای وابوو کە واقیعبینانەتره

ئەگەر سەرەتا دەوڵەتێکی بەوشێوەیە لە باکووری عێراق دامەزرێنن، دواتر کوردی تورکیا و ئێرانیش سەربەخۆیی خۆیان رابگەیێنن و پاشان بچنە پاڵ کۆمارە کوردییەکەی ئەوان.

من بە بارزانیم گوت دەسەڵاتێکی وام نییە بتوانم گفتوگۆ لەسەر رێککەوتننامەیەکی لەوجۆرە بکەم، بەڵام ئێمە ئامادەین رێگە خۆش بکەین بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە تاراوگە. بەو ئامانجە، هاوکارەکەم نیکۆلای مانتاژکا کە بەردەستی بۆریس پۆنۆمارژۆڤ، بەڕێوەبەری بەشی نێونەتەوەیی کۆمیتەی ناوەندی بوو، ئەو ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەیەکی بیست کیلۆمەتری لە نزیک تاشکەند. مانتاژکا ئەوەی بۆ بارزانی روونکردەوە ستافی ئەو حکومەتە چۆن کۆمیتەی ناوەندی ئەو پارتە نوێیە پێکدەهێنێ کە بارزانی خۆی سەرۆکایەتی دەکات. من لەو گفتوگۆیەدا هیچم نەگوت، بەڵام بە وردی گوێم بۆ گفتوگۆکە شل کردبوو. دوای دوو کاژێر لە گفتوگۆ، تێگەیشتم لەوەی پلانەکە یەکێکبوو لە پلانە خەیاڵاوییە ئایدیۆلۆژییەکان کە لە کۆمیتەی ناوەندی لە ستاراجا پلۆسجاد، داڕێژرابوو. بارزانی داوای لێکردم پێکەوە سەردانی ستافی

## بارزانی لە بەرامبەر سەردانی بۆ تاران، داوای کردبوو خزمانی شا بە بارمتە لە بارەگاکەی بمێننەوە

ئەفسەرەکانی بکەین. چووینە ژوورێکەوە کە 30 کەس لە دۆخی پاسەوانیدا بوون. کاتێک لێیان نزیکبووینەوە هەموویان کڕنووشیان بۆ بارزانی برد.

لە نیسانی ساڵی 1952، بارزانی کە خێزان و پیاوەکانی لە دەوری بوون، لە نزیک تاشکەند لە کێڵگەیەکی گەورەی کشتوکاڵی نیشتەجێ کرابوون. کاتێک لەگەڵ مانتاژکا گەڕامەوە بۆ مۆسکۆ، بڕیاری ئەوە درا کورد ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیان هەبێت. دەبوو وەزیری ناوخۆ پەروەردەی سەربازییان بۆ دابین بکات و هاوکاریی کەسوکاریان بکات لە دەرەوە پەیوەندی گرێبدەن. ئێمە هەوڵی ئەوەماندا، سیخوڕی خۆمان بخزێنینە ناو گرووپەکەی بارزانی و چەند کوردێک بکەینە سیخوڕ، بەڵام لەلایەن کاربەدەستانی ئەمنیی بارزانییەوە کرانە بڵقی سەرئاو.

زیمسکۆڤ توانی ئەفسەرێکی کوردی ئێرانی بکاتە سیخوڕ کە لە ئەکادیمیای سەربازی دەیخوێند، بەڵام لە گەڕانەوەیەکیدا بۆ تاشکەند بێسەروشوێن کرا. ئێمە نەمانتوانی جارێکی دیکە پەیوەندی پێوە بکەین یاخود بیدۆزینەوە، گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە کۆتایی پێهاتووە.

بۆ یەکەمینجار تێگەیشتم لەوەی پرسی کورد تێکەڵی پرۆسەیەکی بیرۆکراتی کراوە کە پێویستی بە بڕیاری مەکتەبی سیاسییە. ئێگنەتاییڤ فەرمانی پێکردم لە ئۆفیسەکەی مانتاژکا بمێنمەوە تاوەکو ئەو دۆکیۆمێنتەی پێشنیازەکەی ئێمەی لەو پەیوەندییەدا تێدا نووسرابوو، قبوڵ بکرێت. لە باری ئاساییدا ئێگنەتاییڤ کەسێکی بەڕێز و چاوکراوە بوو، بەڵام کاتێک پێمگوت من لەگەڵ بارزانی لە مۆسکۆ لە شوێنی مانەوەی لە ئوتێلەکە کۆبوونەوەیەکی بەپەلەم هەیە، سەرزەنشتی کردم و گوتی نابێ بایەخی دانپێدانی کۆمیتەی ناوەندی بەهەند وەرنەگریت. من و ئێگنەتاییڤ و مانتاژکا پێکەوە چووین بۆ لای مۆلتۆڤۆ و ڤیژنیسکی تاوەکو قەناعەتیان پێبکەین پێشنیازەکە واژۆ

بکەن. دوای ئەو هەموو کۆبوونەوانەی لەگەڵ مۆلتۆڤۆ و ڤیژنیسکی کردمن، هەستم بەوە کرد کە هەردووکیان پیربوون و ماندوون و گورجوگۆڵییەکەی جارانیان نەماوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبێ پەرەگرافێک لە دۆکیۆمێنتەکە لاببرێت. دەبوو بەهیچ شێوەیەک نەنووسرێت وەزارەتی دەرەوە پابەندە بە هیچ بەڵێنێک کە پەیوەندی بە گفتوگۆکانی پرسی کوردەوە هەیە. هەروەها داوایان کرد ئەو پرسە لە مەکتەبی سیاسی باسبکرێت، ئەوەش لەسەر داوای وەزارەتی ئەمنیەت بکرێت، نەک وەک داواکارییەکی هاوبەشی وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی ئەمنیەت. بەو تێبینیانە و یادەوەرییەکی نوێوە، پاسەوانێک کە پێشنیازەکەی لە جانتاکەیدا هەڵگرتبوو، داوام لە مانتاژکا کرد بگەڕێینەوە بۆ ئۆفیسەکەی من لە ئوبیانکا، تاوەکو دوا رەشنووسی بەڵگەنامەکە پاکنووس بکەین، ئەویش پێشنیازەکەی قبوڵکردم.

لە بەهاری ساڵی 1953، رووداوێکی ئەمنی جیددی روویدا لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانمدا لەگەڵ بارزانی. بارزانی کۆرسێکی دەخوێند


پۆلێک لە هاوەڵانی مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران

لە ئەکادیمیای سەربازی لە مۆسکۆ کە منیش هەر لەوێ دەمخوێند. رۆژێک بە جلی سەربازیی ئەفسەرێتییەوە کەوتمە بەرچاوی بارزانی. ئیشارەتێکی بۆ من کرد و لە رێگەی ئەو ملازمە گەنجەی کە وەک وەرگێڕ لەگەڵی بوو، پێیگوتم: "خۆشحاڵم لەگەڵ نوێنەرێکی حکومەتی سۆڤیەتی دانوستاندنم کردووە کە ئەویش پلەیەکی باڵای سەربازیی هەیە". منیش ئارەزووی سەرکەوتنم بۆ بارزانی خواست لەو تاقیکردنەوەیەی کە دەبوو بەو نزیکانە بیکات. سەرئەنجام کە بارزانیم بینی، کەمێک پێش دەستگیرکردنەکەم بوو. رۆژێک کە بە جادەی گۆرکیدا دەڕۆیشتم، بارزانی بینیمی و دەیویست لەسەر کێشەکانی قسەم لەگەڵ بکات، بەڵام من خۆم وانیشاندا کە نەمبینیوە و پێش ئەوەی بگاتە من لەنێو قەرەباڵغییەکەدا خۆم ونکرد.

بارزانی هۆشمەندییەکی وای هەبوو دەیزانی داهاتووی کورد بەستراوەتەوە بە توانا و هێزی ئەوان لەوەی چۆن بتوانن دەستکاری بەرژەوەندیی زلهێزەکان بکەن لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. بەڵام دواتر دەرکەوت زلهێزەکان نەیاندەویست کێشەی کورد بە شێوەیەکی دادپەروەرانە چارەسەر بکەن. هیچ کاتێک چارەنووسی کورد نە لە کرێملن، نە واشنتن و نە لەندەن وەک کێشەیەکی مرۆڤانە سەیر نەکرا. ئەوە چاڵە نەوتەکانی کوردستان بوون کە هۆکاری یەکلاییکەرەوەی سیاسەتی بەدبینانەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بوون. دواتر میشێل سوسلۆڤ جێگەی منی گرتەوە و درێژەی بە کارەکان دا لەگەڵ بارزانی، ئێمە بەڵێنمان دابوو بێسنوور پشتیوانیی خۆمان بۆ سەربەخۆیی کوردستان نیشانبدەین، لە پاداشتی ئەوەشدا، ئەوان رژێمی نووری سەعید بڕووخێنن، بەڵام لە ساڵانی حەفتاکاندا پشتمان لە کورد کرد.

ئەمریکاییەکانیش بەڵێنیان بە بارزانی دا پشتیوانی بکەن لە رووخاندنی رژێمی بەغدا، بەڵام لە کاتێکی زۆر هەستیاردا پشتیوانییەکانیان وەستاند و کورد خرانە نێو گەمەیەکی تراژیدییەوە.

ئامانجی تێکەڵبوونی من بە پرسەکانی کورد لە ساڵانی پەنجاکاندا ئەوە بوو کە کەڵک لە

بزووتنەوەی کوردیی وەربگرم لە کێشمەکێشی جەنگی سارددا. دامەزراندنی کۆماری کوردستان رێگەیەک بوو بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆمان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بپارێزین. ئەمە رێگەیەک بوو بۆ بنکۆڵکردنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و ئەمریکا و لەقکردنی جێپێیان لە ناوچەکەدا، بەڵام باڵانسی هێز لە بەرژەوەندیی ئێمە نەبوو.

کاتێک لە ساڵانی شەستەکاندا رژێمی نووری سەعید (نووری سەعید لە ساڵی 1958 کوژراوە. دیارە هەڵەی چاپە یان زانیاری هەڵەی نووسەرە. وەرگێڕ) لە کودەتایەکی سەربازیدا کە ئێمە پشتیوانیمان کرد، رووخا، یەکێتیی سۆڤیەت هاوپەیمانی گرنگتر لە کوردی پەیدا کرد لە ناوچەکەدا. بارزانی و تراژیدیای گەلی کورد لە بەرژەوەندیی رۆژئاوا و رۆژهەڵات بوو، هەروەک چۆن هەندێجار ئێران و وڵاتانی عەرەبیش

بەهەمان شێوەن، کورد وەک فاکتەرێکی ترس لە ناوچەکەدا هێڵرانەوە، وەک بەشێک لە یارییەکی ناوچەیی نێوان تورکیا، عێراق و ئێران. لە ساڵانی پەنجاکاندا کورد تەنیا هاوپەیمانی سۆڤیەت بوون لە ناوچەکەدا، بەڵام دواتر عێراق و سووریا بوونە هاوپەیمانی ستراتیژیی ئێمە لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. چارەسەرێکی مەعقول بۆ کێشەی کورد، سەربەخۆییەکی سنووردارە لە چوارچێوەی گەرەنتی نێونەتەوەییدا. بەڵام نە رۆژئاوا و و نە جیهانی عەرەبی نایانەوێت کۆمارێکی سەربەخۆی کوردی دابمەزرێت کە دەست بەسەر چاڵە نەوتەکانی مووسڵدا بگرێت.

کاتێک من لە زیندان بووم. ساڵی 1963 پێشنیازێکم نووسی سەبارەت بە رەوشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە تێیدا داوام کرد سەرلەنوێ پەیوەندی لەگەڵ بارزانی گرێبدەینەوە. زانیارییان پێدام کە پێشنیازەکەم قبوڵکراوە و چەک و تەقەمەنییان پێدراوە تاوەکو بتوانن ناوچەکانی خۆیان لە هێرشی سوپای عێراق بپارێزن. بەدەر لەوە، ئەوە راستییەکە، هەوڵەکانی ئێمە لەوەی کە کورد بکەینە هاوپەیمانێکی ستراتیژیی خۆمان و بە هاوکاریی ئەوان بتوانین کۆنترۆڵی ئەوانە بکەین کە حوکمی عێراقیان دەکرد، بە شکست کۆتایی هات.

## دەمانویست لە رێگەی کوردەوە ئەو ناوچە نەوتیانە تێکبدەین کە نەوتەکەیان بۆ ئەمریکا و ئەوروپا دەچوو

## هیچ کاتێک کێشەی کورد لە کرێملن، واشنتن و لەندەن وەک کێشەیەکی مرۆڤانە سەیر نەکرا

## چارەسەری گونجاو بۆ کێشەی کورد سەربەخۆییەکی سنووردارە لە چوارچێوەی گەرەنتی نێودەوڵەتیدا

## دەمانویست کورد بەکاربێنین بۆ تێکدانی دەسەڵاتی رۆژئاواییەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

## ویستمان چەند سیخوڕێکی کورد لەنێو گرووپەکەی بارزانی دابنێین، بەڵام کرانە بڵقی سەر ئاو

## رۆژئاوا و جیهانی عەرەبی نایانەوێت کۆمارێکی کوردی دابمەزرێ دەست بەسەر چاڵە نەوتەکانی مووسڵدا بگرێ



کتێبەکەی پاڤڵ

**تێبینی:**
**مەبەست لە وەرگێڕانی ئەم بەشەی بیرەوەرییەکانی سەرۆکی سیخوڕەکانی ستالین، پاڤڵ ئانەتۆلی سودۆپلاتۆڤ، روونکردنەوەی هەندێک لایەنی مێژوویی پەیوەندییەکانی کورد و سۆڤیەتە کە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە سەیری بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردیان کردووە. هەندێک زانیاری و ژمارەی یاوەرانی مەلا مستەفا بارزانی بۆ سۆڤیەت لەنێوان ساڵانی 1947 — 1958 جیاوازە لە ژمارە راستەقینەکە و سەرچاوە مێژووییەکانی دیکە، بەڵام من وەک ئەوەی نووسەر نووسیویەتی وەرمگێڕاون (وەرگێڕ).**



# ژەمی بەیانیان کێشت دادەبەزێنێ

**رووداو- مێلس لاین**

زۆر دەمێکە لەڕێگەی توێژینەوەی زانستیی جۆراوجۆرەوە سوودەکانی خواردنی ژەمی بەیانی خراونەتەڕوو. ئەوانەی ژەمی بەیانی پشتگوێ ناخەن بەدرێژایی ڕۆژ توانای تەرکیز و کارکردنیان باشترە بەراورد بەو کەسانەی ژەمی بەیانی ناخۆن.

بۆ ئەوانەشی دەیانەوێت خێراتر کێشی زیادەی جەستەیان دابەزێنن، ئەوا بەگوێرەی توێژینەوەیەکی نوێ پەیوەندیی راستەوخۆ هەیە لە نێوان خواردنی ژەمی بەیانی و دابەزاندنی کێش.

دەستەی پزیشکانی پسپۆڕی شەکرە و کوێرەڕژێنەکان لە ئەمریکا لە توێژینەوەکەدا دەڵێن ژەمی بەیانی زۆر زیاتر لەوەی باس دەکرێت، سوودی هەیە.

پزیشکە توێژەرەکان دەڵێن: "ئەوانەی ژەمی بەیانیی دەوڵەمەند بە پێکهاتە خۆراکییەکان دەخۆن، مەترسیی قەڵەوبوونیان کەمترە، بەتایبەت ئەگەر لە بەیانیاندا زۆر بخۆن، چونکە دەرکەوتووە ئەوانەی ژەمی بەیانی دەخۆن، بەڵام بە بڕێکی کەم، بەدرێژایی ڕۆژ هەر بە برسێتی دەمێننەوە و بە ناچاری پەنا دەبەنە بەر خواردنی خۆراکە نادروستەکان، بۆیە قەڵەو دەبن."

لە توێژینەوەکەی پزیشکانی ئەمریکیدا هاتووە نەخواردنی ژەمی بەیانیان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی زیندەچالاکییەکانی جەستە و سەرئەنجام زوو برسیبوون، بۆیە حەزت بۆ خواردنی خۆراکە چەور و شیرینەکان زیاتر دەبێت.

بەڵام ئەوەی پزیشکانی پسپۆڕی شەکرە و کوێرەڕژێنەکان لەم توێژینەوەیەدا باسی دەکەن، ئەوەیە تەنیا خواردنی ژەمی بەیانیان گرنگ نییە، بەڵکو چەندیشی لێ دەخۆی گرنگە. تاوەکو کەمتر بخۆیت، زۆرتر هەست بە برسیبوون دەکەیت و درەنگتر کێشت دادەبەزێ، بۆیە پزیشکان دەڵێن: "ژەمی بەیانی زۆر بخۆ بۆ ئەوەی زووتر کێشت کەم بکات"، بەڵام ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن کە دەبێت پێکهاتەکانی ژەمەکەت تەندروست بن.

# ئەو کار و رەفتارانەی زووتر پیرت دەکەن

**رووداو- برایت ساید**

پیربوون پرۆسەیەکی سروشتی و ئاساییە، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن چەندین گۆڕانکاری لە جەستەی مرۆڤدا روودەدەن، بەڵام هەندێک لەو کارانەی رۆژانە دەیانکەین بێ ئەوەی ئاگاداربین دەبنە هۆی پیربوونی پێشوەختەمان، بۆیە دەبێت لێیان دووربکەوینەوە.



## - خواردنەوەی ئاوی بوتڵی پلاستیکی:

ئاو جەستە لە وشکبوونەوە دەپارێزێت و کۆمەڵێک سوودی هەن، بەڵام پزیشکان پێیانوایە خواردنەوەی ئاو لە بوتڵی پلاستیکی دەبێتە هۆی دروستبوونی چرچولۆچی لە دەوروبەری لێو.



## - زۆر دانیشتن:

توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەوکەسانەی زۆربەی کاتەکانیان بە دانیشتن بەسەر دەبەن و هیچ چالاکییەکی جەستەیی ئەوتۆیان نییە، زووتر پیر دەبن بەراورد بەو کەسانەی زۆر دەجوڵێن و کەم دادەنیشن. ئەوانەی رۆژانە زیاتر لە هەشت سەعات دادەنیشن نزیکەی 8 ساڵ گەورەتر لە تەمەنی خۆیان دەردەکەون، توێژینەوەیەک کە لەسەر 1500 خانم کراوە، دەریخستووە زۆر دانیشتن دەبێتە هۆی کورتتربوونی کرۆمۆسۆمەکان و سەرەنجام پیربوون.



## - خۆنەشووشتن دوای وەرزشکردن:

لە ماوەی وەرزشکردندا ئارەقەیەکی زۆر دەکرێت، ئەگەر لەدوای وەرزش خۆت نەشۆی ئەو ئارەقەیە زیان بە پێست دەگەیێنێت و دەبێتە هۆی پیربوونی، بۆ ئەو کەسانەی زۆر ئارەقە دەکەن، باشترە شەوانە و بەیانیان خۆیان بشۆن، ئەوانەشی کە وەرزش دەکەن دوای وەرزشکردنەکە خۆیان بشۆن.



## - زۆر خواردنی گۆشتی سوور:

پزیشکان دەڵێن ئەوانەی بەردەوام گۆشتی سوور دەخۆن و کەمتر بایەخ بە خواردنی سەوزە و میوەکان دەدەن، زووتر پیردەبن بەراورد بەوانەی گۆشتی سوور کەمتر دەخۆن. لەبارەی هۆکارەکەشی پزیشکان ئاماژە بە زیادبوونی رێژەی (فۆسفەیت) دەکەن لەنێو خوێنی ئەو کەسانی گۆشتی سوور زۆر دەخۆن. بۆیە باشتر وایە رژێمێکی خۆراکیی هاوسەنگ پەیڕەو بکەیت.

# چۆن خۆمان لە کۆرۆنا بپارێزین؟



**رووداو- who**

لەسەرەتای مانگی دیسەمبەر لە شاری ووهانی چین ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوبووەوە و دواتر زۆر بەخێرایی تەشەنەی کرد و ئێستا لە زیاتر لە 30 وڵات ڤایرۆسەکە بڵاوبووەتەوە، رێکخراوی تەندروستیی جیهانی باری لەناکاوی بۆ ڤایرۆسەکە راگەیاندووە و ناوێکی نوێشی بۆ داناوە کە لەمەودوا پێی دەگوترێ ڤایرۆسی کۆڤید19- .

تاوەکو ئێستا هیچ چارەسەرێک بۆ کۆڤید19- بەردەست نییە، ئەوەی هەیە تەنیا گرتنەبەری رێکارە خۆپارێزییەکانە، رێکخراوی تەندروستیی جیهانی چەند رێگەیەکی بۆ خۆپاراستن لە کۆڤد- 19 بڵاوکردووەتەوە کە ئەمانەن:

## - دەستشۆردن:

رێگەیەکی سادە بەڵام کاریگەرە، دەبێت رۆژانە بەردەوام دەستەکان بشۆرێن بەتایبەت دوای بەرکەوتن بە رووە پیسەکان. دەبێت شێوازی شۆردنی دەستەکانیش دروستبێت، بەجۆرێک بە ئاو و سابوون و بۆ ماوەی 30 چرکە (نیو خولەک) هەردوو رووی دەست بشۆرێن.

## - دەم داخستن لەکاتی پژمین:

یەکێک لە رێگەکانی گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆڤید19- بریتییە لە پژمین و کۆکە، بۆیە زۆر گرنگە کەسێک لە ماوەی پژمین و کۆکە دەمی دابخات و دواتریش بەتەواوی دەستەکانی بشوات.

## - دووركەوتنەوە لە شوێنی قەرەباڵغ:

ڤایرۆسەکان بەگشتی و کۆرۆنا بەتایبەتی زۆر بە ئاسانی لە شوێنە قەرەباڵغەکاندا دەگوازرێنەوە، بۆیە تا بکرێت لە شوێنە گشتییەکان دووربە یان لایەنی کەم نزیکەی یەک مەتر دووری لەنێوان خۆت و کەسی بەرامبەرت هەبێت.

## - سەردانی پزیشک بکە:

لەکاتی هەستکردنت بە نیشانەکانی وەک تا، کۆکە و هەناسەتەنگی بە زووترین کات سەردانی پزیشک بکە، بۆ دڵنیابوونەوە لە حاڵەتەکەت.

# نیشانەکانی کەمیی ڤیتامین A لە جەستەدا

**رووداو- برایت ساید**

هەموو ڤیتامینەکان لەجەستەدا گرنگیی خۆیان هەیە و بۆ باشتر کارکردنی بەشەکانی جەستە پێویستن، بەڵام بۆ بینایەکی باشتر، پێستێکی تەندروستتر و توانا و بەپێتییەکی باشتر پێویستمان بە ڤیتامین Aهەیە، هەرچەندە ئەم ڤیتامینە لەنێو زۆربەی خۆراکەکاندا هەیە، بەڵام سەرباری ئەوەش مەترسیی ئەوەمان لەسەرە تووشی کەمیی ڤیتامینەکە ببین. ئەوانەشی کە مەترسیی کەمبوونەوەی ڤیتامین Aیان لەسەرە، زیاتر خانمانی دووگیان و منداڵانن.

هەندێک لە نیشانەکانی کەمیی ڤیتامین A:

## - وشکبوونەوەی پێست:

ڤیتامین A بۆ شێدار هێشتنەوەی پێست ئێجگار گرنگە، کاتێک ئاستی ئەم ڤیتامینە لە جەستەدا کەمدەبێت، هەست بە وشکبوونەوە، سووربوونەوە و خورانی پێست دەکەی.

## - لێڵبوونی بینایی:

یەکێکی دیکە لە کارەکانی ئەم ڤیتامینە بەهێزکردنی بیناییە، بۆیە لێڵبوون و کەمبوونەوەی ئاستی بینین بەتایبەت لە شەواندا لەوانەیە هۆکارەکەی کەمیی ڤیتامین A بێت.

## - زیپکە:

کاتێک پێست وشکدەبێت بەهۆی کەمی ڤیتامین A، زیپکەشی لەسەر دروستدەبێت.

بۆیە بە رێکخستنەوە و خواردنی ئەو خۆراکانەی دەوڵەمەندن بە ڤیتامینەکە و وەرگرتنی دەرمان ئەم گرفتە چارەسەر دەبێت.

## - نەزۆکی:

ڤیتامین A لە هەردوو رەگەزدا رۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەر توانای زایەندی، توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەوهاوژینانەی ئاستی ڤیتامینەکەیان کەمە زۆرتر تووشی گرفتی نەزۆکی دەبن، بۆیە دەبێت پشکنین بکەن و چارەسەری ڤیتامینەکە وەربگرن، هەروەها ئەو خانمانەشی کە دووگیانن، دەبێت ئاستی ڤیتامینەکەیان ئاسایی بێت، چونکە توێژینەوەکان پەیوەندییان دۆزیوەتەوە لەنێوان کەمیی ڤیتامین A و لەبارچوونی منداڵ.



# کەسی تووڕە قەڵەو دەبێت

**رووداو- برایت ساید**

باری دەروونی کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری هەیە لەسەر جەستە، کاتێک باری دەروونیت نائارام و شڵەژاو بێت، سەرکەوتوو نابیت لە دابەزاندنی کێش هەرچەند هەوڵیشی بۆ بدەی. پزیشکێکی پسپۆڕی خۆراک پەیوەندیی نێوان تووڕەبوون و قەڵەوبوون روون دەکاتەوە.

د.خوان مانوێل، پزیشکێکی مەکسیکییە و پسپۆڕی خۆراکە، کتێبێکی نووسیوە لەژێر ناونیشانی (ئەو کەسەی تووڕەبێت، قەڵەو دەبێت)، لەم کتێبەدا د.خوان باس لەوە دەکات کە لەوانەیە یەکێک لە هۆکارەکانی قەڵەوبوونت نائارامیی باری دەروونی بێت.

پزیشکە پسپۆڕەکەی خۆراک روونیدەکاتەوە، کاتێک کەسێک تووڕە دەبێت، جەستە هۆڕمۆنی ئەدرنالین و کۆرتیزۆل دەردەدات، ئەو هۆڕمۆنانەش دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی شەکر لە خوێندا، فرمانی ئەنسۆلین تێکدەچێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خانەکان نەتوانن ئەو شەکرە بەکاربهێنن و سەرەنجام ئاستی شەکر بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەرز دەبێت و مەترسیی دروستدەکات.

د.خوان دەڵێت: "قەڵەوبوون کۆمەڵێک هۆکاری هەن، دەکرێت لە شێوازی ژیانی نادروست بێت یان بوونی گرفتێکی تەندروستی وەک ناهاوسەنگی لە ئاستی هۆڕمۆنەکان و گرفت لە رژێنی دەرەقی، بەڵام باری دەروونیش رۆڵێکی کاریگەری هەیە، توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە ئەوانەی بەردەوام رووبەڕووی گوشاری دەروونی، دڵەڕاوکێ و خەمۆکی دەبنەوە، یان ئەوانەی زوو هەڵدەچن و تووڕە دەبن، مەترسیی قەڵەوبوونیان زیاترە".

پسپۆڕە مەکسیکییەکەی خۆراک باس لەوە دەکات کە تووڕەبوون وا لە مرۆڤ دەکات بەردەوام برسی بێت و خواردن بخوات، تەنانەت بێ ئەوەی ئاگاداریش بێت. بۆیە رێنمایی دەداتە ئەو کەسانەی زوو زوو تووڕە دەبن، هەوڵبدەن تەکنیکەکانی خاوبوونەوە بگرنەبەر و ئاگاداری ئەو خۆراکانە بن کە دەیانخۆن.





عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# حسابی هەڵەی ئەمریکا لە عێراق

ئەوەی ئەمریکا دەیویست لە کوشتنی قاسم سولەیمانی بەدەستی بهێنێ، ئاماژەکان دەیسەلمێنن کە لە بەدیهێنانی ئامانجەکەی سەرکەوتوو نەبووە. هۆکار زۆر بوون بۆ ئەوەی ئەمریکا سولەیمانی بکاتە ئامانج، بەڵام لە هەموویان گرنگتر ئەوە بوو کە ئێران ناچار بکات بچێتەوە چوارچێوەی جوگرافیا و سنوورەکەی خۆی، پێیوابوو بە کوشتنی قاسم سولەیمانی ئیتر دەستی ئێران لە دەرەوەی وڵاتەکەی دەبڕێتەوە.

بەڵام ئەو رووداوە کاروانی مووشەک و هاوکارییە داراییەکانی ئێرانی بۆ حووسییەکان رانەگرت، کۆتایی بە ناردنی پشتیوانی بۆ حیزبوڵڵا و حەماس نەهێنا، دەستی ئێرانی لەناو هەناوی سووریا و عێراق پێ نەکێشرایەوە و ستراتیجی ئێران لە ناوچەکە وەک خۆی بەردەوامە.

ئەگەر وێناکە بۆ ئەمریکا بەو جۆرە بووبێت کە بە کوشتنی فەرماندەی سوپای قودس دەستی ئێران دەبڕێتەوە و هەژموونی بەسەر ناوچەکەوە ناهێڵێ، واقیع پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنێ، بۆیە دەکرێت دیمەنەکە بۆ ئەمریکا راستبکرێتەوە کە ئەگەر بڕیاربێ کوشتنی سولەیمانی بڕینەوەی دەستی ئێران بێ، ئەوە تەنیا دەستێکی شکێنراوە و ئێستا دەستە ساغەکەی رۆڵی هەردوو دەستەکەی دەگێڕێت.

ئەوەی ئێستا لە عێراق دەگوزەرێ ئەوەمان پێدەڵێت ئەگەر قاسم سولەیمانی لەژیاندا بمایە کۆبوونەوەکان لە بەغدای پایتەخت دەکران بۆ چنینەوەی دەستکەوتەکانی خۆپیشاندەران، بەڵام بەنەمانی ئەو بەشێک لە کۆبوونەوەکان لە قوم و لە تاران بەڕێوەدەبرێن، واتا ئامانج و ستراتیجەکە هەر وەک خۆیەتی و تەنیا شوێنی کۆبوونەوەکان گۆڕاون. لەدەستی دووەمیشەوە و بە کارەکتەرەکانی بازنەی دووەم ئامانجەکان بەدی دەهێنن. ئەگەر پێشتر پێویست بووبێ مالیکی و عامری و موهەندیس و خەزعەلی نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی ئێران بکەن، ئێستا ئەو رۆڵە بە موقتەدا و عەللاوی و عەبادی و خەڵکی تر دراوە.

ئێران لە دوای شەڕی داعش، دوای تەواو کۆنترۆڵکردنی جوگرافیای سوننە لە عێراق، دوای 16ی ئۆکتۆبەر و داگیرکردنی نیوەی جوگرافیای کورد، ستراتیجی خۆی لە عێراق بردە قۆناغێکی ترەوە، سەرەتا بۆ وەبەرهێنان لەو سەرکەوتنانەی بەسەر کورد و سوننەدا پێویستی بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێک بوو، سوننە و کورد بەرێتەوە ناو پرۆسەی سیاسی لە بەغدا و دەست و پەنجەیان لەگەڵ ئەم قۆناغە تازەیە رابهێنێ. بە وەلانانی ئەو کارەکتەرە سیاسییانەی شەڕی دەستەویەخەیان بۆ بەرژەوەندییەکانی ئێران دەکرد و بە هێنانەپێشەوەی عادل عەبدولمەهدی لە دەرەوەی ئیستحقاقی هەڵبژاردن، ئەو ئامانجەی بەدیهێنا. سوننەی دوای وێرانبوونی ماڵ و شارەکانیان لەسەر دەستی حەشدی شەعبی، کوردی دوای ریفراندۆم و شانزەی ئۆکتۆبەر، بە شەوق و زەوقەوە روویانکردەوە بەغدا. بەڵام ئەمە ستراتیجی شیعە و ئێران نەبوو، بەڵکوو ئەمە تەنیا تاکتیکێکی قۆناغبەندیی تەشەیوع بوو تا هەردوو پێکهاتەی شکستخواردوو: کورد و سوننە بچنە ژێر رەشماڵی شیعە و ئێرانەوە و بەشداری لە ئاهەنگی سەرکەوتنەکانیان بکەن.

ئێران هەروا بەئاسانی ناگەڕێتە دواوە، کورد و سوننەی بردەوە بۆ بەغدا بەئامانجی ئەوە نا کە رۆڵیان هەبێ لە ئاراستەکردنی وڵات و بەشداری لە دەسەڵات و لە پرۆسەی سیاسی، بەڵکو بۆ رەوایەتیدان بە چەسپاندنی قۆناغێکی تازە لە عێراق. بۆ رەوایەتیدان بەو کار و هەنگاوانەی لە پەراوێزی رووپۆشی قۆناغە تازەکەدا گرتبوونیە بەر. بۆ گۆڕینی دەستوور، بۆ گۆڕینی یاسای هەڵبژاردن و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان، بۆ رێگەخۆشکردنی حوکمی زۆرینە بەپاساوی هاووڵاتیبوون و رەتکردنەوەی نوێنەرایەتی تایفی و نەتەوەیی. کورد و سوننە لە خولی داهاتووی هەڵبژاردن و دواتردا هەست بە رەنگدانەوەی ئەم قۆناغە تازەیە دەکەن.

ئەگەر تەماشا بکەیت، لە دەستپێکی خۆپیشاندانی پارێزگا شیعەنشینەکانەوە لە عێراق، دروشم و داخوازی و ئامانجەکانیان، کاردانەوە و لێکەوتەکانی لەو هەنگاوانەی لە پرۆسەی سیاسی عێراق گیرانەبەر، هیچیان لە واقیع و لەڕووی کردارییەوە نە پەیوەندی بە داخوازیی خۆپیشاندەرانەوە هەبوو نە بەوەش دۆخی خراپی مرۆیی و خزمەتگوزاری دەچێتە پێش. ئەوەی لەم پرۆسەیە چووەتە پێشەوە ستراتیجی ئێرانە لە هەنگاونان بەرەو چەسپاندنی رێکارەکانی حوکمی ویلایەتی فەقیە لە عێراق.

ئەوەی ئێستا لە میکانیزمی پێکهێنانی کابینەی نوێ بە سەرۆکایەتی محەممەد تۆفیق عەللاوی گیراوەتەبەر، هەنگاوێکی زۆر مەترسیداری تێپەڕینی قۆناغەکەیە لە بەشداری و هاوبەشیی پێکهاتەکانی عێراقەوە بۆ زەمینەخۆشکردن بۆ حکومەتێکی ئێرانی لە عێراق، بێبایەخکردنی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان، بێ رۆڵکردنی نوێنەرانی هەردوو پێکهاتەی کورد و سوننە، سەرپشککردنی شیعە لە دیاریکردنی بەش و تەنانەت لە هەڵبژاردنی کەسەکانیش لەناو سوننە و کورد بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستانەی بۆیان دیاریکردوون، ئەمەش هیچ مانایەک بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و پێگەی هێزە سیاسییەکان و پرۆسەی هەڵبژاردن ناهێڵێتەوە. ئایا ئێران و شیعەکان رازی دەبن کورد و سوننە بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کام کارەکتەری شیعی حکومەت پێکبهێنێ؟ بۆ نموونە قبوڵ دەکەن ئەیاد عەللاوی وەک بەربژێری کورد و سوننە شوێنی محەممەد عەللاوی بگرێتەوە؟ بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەن قەوارەیەکی دەستوورییە، ئەم رێکارە لە وەرگرتنەوەی رۆڵی هەرێم لە دیاریکردنی نوێنەرەکانی خۆی بۆ بەغدا، لە داهاتوودا پرسی فیدراڵیش دەخاتە مەترسییەوە.

لەدوای کوشتنی قاسم سولەیمانی و رێکارەکانی ئێران و شیعە لە دژایەتی ئەمریکا، تا ئەندازەیەک بەرەکان یەکلابوونەتەوە، بەتایبەتی دوای کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق بەبێ بەشداریی کورد و سوننە و دەنگدان بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا، دابەشبوونێکی ئاشکرا بەسەر بەرەی ئێران و ئەمریکادا روویداوە. ئەوەی ئێستا لە بەغدا دەگوزەرێت دەرئەنجامی رێککەوتنێکی تازەی هێزە شیعەکانە لە قوم، بۆ لێدان لە پێگەی ئەمریکا لە عێراق و لێدانە لە کورد و سوننە. هەڕەشە راستەوخۆکانی ئەم دوو رۆژەی موقتەدا سەدر لە پەرلەمان لە ئەگەری متمانەنەدان بەم کابینەیە، هەڕەشەی راستەوخۆی باقر جەبر زوبەیدی لە کورد و سوننە کە ئەگەر بەشداریی دانیشتنی پەرلەمان نەکەن بۆ متمانەدان بە کابینەکەی عەللاوی پۆستەکانی سەرۆک کۆمار و سەرۆکی پەرلەمانیان لێ وەردەگرنەوە، هەروەها هۆشداریی هادی عامری بۆ هەمان مەبەست، سەلمێنەری ئەو راستیەن کە لەهەندێ ناوەندی نزیک لە ئێرانەوە درزەی کردووە و دەڵێت: پێویستیی قۆناغەکە وا دەخوازێت حکومەتێکی گرێدراوی ئێران بەبێ بەشداری هێزە نیشتمانییە کوردی و سوننییەکان پێکبهێنرێت. بەشداریی هیچ تاکێکی کورد لە دەرەوەی بەشداری سیاسی هەرێم، بە مانای هاوبەشیی کورد نایەت. ئەمە بۆ سوننەش راستە. چونکە لە دروستکردنی عێراقەوە تا کەوتنی سەدام هەمیشە کورد و شیعە لە کابینە وەزارییەکاندا بەشدار بوون، بەڵام ئەم بەشدارییە هیچی لەو راستییە نەگۆڕیوە کە حوکم بە دەستی فاشیزمی عەرەبی سوننەوە بووە.

بۆیە پێویستە کورد و سوننە بەهەستیارییەوە لەم پرسە بڕوانن، تا لەگەڵ شیعە و ئێران نەگەیشتووەتە مریشکە رەشە، بیکەن بە وێستگەیەکی تاقیکردنەوەی ئەمریکاش. دەبێ ئەم پرەنسیپ و میکانیزمە لە دروستکردنی کابینەی حکومەت قبوڵ نەکەن و داوا لە ئەمریکاش بکەن پشتیوانییان بکات، بابەتەکە پەیوەندی بە کەسایەتییە دیاریکراوەکانی کورد و سوننەوە نییە ئەوەندەی دروستکردنی نەریتێکە بۆ داهاتوو لە دروستکردنی هەر شێوازێکی حکومەت کە بەرژەوەندیی ئێران بیخوازێت.

ئەگەر نەیانتوانی پێش بەم هەوڵەی تاران بگرن، بایکۆتکردنی یەکجارەکیی پرۆسەی سیاسی هێشتا کەمتر رووبەڕووی مەترسییان دەکاتەوە، وەک لەوەی کابینەیەکی لەم جۆرە قبوڵ بکەن.



زریان رۆژهەڵاتی*
ziryan.rojhelati@rudaw.net

# دیوی دووەمی هەڵبژاردنەکەی ئێران

هەڵبژاردنی خولی یانزەیەمی پەرلەمانی ئێران بەڕێوەچوو. عەلی خامنەیی رابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بەشداریکردنی لە هەڵبژاردن وەک "ئەرکێکی نیشتمانی" ناوبردبوو. مایک پۆمپەیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش ئاماژەی بەوە کردبوو کە "بەرپرسانی ئێران لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دەترسن." و ئەوەی دیکەن تەنها نمایشە. راستییەکەی ئەوەی لە ئێران دەکرێت هاوشێوەی هەڵبژاردن لە وڵاتەکانی دیکەی جیهان نییە، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە نەک لەبەر رۆڵی خودی هەڵبژاردنەکە یان کاریگەرییەکەی لە جێگۆڕکێی نوخبەی سیاسی هاوشێوەی سیستەمە دیموکراتییەکان، بەڵکوو لەبەر ئەو کاریگەرییانەی کە لەوانەیە لەسەر سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی ئەو وڵاتە دایبنێت، جێی بایەخ بوو.

## هەڵبژاردنەکە و ئاستی بەشداریی خەڵک

تەنیا رۆژێک بەر لە هەڵبژاردنەکەی ئێران هەواڵی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شاری قوم، یەکێک لە ناوەندە ئایینییەکانی دنیای شیعی گەیشتە میدیاکان. ئەمەش ئەو گومانەی درووستکرد کە نەکا راگەیاندنی هەواڵی هاتنی کۆرۆنا بۆ ئێران (کە گومان دەکرێت زووتر لەو کاتە گەیشتبێ و رانەگەنرابێت)، بۆ ئەوە بێت بەرپرسانی ئێران بەنیازبن دواتر هۆکاری کەمیی بەشداریی خەڵک بۆ ترسی ئەو پەتایە بگێڕنەوە نەک بایکۆتکردنی هەڵبژاردن. عەبدوڵڵا گەنجی سەرنووسەری رۆژنامەی جەوان کە بە نزیک لە سوپای پاسداران دەزانرێت، لە پرسیارێکدا سەبارەت بە هۆکاری کەمیی بەشداریی خەڵک، ترس لە کۆرۆنای لە ریزی یەکێک لە بژارەکانی وەڵامدانەوەی بەردەنگەکانی لە لاپەڕەی خۆی لە تویتەر داناوە. عەلی خامنەیی رابەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش رایگەیاندووە کە خەڵک سەرەڕای هاتنی کۆرۆنا هەر دەنگیان داوە.

کاتی راگەیاندنی هاتنی کۆرۆنا بۆ ئێران سیاسی بێت یان نا، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە بابەتی کەمیی رێژەی بەشداریکردنی خەڵک مۆری خۆی لەم هەڵبژاردنە داوە. ئاژانسی نیمچە رەسمیی فارس رێژەی بەشداریکردنی خەڵکی بە نزیکەی 42% داناوە. هەرچەندە بەپێی هەندێک سەرچاوەی جیاواز ئەو رێژە زۆر کەمتر لەوەیە و لە دەوروبەری 25%دا بووە.

ئەگەر وەک هەواڵەکەی ئاژانسی فارسیش بێت، ئەوە کەمترین رێژەی بەشداریکردنێکە کە تا ئێستا لە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا راگەیەندرابێت. تەنانەت نزیکەی 20% لە هەڵبژاردنی خولی دەیەمی پەرلەمانیش کەمترە. بەپێی ئامارەکانی حکوومەت، لە 10 هەڵبژاردنی پەرلەمانیی پێشووتردا، رێژەی بەشداریکردنی خەڵک لە بەینی 50% تا 71% لە هاتوچۆدا بووە. 30%ی دەنگدەران هەمیشە دەنگیان نەداوە و رێژەی 20%یش هەیە کە بەپێی بارودۆخەکان دەنگیان داوە. بەرزترین رێژەی دەنگدان 71%ی بووە کە ئەویش کاتی هاتنی ریفۆرمیستەکان بوو. ئەمەش دەریدەخات کە هەروەختێ هیوایەک بە گۆڕانکاری هەبووە، دوودڵەکان بەشداریی زیاتریان کردووە.

بەهۆی چەند فاکتەرێکی گرنگی وەک شکستی حکوومەتەکەی رۆحانی لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی، رووداوەکانی سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران، دەرکەوتنی بێ متمانەیی بە تایبەت لە رووداوی خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە، دۆخی سەختی ئابووری، رەتکردنەوەی زۆرێک لە بەربژێرەکان و سنووردداربوونی هەڵبژاردن و هاودەنگی گشتیی ئۆپۆزیسیۆن بۆ بایکۆت و چەندین فاکتەری دی، کەمیی بەشداریی خەڵک چاوەڕوانکراو بوو.

کەمیی رێژەی بەشداربووان رێژەیەکی دیکەی ناڕەزایی جەماوەری لەسەر ئەوانەی پێشتر کەڵەکە دەکات و زەحمەت نییە پێشبینی ئەوە بکرێت کە لە دەرفەتێکی گونجاودا خۆی دەرخات. کەمیی رێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عێراق، لوبنان و میسر لە ساڵانی رابردوودا، زنجیرەیەک ناڕەزایی جەماوەریی لێکەوتەوە و ئەمانەش زیندووترین نموونەن بۆ ئەوەی بزانین کە چۆنچۆنی کەمیی رێژەی بەشداربووان دەتوانێت رووداوی گەورەی سیاسی- کۆمەڵایەتی درووستبکات.

لەدوای ناکۆکییەکانی مەحموود ئەحمەدی نەژاد سەرکۆماری پێشووتری ئێران و رابەری ئەو وڵاتە سەبارەت بە دەستلەکارکێشانەوەی حەیدەر موسڵحی وەزیری هەواڵگری، بەشێک لە موحافزەکارەکان جەختیان لە پێویستی یەکدەستکردنی سیستەمی سیاسی وڵات کردەوە کە ئەمەش واتای لاوازکردن یان لابردنی سەرۆکایەتی کۆمار بوو. ئەم باسە لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی حەسەن رۆحانیشدا گەرمتر بوو.

لەڕاستیدا ئەگەر بە خێرایی تەماشای رووداوە گرنگەکانی سیاسەتی نێوخۆی ئێران لانیکەم لە یەک ساڵی رابردوودا بکەین، دەتوانین سەرەداوێکی روونمان سەبارەت بە هەوڵەکانی یەکدەستکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەوێ دەستبکەوێت.

ساڵی 2019 عەلی خامنەیی رابەری ئێران لانیکەم 8 فەرماندەی پلە یەکی سوپای پاسدارانی گۆڕی. هەر لە هەمان ساڵدا سادق لاریجانی سەرۆکی دەسەڵاتی دادی لە کارەکەی لادا و رۆحانییەکی نزیک لە خۆی لە شوێنی ئەو دانا. هەواڵی تایبەت بە گەندەڵییەکانی بنەماڵەی لاریجانییەکان بەشێوەی بەربڵاو گەیشتنە میدیاکان و عەلی لاریجانیش خۆی بەربژێر نەکردەوە. دواجاریش رێگە بە زۆرێک لە ریفۆرمیستە دیارەکان نەدرا خۆیان بەربژێر بکەن و هەڵبژاردنەکە زیاتر وەک هەڵبژاردنێکی نێوخۆیی موحافزەکارەکانی لێهات. ئێستاش ئەوە دیارە پەرلەمانی داهاتوو هی موحافزکارەکانە. بەپێی یاساش دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن لێپرسینەوە لە رۆحانی بکەن. تا ئێستاش حەوت وەزیری کابینەکەی لەلایەن پەرلەمانەوە گۆڕاون و ئەگەر دوو یان سێ وەزیری دیکەیشی متمانەی لێوەربگیرێتەوە، ئەوسا بەپێی یاسا دەبێ جارێکی دیکە کابینە دروووستبکاتەوە. ئەمەش واتای ئەوەیە کە رۆحانی بڕوات یان نەڕوات، ناتوانێ لە قسەی پەرلەمانی داهاتوو دەرچێت.

لەڕووی سیاسەتی دەرەکیشەوە ئەم هەڵبژاردنە بایەخی بۆ رابەری ئێران هەبوو. کوژرانی قاسم سولەیمانی، ئەگەری هەڵوەشانەوەی تەواوی رێککەوتننامە ئەتۆمییەکە و دۆخی سیاسەتە ناوچەییەکەی، وای لە بڕیاربەدەستانی ئێران کردووە بیر لە یەکدەستکردنەوەی دەسەڵاتەکەیان بکەنەوە. ئەوان پێیانوایە شکستی رێبازەکەی رۆحانی واتای ئەوەیە کە باشترە ئیدی لەسەر ئەو رێبازە نەڕۆن. لەوەش بترازێ، بۆ جەنگ بێت یان بۆ ئاشتی، دەسەڵاتێکی تۆکمەیان پێویستە.

***توێژەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو**



سەلام سەعدی

# ماڵاوایی

ئەم ژمارەیەی بەردەستی ئێوە دوایین ژمارەی هەفتەنامەی رووداوە و لێرە بەدواوە لە دەرچوون دەوەستێ. رەنگە ئەمە بۆ زۆربەتان هەواڵێکی ناخۆش و چاوەڕواننەکراو بێت، بەڵام ئەم بڕیارە پاش تاووتوێ و گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی هەموو لایەنەکانی وەرگیرا. رەنگە هەرە گرنگترین هۆکاری ئەم بڕیارە (لەپاڵ هەندێ هۆکاری لاوەکیتر) ئەوە بێت کە ئەمڕۆ رووداو میدیایەکی گەورەیە.. کەناڵی تەلەڤزیۆنی و رادیۆ و پۆرتاڵێکی چالاکی هەیە کە گەرماوگەرم و چرکە بە چرکە هەواڵ و زانیاری دەگەیەنێتە ناو ماڵەکان و سەر شاشەی مۆبایلە زیرەکەکان. رۆژگاری ئەمڕۆ زۆر جیاوازە لەگەڵ 12 ساڵ لەمەوبەر کە لە مانگی نیسانی 2008 دا یەکەم ژمارەی هەفتەنامەی رووداومان بڵاوکردەوە.. میدیا ئەمڕۆ چ لە دنیادا و چ لەسەر ئاستی کوردستانیش پێشڤەچوونێکی زۆری بەخۆوە بینیوە. ئەمڕۆ سۆشیال میدیا و شاشە بچووکەکانی ناو گیرفان خەریکە تەنگ بە شاشەی تەلەڤزیۆنیش هەڵدەچنن جا چ بگا بە بڵاوکراوەیەکی هەفتانە. لەسایەی ئەم پێشکەوتنەدا وەرگر چیدی وەرگرێکی بێ دەسەڵات نییە بە دیار شاشەی تەلەڤزیۆنێکەوە دانیشتبێ و گوێ لەو زانیارییانە بگرێ کە ژووری هەواڵ لەو رۆژەدا بۆیان ئامادە کردووە، بەڵکو خۆی بەشدارە لە هەڵبژاردنی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی بۆی گرنگن و بە جووڵاندنی پەنجەیەکی دەستی کە بەسەر شاشەی مۆبایلەکەیدا دێنێ، ئەوانە بەلاوە دەنێ کە بۆی گرنگ نین، ئەمەش واقیعێکە و دیاردەیەکی جیانییە و تەنیا تایبەت نییە بە وڵاتی ئێمە، بەڵام سەرباری ئەوەش میدیای نووسراو لە دنیای ئێمەدا باری شانی بە کۆمەڵێ کێشە و ئاستەنگی دیکەش قورسە کە ئەمەیان تەنیا تایبەتە بە واقیعی وەک ئەوەی ئێمە و جیهانی پێشکەوتوو لەمێژە ئەم ئاستەنگانەی تێپەڕاندووە، لەوانەش کەمیی ژمارەی خوێنەری راستەقینە و قازانج لە فرۆشتنی رۆژنامە و هەروەها کێشەی دابەشکردن و بڵاوکردنەوە بە خێرایی کە خوێنەران لەمسەر تا ئەوسەری وڵات بتوانن لە یەک کاتدا دەستیان پێی رابگات.. بەهەرحاڵ میدیای نووسراو لە وڵاتی ئێمە کە هێشتا لەگەڵ ئەم کێشە لاوەکییانە دەستەویەخە بوو، تەکنەلۆژیاش لەولاوە تەنگی پێ هەڵچنیوە. لەبەر هەموو ئەم هۆکارانە، بڕیارمان دا بژارە قورسەکە قبوڵ بکەین و ئەم هەفتەنامەیە راگرین. بۆ ئێمە دڵنەوایی ئەوەیە ئەم پرۆژەیە گەورە بووە و گۆڕاوە بۆ تۆڕێکی میدیایی کە دەتوانێ لەڕێی کەناڵی دیکەوە درێژە بە کاری خۆی بدات. سوپاس بۆ هەموو ئەو خوشک و برا و هاوکارانەی لە ماوەی 12 ساڵی رابردوودا بە دڵسۆزی و لێبڕاوی و شارەزایی خۆیان درێژەیان بەم پرۆژەیە دا و دەوڵەمەندیان کرد و کاری میدیاییان لە کوردستان هەنگاوێکی گرنگ بردە پێشەوە.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# قۆناغی پۆست بەرهەم ساڵح

## 1

ڕێککەوتنی باڵە نارازییەکانی ناو یەکێتی، بەتایبەتیش ماڵباتی تاڵەبانی و کۆسرەت ڕەسوڵ (بە پاڵپشتیی کەرکووکییەکان)، جۆرێک بوو لە دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان دوو ماڵبات و ڕازیکردنی ئەوانی دیکەش. هاوکات بەرهەم ساڵحیشی بە یەکجاری لە هاوکێشەی دەسەڵاتی ناو یەکێتی ئاوت کرد؛ بەپێی ئەو دابەشکارییەی ئێستا، سەرۆک بەرهەم ساڵح جگە لە ئەندامێکی سادەی سەرکردایەتی (ئەویش بە تەزکییە) هیچ پێگەیەکی دیکەی لەناو یەکێتیدا نەماوە.

کشانەوەی بەرهەم ساڵح لە مەسەلەی هاوسەرۆکی، کاری باڵەکانی ناو یەکێتیی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن ئاسان کرد. چونکە بەرهەم ساڵح باڵ نەبوو، بگرە هەمیشە بەپێی بەرژەوەندیی خۆی و بۆ گەیشتن بەوەی خۆی دەیویست لە پەنای باڵێکدا بوو. با لە کوێوە هاتبایە، چارۆگەی بۆ هەڵدەدا. سەرئەنجام، دوای ئەوەی ماڵباتی تاڵەبانی تا دوائەندازە بەکاریان هێنا، گەورەترین پشت و پەناشی کە کۆسرەت ڕەسوڵ بوو، لە بەرامبەر ڕاکێشانی سێپایەکی ژێر پێی بێدەنگیی نواند و لە ژوورێکی ڕووناکدا، بڕیاری دا چیتر شەڕ بۆ بەرهەم ساڵح نەکات. ئەو ئاڵایەی کە لە ماراتۆنی سەرۆکایەتیی کۆماردا دابوویانە دەستی و وایدەزانی تا کۆتایی دەیبات، لێی وەرگیرایەوە و کەوتە دەستی ئامۆزاکان.

ڕەنگبێ لە دەیەی ڕابردوودا، لەڕووی خولقاندنی ئانارشیزمی سیاسییەوە، هیچ کەسێک بەقەدەر بەرهەم ساڵح لەناوخۆ و دەرەوەی یەکێتی ئەسپی تاو نەدابێت، بەشێکی زۆر لە قەیرانەکانی ناو یەکێتی و دەرەوەی یەکێتی بەرهەمی ململانێی سیاسیی بەرهەم ساڵح بوون بۆ گەیشتن بەوەی کە دوای تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا ببێ بە واجیهەی سەرکردایەتیی سلێمانی. لەو پێناوەشدا، دەرەوە و ناوەوەی یەکێتی (بە وڵاتانی ئیقلیمیشەوە) بەکارهێنا، بەڵام لەو کەین و بەینەدا، بەشێکی زۆر لە پەردەکانی پشت خۆیشی ڕووخاندن کە پارتی یەکێک بوو لە گرنگترینیان.

ڕەنگبێ بە تەواوەتی مەعلوم نەبێ کە ڕۆڵی داهاتووی بەرهەم ساڵح لە ئاییندەی یەکێتیدا چی دەبێت، بەڵام ئەوە مەعلومە کە ئیتر لەم دابەشکارییە تازەیەدا جێگەیەک بۆ قەبارەی ناوەکەی نەماوە و ناشتوانێ وەکو کۆسرەت ڕەسوڵ لە حاڵەتی پێکهەڵنەکردنی ئامۆزاکاندا ڕۆڵی یەکلاکەرەوە ببینێ لە بەلاداخستنی کێشەکاندا. یان بتوانێ گرەو لەسەر پەیوەندیی ئامۆزاکان لەگەڵ پارتیدا بکات. بۆیە ئاییندەیەکی وەک فوئاد مەعسووم چاوەڕێی دەکات.

## ئەو ئاوەی ڕژا

## 2

ڕێگریی پارتی لەوەی کە گۆڕان لە کابینەکەی نووری مالیکیدا وەزارەتێک وەرگرێت، بە هەمان شێوە ڕێککەوتنی تاکلایەنانەی شانزدەی ئۆکتۆبەر و هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارێکی کورد بە دەنگی شیعە و عەرەب و، تۆڵەسەندنەوەی دووبارەی پارتی لە یەکێتی بەوەی کە لە کابینەی عەبدولمەهدیدا وەزارەتیان پێ نەدرێت، هەمووی دەلالەتی ئەوەن کە شتێک بەناوی ئیجماعی سیاسیی ناو ماڵی کوردی دەمێکە لەناوچووە. لەناو ئەو ڕووداوانەدا، ڕەنگبێ مەترسیدارترینیان بۆ ئاییندەی سیاسی و پێگەی کورد لە بەغدا، هەڵبژاردنی تاکلایەنانەی سەرۆککۆمار بووبێت کە میلادێک بوو بۆ زۆر هەنگاوی دیکە لەوانەی ئەمڕۆ دەبینرێن.

ڕەنگبێ ئەو ڕۆژانەی بەرهەم ساڵح، بێ پشتیوانی و وەکو تەحەدداکردنی بارزانی چووە ناو ململانێی سەرۆککۆمارییەوە، زۆر کەس ئەنجامەکەیان تەنیا وەکو سەرکەوتن و ژێرکەوتنێکی سیاسی دیتبێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەم کردەوە تاکڕەوانەیە، سەرەتایەکی مەترسیدار بوو. ماڵباتی تاڵەبانی هەردوو جێگری سکرتێری گشتییان لە ململانێیەک خزاند کە دواتر تووشی تەجریدی سیاسی کردن. هەڵبەتە مافی ڕەوای سەرۆک بەرهەم ساڵح بوو وەک سیاسییەک ببێ بە سەرۆکی ئەو وڵاتە کەلاوەیەی پێیدەڵێن عێراق، بەڵام دەرهاوێشتەکانی ئەو کارە ئێستا ڕوون دەبنەوە کە حەمە تۆفیق عەللاویش وەک عەبادی نایەوێ حیساب بۆ ڕای حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بکات و وەزیرە کوردەکانی، بە پشتیوانیی سەرۆککۆمار و دەنگی موقتەدا و هادی عامری بە پەرلەماندا تێپەڕێنێ. دیار نییە بۆی دەچێتە سەر یان نا؟ بەڵام ئاوێک ڕژاوە تازە ناگەڕێتەوە ناو جۆگە.

بەرهەم ساڵح دەزانێ ئیتر بەغدا دوا مەنزڵ و پەناگەی سیاسییەتی، بۆیە بەو جۆرە قەرەبووی پێگەی لەدەستچووی خۆی دەکاتەوە و تەنانەت هەوڵ دەدات خۆی وەکو نوێنەری کوردستان وێنا بکات. تا ئێستا پارتی بە ئەعسابێکی ساردەوە مامەڵە دەکات و خۆی لە کاردانەوەی توند پاراستووە، بەڵام ئەوەی ئەمجارە وەک بابەتی سەرۆککۆمار وا بە ئاسانی بەسەر کەسدا تێپەڕ نابێت و باجەکەی زۆر قورسە.

## لە بەرلین هەیە، لە هەولێریش هەیە؟

## 3

ساڵی 1750، ئەو کاتەی فرێدریکی دووەم پاشای ئەڵمانیا دەبێت، پاشا لەگەڵ ئاشەوانێکی هەژار تووشی کێشە دەبێت، پاشا دەیەوێ زەوی و ئاشەکەی لێبکرێت و بیخاتە سەر باخی کۆشکەکەی خۆی، ئاشەوانیش ڕازی نییە بیفرۆشێت. وایلێدێت فرێدریک بەوپەڕی تووڕەییەوە داوا دەکات کابرای ئاشەوانی بۆ بێنن. پاشا بە ئاشەوان دەڵێ من پاشای ئەم وڵاتەم و چیم بوێ دەتوانم بیکەم، بەڵام پێم ناڵێی تۆ بە چی دەنازی؟ ئەویش دەڵێ ڕاستە، بەڵام لە بەرلینیش دادوەری لێن کە دەتوانم پەنایان بۆ ببەم و تۆش ناتوانی لە بڕیاری ئەوان دەرچی. فرێدریک واز لە کڕینی زەوی کابرا دێنێ و دەبنە دراوسێی یەکتری.

بەڵێ لە بەرلین دادوەری لێبوو، هەتا ئێستاش هەر لێیەتی، بەڵام هەموو ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە بارەی ئەو کچە هەشت ساڵانەیە بیستم، دیتم و خوێندمەوە، دەلالەتە لەوەی کە سیستەمی دادوەری لای هاووڵاتیانی کوردستان متمانەی لەدەستداوە. هێشتا مرەکەبی ڕوونکردنەوەی گەورەترین دەسەڵاتی دادوەری وشک نەبووەتەوە، دادگا بڕیارێک دەردەکات کە 180 پلە جیاوازە! کامیان ڕاستن؟

عەدالەت بنچینەی سەرەکیی ژیانی بەکۆمەڵە و بە پیادەکردنی ئەرک و مافی یەکسان بۆ هەمووان دەستبەر دەبێ. لە هەر شوێنێک متمانە بە دەسەڵاتی دادوەری نەما، ئەوە نیشان دەدات کە عەدالەت نەماوە و، فەرقی هەولێر و بەرلینیش لەوەدایە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# دەنگی کوردی بۆ دیموکراسیی شیعی

هەرچەندە ئایەتوڵڵا خامنەیی مەترسیی کۆرۆنای وەک هۆکاری سەرەکی کەمیی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژانی ڕابردووی ئێراندا ڕاگەیاند، بەڵام ئەوانەی دۆخەکە دەشۆپێنن، دەزانن وانییە. بەتایبەتیش کە لە ڕۆژانی یەکەمی کوژرانی قاسم سولەیمانیدا بەشداریی خەڵک لە خۆپیشاندان و پێشوازیکردن لە تەرمەکەی وای پیشاندەدا بە هەمان حەماسەتەوە بنکەکانی دەنگدان قەرەباڵغ دەبن. بەڵام لە مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کەمتر ڕێککەوتووە کە هەڵبژاردن و بەشداریی خەڵک تێیدا هێندە ساردوسڕ بێت. بەتایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشدارینەکردنەکە سنووری چاوەڕوانییەکانیشی تێپەڕاند.

هەرچەندە فاکتەرە نێوخۆییەکانی وەک هەڵاواردنی بەئاشکرای کاندیدەکان لەلایەن ئەو دامەزراوەیەی بەرپرس بوو لە "تەئییدی سەڵاحیەت"کردنیان، هەروەها ڕووداوی درۆکردنی دەوڵەت لە ڕووداوی خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکرایینییەکە و پێش ئەویش سەرکوت و کوشتاری خۆپیشاندەران لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە (لەپاڵ ئەوانەشدا مەسەلەی کۆرۆنا) ڕۆڵیان هەبوو لەو بەشدارییە کەمە، بەڵام وەک من تێیگەیشتووم، هۆکاری بەهێزتر پەیوەندیی بەو نەوە و وزە نوێیەوە هەیە کە هەر لە ئێراندا نا، بەڵکو لە تەواوی ناوچەکەدا پێگەیشتووە و وەک نەوەی پێش خۆی بە هەموو ئاوازێک هەڵناپەڕێت.

شۆپاندنی میدیاکانی نێوەوەی ئێران و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت ئەو ناوەندانەی لێکۆڵینەوەش کە لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران حیسابن، بەسن بۆئەوەی تێبگەین مەرج نییە چیدیکە ئەوەی مافی دەنگدانی هەیە ئامادەبێت بەشداری لە هەڵبژاردنێکدا بکات کە دەزانێت ئەگەر گۆڕانکاریش بهێنێت، پێش دەنگدانی ئەو، سیناریۆی ئەو گۆڕانکارییە داڕێژراوە. ئەمە وەک گوتم هەر لە ئێران وانییە، بەڵکو بۆنموونە لە عێراق و لوبنانیش وایە. بۆیەش لە هەرسێ وڵات گەنج نارازین و زوو زوو دێنە سەرشەقام. چونکە تاقەتی ئەو جۆرە دیموکراسییەیان نەماوە کە ڕەنگە باشترین ناونان بۆی (دیموکراسیی شیعی) بێت.

لەو جۆرە دیموکراسییەدا ڕاستە خەڵک دەنگ دەدەن و وا دەردەکەوێ کە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان دەدەن، بەڵام ڕواڵەتی حوکمڕانی هەر ئەوە دەبێت کە ڕابەر و سەرکردە شیعەکان دەیانەوێ. تەنانەت دەستنیشانکردنی عەللاوی وەک سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق و ئەو میکانیزمەی بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی پەیڕەوی لێدەکات، هەرچەندە وەک شتێکی تازە دەردەکەوێ، بەڵام هەر بەشێکە لەو گەمە ئەنجام دیارەی لە کۆتاییدا ئەوە دەکات کە "ڕەهبەر" بەدڵی دەبێت.

کورد لە دوو بەشی کوردستاندا و ڕەنگە لە ئاییندەدا لە سێ بەشیش ناچارن دەست و پەنجە لەگەڵ ئەو جۆرە دیموکراسییە نەرم بکەن. لە عێراق و ئێران و لە ئاییندەدا ڕەنگە سووریاش. ڕێسای یارییەکە بۆ کورد ئەوەیە کە بە بەشداریکردنی لەو هەڵبژاردنانەدا شەرعیەتی زۆرتر دەداتە حوکمی شیعە و لەبەرامبەردا هەندێک مافی دەدرێتێ و دەستکەوتەکانی دەپارێزرێن. ئەمجارە لە ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) هەستکرا بەشداری هیچ لەو بێ دەستکەوتی و بێ مافییە ناگۆڕێت کە کورد هەیەتی، بۆیەش بایکۆتێکی باڵکێش هەبوو. لە عێراق (باشووری کوردستان) ئەگەر شیعە هەمان کاریان کرد لە پێکهێنانی حکومەتی نوێدا و کوردیان پشتگوێخست، هەولێر دەکەوێتە بەردەم بژارەی دژوارەوە. ڕاستییەکەشی دۆخی باشوور لەوەی ڕۆژهەڵات جیاوازە و پێناچێ خۆکشاندنەوە یان بایکۆتکردنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقی بندەستی شیعەدا بەقازانجی کوردستان بێت.



سیروان ڕەحیم

# گالیلۆ دۆزینەوەی ناوونیشانەکان

بەزانستی نیڤجۆوە* ناگەینە خودا، بەڵکو بە زانستی تەواوەوە پێیدەگەین.
زانیاری بواری فیزیکی ئەڵەمان کورت شڤالبە

گالیلۆ ناوی سەتەلایتی دۆزینەوەی ناوونیشانەکانە لە ئەورووپا. ناڤیگەیشن، چاوساخی جێ متمانە بۆ دۆزینەوەی ناوونیشانی مەبەست، جا مرۆڤ بخوازێت بەپێ یان بە ئۆتۆمۆبیل بەرەو ئامانجێک بجوڵێت یان لێبخوڕێت. لە سەرانسەری ئەورووپای پێشکەوتوودا، گالیلۆ، ئەو ئامێرە پەرجوئاسایە دەیان ساڵە، بە ڕۆژ و بە شەو، ڕێنمایی سەدان ملیۆن کەس دەکات و دەیانگەیەنێتە جێی مەبەست.

ناڤیگەیشن، ئامێرێکە وەکو ئەوەی لە هەناوی ئەفسوون خۆیەوە هاتبێتە دەرێ. پەرجوویەکە لە پێناسە بەدەر. ئەو داهێنانە گرنگەی زانست، ئەو ڕێنیشاندەرەی وەڵاتانی ئەورووپا، بەناوی زانایەکی نێوداری دیرۆکی زانست و داهێنانەوە ناونراوە. بە ناوی گالیلۆ گالیلەی.

گالیلۆ گالیلەی پیاوانی ئاین ئازاریان دا، کەلەپچەیان کرد و هەشت ساڵی کۆتایی ژیانی بە دەستبەسەری بەڕێکرد، بەدژایەتیکردنی ئەو داهێنەرە دەگمەنەی ڕۆژگاری خۆی، پیاوانی ئاین جگە لەوەی قۆناغێکی مێژووی مرۆڤایەتییان قرێژ کرد، هاوکات دژایەتیکردنیان لێدانێکی پشتشکێن بوو بۆ ڕەوتی داهێنان و دۆزینەوەی زانستی.

هەر دەسەڵاتێک، هەر سیستەمێکی بەڕێوەبردن، ملی بۆ پیاوانی ئاین کەچ کرد و سستیی بەرانبەر نواندن، ژیان لە هەمووان دەشێوێت و تەناهی دەکەوێتە مەترسییەوە. دیرۆک و ئەزموونی سەدان ساڵە وامان پێدەڵێن. پیاوانی ئاین ماف و ئەرکیان ئەوەندەی هەموو کەسێکی ترە، نە کەمتر و نە زۆرتر. کاری کردە نییە لە هیچ هاووڵاتییەکی تر جیابکرێنەوە. ناکرێت لە هیچ شوێنێک، لە هیچ زێد و سەرزەمینێک مرۆڤ لەچوارچێوەی حەز و ویستی پیاوانی ئایندا بجوڵێت و بژی. ئەزموونی مرۆڤ و پێکەوەژیان سەلماندوویانە: ئەوە سیستەمی بەڕێوەبردن و یاسا هاوچەرخەکانن دەبێت مرۆڤەکان پابەندیان بن و ڕێزیان لێبگرن، نەک ویستی چەقبەستووی هەندێ کەس کە لەخەیاڵ و لە وڕێنەدا دەژین.

هەر سیستەمێکی بەڕێوەبردن بوارێکی وەهای بۆ پیاوانی ئاین و توندڕەو ڕەخساند پەلاماری ژنی گۆرانیبێژ بدەن، هەڕەشە لە شیعر، لە داهێنانی هونەری و زانستی بکەن، یان لەو پەلامارەدا چاوپۆشی لێکردن، ئیتر ڕوونە یان پەلاماردەران فەرمانبەری سیستەمەکەن یاخود توندڕەوان لەداهاتوودا پەلاماری کۆی سیستەمەکە دەدەن و وێرانی دەکەن.

لە سەدا نەوەدی ئەو پیاوانەی ئاین کە دروستکەری سیستەمن، هەرکاتێک خۆیان گرت، دەبنە نەیاری سیستەم خۆیشی، ئاخر ئەوان تەنها هێز و شوێنگەی خۆیان بۆ گرنگە، شەڕی مان و نەمان لەلایان تەنیا بۆ ئەو ئامانجەیە.

دەسەڵاتێک پشتگیری لە پیاوانی ئاینیی پەڕگیر بکات، نایباتەوە، پیاوی ئاینیی پەڕگیر کەوی نابێت، لە هیچ دەستێکدا نامێنێتەوە، دەریشچوو بەشێوەیەکی بەد لەدەست دەردەچێت، بێبەڵا لە دەست دەرناچێت.

گالیلۆ گالیلەی (15-2-1564 - 29-12-1641) فەیلەسووف، ئەندازیار، ماتماتیکزان، فیزیکزان، ئەستێرەناس و گەردووناس بوو. لە سۆنگەی داهێنان و دۆزینەوەی زانستیدا، دۆزینەوەی وەها کە دەسەڵات و پێگەی پووچی ئەوانی لە گرێژنە دەردەکرد، پیاوانی ئاین بڕیاری ئازاردان و زیندانیکردنیان دا و جێبەجێیشیان کرد.

پیاوانی ئاین بێبەرهەمن، بەدرێژایی دیرۆک، لە گریمانەکانیاندا هیچ بەرهەم و هیچ ئەنجامێکیان وەدەست نەخستووە، جگە لە کوشتن، پەلامار و تۆقاندنی بەردەوام بەرهەمی دیکەیان نییە و نابێت. هیچ ئاوەزێکی چەقبەستوو نابێت بە چاوگ بۆ داهێنان و بیرۆکەی بەسوود.

ئەوان گالیلۆیان بەو دەردە برد، نەک لەبەر نەزانی و دەبەنگی، بەڵکو لەسۆنگەی ئەوەدا کە دەیانزانی داهێنان و دۆزینەوەکانی وی خورافەتەکانی ئەوان بێبەها دەکات و کۆشکی دەسەڵاتیان دەکات بە کاولاش. ئەو ناوەندەی بڕیاری زیندانیکردنی گالیلۆی لێ درا، ئێستا لە مۆزەخانەیەک دەچێت و شوێنێکە وەکو بەشێک لە دیرۆک، یان وەکو ڕووبەرێک لە یادگاری ماوەتەوە. ئەوان بوون بە تۆزی دەم بای دیرۆک و ڕۆژگار، ئەی گالیلۆ؟ ئێستایش داهێنان و دۆزینەوەی ئەوە دەبێتە هۆکاری داهێنانی گرنگترین ئامێری دۆزینەوە. درود بۆ ئەو ڕێز و بیرکەوتنەوەیە کە ناڤیگەیشن بە ناوی گالیلۆوە ناوزەد دەکات و ناوەکە جێگیر دەکات. گالیلۆ ئێستا بەردەوام لەگەڵ مرۆڤەکاندایە، بەردەوام لە جووڵە و لە ڕەوتی مرۆڤەکاندا چاوساغێکی ئامادەیە.

هەربۆیە گالیلۆ زیندووە، چونکە ئێستایش لە ڕێگەی دۆزینەوەکانییەوە دەتوانین ناوونیشانی مەبەست بدۆزینەوە و ئامانجەکان بپێکین.

بە نزا، بە پاڕانەوە، بە کڕووزانەوە و بە لاڵانەوە ناگەینە جێ، کەس بەو هۆیانە ناگاتە مەنزڵی مەبەست، بەڵکو گەیشتن بە ئامانج و شوێنی مەبەست بە پلان، بە بەرچاوڕوونی و زانست دەستەبەر دەبێت.

چەند جارێک دەسەڵاتی دێر و پیاوانی ئاین ئاماژەی ترسناکیان بە گالیلۆ دابوو، هەڕەشەی خۆیان بە زمانی زەلال لێکردبوو کە نوقمی گومڕایی بووە، کەوتووەتە خەرەندی غەفڵەتەوە و "ئیمانی لێ شێواوە". ئەوە هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتدارانی دێر بووە بۆ کاری زانستی، هەوڵی بەردەوام بۆ دۆزینەوە و تێگەیشتن لەلای ئەو ئەستێرەناسە. ئەو بەپێچەوانەی باوەڕی باوی دێرەوە سەلماندبووی کە زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە.

پیاوانی ئاین ویستیان لە دادگای خۆیاندا گالیلۆ ناچار بکەن وەکو ئەوان بیربکاتەوە، وەکو ئەوانیش قسە بکات. بەڵام ورتە ورتە بەنێوبانگەکەی گالیلۆ دەنگدانەوەیەکی دیرۆکییە و تێکەڵ بە گەردوون بووە. ورتێک کە گوتوویەتی: "نەخێر جێگیر نییە و دەسووڕێتەوە".

پیاوانی ئاین مەبەستیان بوو ڕێگەی بیرکردنەوە و ڕامان لە مرۆڤ دابخەن. هێزی پرسیار و مەراقیان لەلا خامۆش بکەن.

گالیلۆ خۆی دەڵێت: "کە خودا هەست، ئاوەز و تێگەیشتنی داوە پێمان، هەست دەکەم ناچار نیم وابەستەی ئەو دۆگمایە بم، خودا داوامان لێبکات ئەو هێزانە بەکارنەهێنین".

نەخێر هێزی پرسیار و خولیای دۆزینەوە قەتیس ناکرێت، لە جووڵە ناکەوێت و دەسووڕێتەوە، لە لڤیندایە بەدەوری خۆری تێگەیشتنەوە.

* نیڤجۆ: نیوەناچڵ. نیوە. ناتەواو.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



شڤان پەروەر:

## پارتی و پەکەکە پشتگیریمان دەکەن

10 »

خاوەنی ئیمتیاز: تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر: سەلام سەعدی

جێگری سەرنووسەر: ساڵح قادر

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەری دەکات - نووسینگەی سلێمانی: دەروازە ستی - ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی - Tel: 0751 811 00 13 – 0750 486 34 12 - rudaw@rudaw.net



**ئەروا دەیمن**

پەیامنێری دەزگای میدیایی نێوداری ئەمریکی CNN و خاوەن نێوبانگێکی زۆر گەورەی جیهانییە. لەلایەن کۆمیتەی هەڵبژاردنی خەڵاتی جیهانیی شیفا گەردییەوە بە براوەی خەڵاتەکە لە ساڵی 2020 دیاریکرا. رۆژی 22/2/2020 لە رێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتەکەدا، لەلایەن جینین پاسخارت نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق و سەرۆکی UNAMI خەڵاتی شیفا گەردی پێبەخشرا.

## ئەروا دەیمن براوەی خەڵاتی شیفا گەردی 2020:

# لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و رووبەڕوو بەردەوام لەژێر هێرشداین

باوکی ئەروا دەیمن، جۆرج دەیمن خەڵکی ئەمریکایە، دایکی جومانە بەرازی دەیمن، خەڵکی سووریایە و کوردە. باوکی دایکی ناوی موحسین بەرازییە و لە ساڵی 1949 بووەتە سەرۆکوەزیرانی سووریا، بەڵام لە هەمان ساڵدا لە کودەتای سەربازیدا کوژرا. باوکی دایکی هەروەک لە پاشناوەکەیەوە دیارە، لە عەشیرەتی بەرازییە و لەشاری حەما لەدایکبووە. عەشیرەتی بەرازی، عەشیرەتێکی زۆر گەورەیە لە باکوور و رۆژئاوای کوردستان. ئەروا دەیمن خۆیشی باسی ئەوە دەکات کە ئەو لە دایکییەوە رەگێکی کوردە.

ئەروا دەیمن، دوای وەرگرتنی خەڵاتەکە وتارێکی کاریگەری بە زمانی ئینگلیزی لە رێوڕەسمەکەدا پێشکێشکرد، لێرەدا بە کوردی بڵاوی دەکەینەوە:



سڵاو بەڕێزان.. میوانانی ئازیز..

سڵاو لە خێزانی شیفا و هاوڕێ و هاوکارەکانی و هەموو ئەوانەی کە خۆشیاندەویست.

زۆر سوپاستان دەکەم.

ئەم جۆرە بۆنانە هەمیشە هەستی دژبەیەک بە مرۆڤ دەبەخشن، چونکە لەلایەک شەرەفێکی گەورەمان پێدەبەخشن، لەلایەکی دیکە هیوادەخوازین کە لە جیهانێکدا ژیابووین پێویستی بەوجۆرە بۆنانە نەکردبایە. ئەوەش ئەو جیهانە بوو کە شیفا کاری لەپێناودا دەکرد، هەروەها ئەو جیهانەیە کە ئێمەش هەموومان لەپێناویدا کار دەکەین. ئەمڕۆ هاوکاتە لەگەڵ هەشتەمین ساڵیادی گیانلەدەستدانی ئەفسانەیەکی دیکەمان، ئەویش ماری کۆلڤنە کە لە بابا عەمر کوژرا. لەگەڵ کۆچی دوایی هەریەکێکمان، لەگەڵ کوشتنی هەریەکێکمان و لەگەڵ بێدەنگکردنی هەر یەکێکمان، ئێمە بەهێزتر دەبین.

سۆزێکی بەتینمان هەیە کە دەمانگەیێنێتە ئەو ئاستە، سۆزێک کە من دەزانم شیفاش هەیبووە. بڕوایەکی سەرەتاییە کە لەوانەیە ساویلکانەش بێت، بەڵام ئەرکە لەسەر ئێمە کە شایەتی بدەین. سۆزێکی ئەوەندە بەهێزە کە هەندێجار لە هەناوەوەیە و بەڕاستی زەحمەتە بە وشە دەرببڕدرێت. قورسە بۆ ئەوانەی کە گرنگیمان پێدەدەن، بۆ ئەوانەی کە لە خەمی ئێمەدان، بۆ ئەوانەی خۆشیاندەوێین، رەنگە لەوە تێنەگەن ئێمە بۆچی ژیانی خۆمان دەخەینە مەترسییەوە. کەسانێک هەن، وەک ئەمشەو گوێمان لێبوو، هیچ شتێک بۆ کپکردنی دەنگی ئێمە نایانوەستێنێ. نموونەی ئەو کەسانە لە سەرانسەری جیهان هەن، کە وێنەکانی هەندێکیان لەم هۆڵەدان.

هەندێ کەس هەن نایانەوێت ئێمە لێپرسینەوە لەگەڵ دەسەڵاتداران بکەین، نایانەوێت ماسکی درۆکانیان لابدەین و نایانەوێت هەوڵبدەین ئەوانەی کە دوورن بێنینە نێو ژیانی ئەو کەسانەی هەندێجار لە هەموومان بێبەختترن. ئێمە بەردەوامین لەسەر ئەم کارە، چونکە ئێمە خۆمان بەو هیوا و بڕوا سەرەتاییەوە گرێداوە، کە پێماندەڵێن پێویستە لەسەرمان بەردەوامبین لە خەباتکردن بەو هیوایەی رۆژێک لە رۆژان جیاوازییەکی راستەقینە بێنینە کایەوە. جیهانی رۆژنامەڤانی ئەمڕۆ زۆر جیاوازە. لە مەودایەکی زۆر فراوان پێکدێت، نەک تەنیا تەلەڤزیۆن یانیش لە چاپەمەنی، بەڵکو زۆر سەرچاوەی دیکەی هەواڵ هەن، جا چ رۆژنامەڤانانی سەر توویتەرین یان چالاکڤانانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، یاخود ئەوانەی لەنێو گۆڕەپانەکەدان، کە ئەمانە هەموویان هەوڵدەدەن هەواڵ و زانیارییان دەستبکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە بەردەوام لە ژێر هێرشداین، جا چ لەلایەن ئەوانە بێت کە توویتەر بەکاردەهێنن بۆ لێدان لە گرنگیی کارەکانمان، یانیش لەلایەن سەرکردەی بەهێزترەوە کە ئێمە بە درۆزن ناودەبەن.

من ماوەیەکی کەم پێش ئێستا لە ئیدلب هاتمە دەرەوە، ئەزموونێکی زۆر دڵتەزێن بوو. لەوێ منداڵی بێ پێڵاو هەبوون کە بە درێژایی حەوت کاژێر بەنێو سەرما و سۆڵەدا بەپێ لە بەرەکانی شەڕ هەڵاتبوون. هەندێ منداڵی دیکە هەبوون کە دایک و باوکیان بە ئێمەیان گوت ناتوانن یاریەکانیان لەگەڵ خۆیان بەرن لەکاتی هەڵاتندا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم منداڵانە نەدەگریان، گلەییشیان لە هیچ شتێک نەدەکرد. شەڕەکە ئەوانی لە تەمەنەکانیان بەهێزترکردووە.

دروستکردنی ئەو راپۆرتە یەکێک بوو لە سەختترین کارەکانی ئەزموونی من. لەوە دەترسام نەتوانم ئەو شتە بکەم کە لەوێ دەمبینی. لە ماوەی ئەو گەشتەماندا، زۆربەی ئەوانەی کە قسەمان لەگەڵ دەکردن، لە ئێمەیان دەپرسی "بۆچی دەبێ چیرۆکی خۆمان بۆ ئێوە بڵێین؟ ئەوە نۆ ساڵ دەربازبوون، چ جیاوازییەکی هەبووە؟".

جیهان دەزانێ لە سووریا چی دەگوزەرێت. شەڕێکە لە هەموو ئەوانیدیکە باشتر دۆکیۆمێنت کراوە. منیش نەمتوانی پێیان بڵێم ئەگەر چیرۆکی ژیانی خۆیانمان پێبڵێن لەوانەیە ژیانیان بگۆڕێت. نەمتوانی پێیانبڵێم کە رەنگە بۆمبارانەکان بوەستن ئەگەر ئەوان ئازار و مەینەتی خۆیان بە ئێمە بڵێن و رەنگە جیاوازییەک دروستبکات. هەموو ئەوەی کە توانیم پێیانبڵێم، هەموو ئەوەی کە توانیم بیکەم ئەوە بوو هەوڵبدەم بۆیان روونبکەمەوە کە بۆچی کارەکەمان هێشتا گرنگە. تەنانەت ئەگەر ئەو کارەی ئێمە دەیکەین، تەنیا تۆمارکردنی مێژووبێت، چونکە هەروەک ئێوە دەزانن و ئەمشەو گوێتان لێبوو، هەروەک ئەوەی کە شیفاش بڕوای پێی هەبووە و ماریش بڕوای پێدەکرد، تەنیا بە ئامادەبوون لەنێو گۆڕەپانی رووداوەکان سەرباری مەترسییەکان دەتوانین بە راستی و وردبینییەوە مێژوو تۆمار بکەین.

کارەکەی ئێمەش ئەرکێکە بە کۆمەڵ دەکرێت، ئەو ڤیدیۆیانەی کە لێرە بینیتان و زۆربەی ئەو کارەی ئێمە دەیکەین هەر بەو شێوەیەن، ئێمە تیمێکمان لەگەڵە. دیمەنەکانی وێنەگرەکەم بۆشاییەکان پڕدەکەنەوە و ئەو وێنانەتان پێدەدەن کە من ناتوانم لە راپۆرتەکانمدا بە وشە بۆ ئێوەیان باسبکەم.

هەروەها دەمەوێ ساتێک دان بە رۆڵی ئەو رۆژنامەڤانانەدا بنێم کە ئەو خۆشبەختییەی ئێمە هەمانە ئەوان نیانە. ئەو خۆشبەختییەش ئەوەیە کە دوای تەواوکردنی چیرۆکێک بتوانی لە چیرۆکێک دوورکەویەوە و جێیبهێڵیت. چونکە زۆر هەن لە بەرەکانی شەڕدا دەمرن، ئەوانەی کە توندوتیژی و تاوانکاری تەنیا نەبووەتە چیرۆکی رۆژنامەڤانییان، بەڵکو بوونەتە بەشێک لە ژیانی رۆژانەیان. هەر ئەو کەسانەش قارەمانی راستەقینەن، جا چ شۆفێرەکانمان بن، فیکسەرەکانمان بن، پرۆدیوسەرە خۆجێییەکانمان بن، یان وێنەگرەکانمان بن کە بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی راستەوخۆدان.

ئەو رۆژنامەڤانانەی ئێرە، سووریا، یەمەن و جیهان هەوڵدەدەن ئەو راستییانە ئاشکرا بکەن کە دەسەڵاتدارەکان و خاوەن چەکە گەورەکان دەیانەوێ ژێرخاکیان بکەن، ئەوان بەردەوام هەڕەشەیان لێدەکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەردەوام پێداگری دەکەن. مەترسی لەسەر ژیانیان کۆتایی نایێت، وەکو من کاتێک کە رۆژی کارکردن کۆتایی دێت یانیش کاتێک کە ئەرکەکەم تەواو دەبێت.

ئەو رۆژنامەڤانانە ئەوانەن کە چیرۆکەکە ژیانیانە، ئەوانەن کە دەبێ خەڵات بکرێن و دان بە رۆڵیاندا بنرێت، هەموو رۆژێک، لەبەر ئازایی و چاونەترسییان، لەبەرئەوەی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان دەخەنە مەترسییەوە.

من شەرەفی ئەوەم پێ نەبەخشرا کە شیفا رووبەڕوو ببینم. من ئەوم لە رێگەی ئەو چیرۆکانەوە ناسی کە لە هاوکارەکانی و کەسە نزیکەکانییەوە بیستم، ئەو چیرۆکانەی کە ئەمشەو دووبارە بە وردەکاری زیاترەوە گوێمان لێبوونەوە، ئەو چیرۆکانەی باس لە میهرەبانی و سۆزی ئەو دەکەن، ئەو چیرۆکانەی باس لە سرووشتی جوان و خەمخۆریی ئەو دەکەن. وەک ئەمشەو گوێتان لێبوو، بەخشینی ئەم شەرەفە بڕێک پارەشی لەگەڵە وەک خەڵات. هەروەها وەک دەزانن من دەزگایەکی خێرخوازیم دامەزراندووە بەناوی (ئینارە) و پێنج ساڵ لەمەوبەر دەستمپێکرد. ئەو پارەیەش بێگومان بۆ ئەو دەزگا خێرخوازییە دەبێت.

من پێموایە شیفاش ئەم شتەی پێ خۆش دەبوو. هەروەها پێموایە ئەمە شایەتییەکە بۆ هێزی شیفا بۆ گۆڕینی ژیانی خەڵک، نەک تەنیا لەبەرئەوەی کە خەڵاتێک بەناوی ئەوەوە کراوە، لە رێگەیەوە بەردەوام دەبێ لە بەخشینی ئیلهام بە رۆژنامەڤانەکان، بەڵکو لەبەرئەوەش کە هەرچەندە چیدیکە بە جەستە لەگەڵ ئێمەدا نییە، بەڵام دەبێتە مایەی گۆڕینی ژیانی منداڵەکانی سووریا، ئەو منداڵە سوورییانەی کە زامدارن، ئەوانەی دووبارە توانای ئەوەیان دەبێ بگەڕێنەوە قوتابخانە و بە تەندروستییەکی باشترەوە بژین، سەرەڕای ئەو توندوتیژیەی کە بەرۆکی ئەوانی گرتووە.

من لەبەرئەوە دەزگای خێرخوازی ئینارەم دامەزراند، چونکە گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە پێویستە زیاتر کاربکەم لەوەی تەنیا راپۆرت لەسەر جەنگ دروستبکەم. چونکە بینیم پێویستییەک هەبوو، هەروەها چونکە ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە بەداخەوە هێزی رۆژنامەڤانیی تێیدا لاوازکراوە، لەبەرئەوەی ئێمە بەردەوام لە ژێر هێرشداین، جا چ لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێت، یاخود رووبەڕوو هێرشمان بکرێتە سەر و دەنگمان کپکەن.

گواستنەوەی رووداوەکان هەندێجار هەستێکی وای هەیە وەک ئەوەی لەنێو بۆشاییەکی تاریکدا هاوار بکەی. بەڵام سەرەڕای ئەو هەستانە، هەروەها دەشزانم کە زۆر لە ئێمە هەمان هەستمان هەیە، هیچیەک لە ئێمە وازناهێنین. بە یادی شیفا، بە یادی ماری کۆلڤن و بە یادی سەتان ئەو رۆژنامەڤانانەی کە کوژراون، من بەڵێن دەدەم، پەیمان دەدەم، ئێمە واز ناهێنین. چونکە کاتێک هەست بەوە دەکرێت کە رۆژنامەڤانی هیچ جیاوازییەک دروست ناکات، لە شەڕکردن لەپێناو دەرخستنی راستییەکان ناوەستین، لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ناوەستین. دەجەنگین بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی مێژوو لەلایەن دەسەڵاتدارترینەکانەوە نانووسرێتەوە، بەڵکو لەنێو راستییە تاڵەکاندا نووسراوەتەوە.

بەو هیوایەی نەوەکانی داهاتوو دڕندەیی ئەوانە بزانن و پێچەوانەی ئێمە، هەرگیز رێگە نەدەن شتێکی وا رووبدات.